# ڕاوە خەیاڵ

## چەند پەیڤێک
## دەربارەی شیعر و شاعیری

حەمە کەریم عارف

# پێرست

* حەمە کەریم عارف پیاوێك... شێرکۆ بێکەس
١–وتەیەك....مەحەکی شیعر
٢–هەزار توێی شیعری نوێخوازی
٣–مەرگی شیعر
٤–سۆسیۆلۆجیای شیعر کوژی
٥–ڕاوە خەیاڵ
٦–شیعرییەت یەکسانە بە ئەفسانەسازی
٧– شیعر و سیاسەت
٨– شیعراندنی ژیان
٩ – جەلال زەنگابادی وجیلوەی شیعر
١٠ – یەکانگیری شاعیر و پەیڤ
١١– حەمەکەیم عارف ..قەڵەمێکی....
١٢– هەڤپەیڤینێك دەربارەی نووسین‌و وەرگێڕانی دوای ڕاپەڕین
١٣– هەڤپەیڤینێکی ڕەوتەنی
١٤– فەرهەنگۆك
١٥–ژینامە....

# حەمە كەريم عارف

# پياوێك لە بارانی وشەی بەردەوام!

شێركۆ بێكەس

ئەو وەختەی بە عشقەوە ئەنووسيت وئەبيتە هاودەمی زمانی بەخشين وداهێنان.ئەو كاتەی هەموو ژيانت ئەدەيتە دەست قەڵەم وئەبيت بە پەروانەی دەوری وشە وچرای كتێب ورستەيەكی جوان. تۆ ئيتر لەوە دەرئەچی بە تەنها بۆ خۆت بژيت وتۆ ئيتر تەمەنت ئەبێ بە تەمەنی گەڵاوگوڵی خۆشەويستی وژيانت بە ژيانی ميللەتێك وتێكەڵ بە ئاييندە ئەبی ولەگەڵ باراندا ئەباريت ولەگەڵ هەتاودا هەتاو!

حەمەكەريم عارف

پياوێك لە شەونخونی و

لە ڕێژنەی وشەو

خۆشنەكردنەوەی قەڵەم و

پەنجەرەيەك بۆ خەمی كەسك و

گزنگی بەيان.

حەمەكەريم عارف

ژیٚ يەك بۆ خۆشەويستی ئەبەدی

ئەدەب وچاوی مرۆڤايەتی و

گۆرانيی هەميشە پاراوی

گەرووی ژيان!

هەشتا ئەستێرەی كتێب لەو تەمەنەدا

هەشتا جۆگەی روون لەو دارستانەدا.

هەشتا فڕين لەو ئاسمانە زيوينەدا.

هەشتا ماچی منيش لەم نووسينەدا!

ئەمشەو بە تەنها خۆم لەسەر مێزەكەم

ئەم مۆمی ڕێزلێنانەم بۆ ئەو عاشقە داگيرسان!

بە تەنها خۆم وچەند دێڕە شيعرێكی جاويدان.

بە تەنها خۆم وپەپوولەيەكی غەمگين و

چەند كاغەزێكی سپی چاوەڕوان.

بە تەنها خۆم كەوتمە هەڵدانەوەی

لاپەڕەی چاو بەشەونمی ئەو مێرگەو

خوێندنەوەی هەناسەكانی ئەو گۆمەو

گێڕانەوەی حيكايەتی باڵندەيەكی

دەنگ زامدار!

به تەنها خۆم،نە حەمەکەریم خۆی زانی و
نە رۆژنامەیەك ونە گۆڤارێك و
نە شەقامێکی کەرکوك ونە مەقامێکی
عەلی مەردان،تەنها هەر خۆم ومێزەکەم
کەسی تر نا.
کەرکوکییەك
پڕ پڕ لە کوردستان و
لێوانلێو لە جیهان!
کەرکوکییەك
هەموو دنیا دێنێتە ناو ئەم پەیڤەوەو
پەیڤیش ئەبێ بە گوڵی سان.
لە دنیاوە
چەندین دەریاچەی رۆمانی
ڕژانە ناو ئەم ولاّتی زمانەوە.
چەندین نزاری چیرۆکی
هێنایە ناو ئەم رووبەری زمانەوە.
چەندین ئاوێنەی دیرۆکی
بە دەوونماندا هەڵواسی.
کەرکوکییەك
باخی نووسی و
کێڵگەی نووسی و ڕانەوەستا !
کەرکوکییەك..
خۆرەتاوی ناو جیهانی بۆ وەرگێڕاین
مانگە شەوی بۆ وەرگێڕاین
عەشقی گەورەی ئەفراندنی بۆ وەرگێڕاین
ئەلبێر کامۆ.ئەلکساندەر فەدایەف.هیرب میدۆ.قاسمۆف.کازانتزاکیس.چیخۆف.گوینتەر دیشنەر.فنسنت ڤان گۆگ.مالرۆ.شەکسپیر.م.گۆرکی.هۆمیرۆس.چرنیشفسکی.چایکۆفسکی.ئیدگار ئالان پۆ.جاك لەندەن.گۆگۆل.سیرۆس پرهام.بلیخانۆف.کریس کۆچرا.مەهدی حسێن.سابت رەحمان.ئەحمەد مەحموود.سەمەدی بیهرەنگی.عەزیز شەریف.نەجەف قولی پسیان. ئەشرەفی دیهقانی.مەسعود ئەحمەدزادە.گەوهەر مراد.یەڵماز گونای..چەندین وچەندین کەژو دەریاچەو دەشت و رووباری تریش...
لە سی وپێنجساڵیدا هەشتا چراوگی
بە ژوورەکانی ئەم زمانەدا هەڵواسی.
لە سی وپێنجساڵیدا..هەشتا ڕێگای تازەی

لەم نەخشەیەدا کردەوە

هەشتا تۆوی گوڵی شەست پەڕ

هەشتا پەیژە،هەشتا شەبەنگ و

هەشتا تابلۆ

لەم زمانەدا...ئەم گەرووی چریکانە دەگمەنن.

لەم رەنگانەدا..ئەم تۆنی دەنگانە دەگمەنن.

لەم هەورانەدا..ئەم بارینانە دەگمەنن.

لەم دەغلانەدا..ئەم گوڵە گەنمانە دەگمەنن.

من ئەمشەو تەنیا هەر خۆم وچەند شیعرێ

ئەم چرای ڕێزلێنانە لە سەر مێزەکەم دائەگیرسێنم.

بۆ کەرکوکییەك کە سەر ڕێژە لە وشەو

کە لێوانلێوە لە خۆرەتاو..سلاو ئەی بارانە

جوانەکەی زمانی کوردی.سلاو ئەی

کەرکوکی خۆشەویست! سلاو!

سلەیمانی ٢٠٠٩/٧/١٥

ئەدەب وهونەر/ژمارە(٦٤٣)/پێنجشەممە/٢٣/٧/٢٠٠٩

# ١- وتەیەك
# مەحەکی شیعر

هەموومان دەزانین لەبەرەبەیانی پەیدابوونی مێژووەوە بەشەریەت خولیای نەمری کەوتووەتە سەرو ڕێگای جۆراوجۆری بۆ وەدەستهێنانی ئەو کەڵکەڵەیە گرتووەتەبەر. یەکێك لەو هەولأنە شیعر بووە. دیارە بە درێژایی مێژوو خەڵکانێکی زۆر خۆیان لەم بوارەدا جەڕباندووەو کەسانێکی زۆر کەم گەییونەتە ترۆپکی شیعرو عەرشی شیعریان ئاوەدان کردووەتەوە. بۆ نموونە تەنیا یەك( شەکسپیر) یان یەك (حافیز) لەم دنیایەدا هەن. ئەمە خۆی لە خۆیدا بەڵگەی ئەوەیە کە ڕازێك لە شیعردا هەیەو بە هەموو کەس هەڵنایەت، بۆیە شاعیر لە سەرییەتی کار بۆ دۆزینەوەو نیشاندان و شیعراندنی ئەو ڕازە بکات، دەنا شەوو ڕۆژ لافی شاعیری لێبدات، لە هەرزەبێژیْ بەولاوە چیتر نییە و بەگەڵ کاروانی ڕۆشنبیرکوژی دەکەویْ و... شاعیر لەسەرێتی خۆی لە تەجرەبیاتی ڕەمەکی مەردمدا غەرق بکات، بیْ ئەوەی مەسخ ببیْ، شاعیر لەسەرێتی بەزەبری شیعر کار بۆ شۆرەتی نەتەوەیی و جیهانی خۆی بکات بیْ ئەوەی ببیْ بە توفەیلی و مشەخۆری دام و دەزگا جۆراو جۆرەکان و کورسی هەرەبەرزی شیعر واز لێبێنیْ و خۆی لە سوچ و کەلێنی ڕۆژنامانی بازاڕی بخزێنیْ . شاعیر نابیْ سایەنشینی کەس قەبوڵ بکات، چونکە شاعیر داهێنەرەو دەبیْ هەر بەداهێنەری بمێنێتەوە، شاعیر گەر داوای نەنووسینی لێکرا، دەبیْ سورتربیْ لەسەر نووسین، نەگووتەنییەکان بکات بەڕەمزو بە خەڵکی بڵیْ، شاعیر هەمیشە دەبیْ بەدەنگی بەرز بانگەوازی (اناالشعر) بکات و دنیا بکات بە چراخانێك ئەوسەری دیار نەبیْ..بەڵأم ئەمە مانای وانییە هەرشیعارێك بە شیعر بزانریْ، چونکە ئەم جۆرە شیعارانە نە بایەخی هونەرییان دەبیْ و نە کاریگەریی ڕۆشنبیری، ئەگەرچی ڕەنگە لە هەندیْ قۆناغ دا بایەخێکی ڕەوتەنی کۆمەڵأیەتی هەبیْ. هەر شیعارێك بگری، هەوێنی مەرگی خۆی لە ناو خۆیدا هەڵگرتووە.. شیعرییەت و حەساسییەتی شیعری ناسنامەی ڕاستەقینەی هەر شیعرێکی زندوو و نەمرەو هەر شیعرێکی ڕەسەنیش بگری خۆبەخۆ پەیامی مرۆڤایەتی و مرۆڤپەروەری لەخۆ دەگرێت و لەوە دوور دەکەوێتەوە کە ببیْ بە دەهۆڵ وزوڕنای هیچ دەسەڵأت و دۆزێك، و ناچێتە سایەی هیچ تەقسیم بەندییەکی سیاسیانە و دەستکردەوە: شاعیر سایەنشینی کەس قەبوڵ ناکات، چونکە بەخۆی خودان عەرشە، خودانی جوانترین عەرشە، ئەویش عەرشی بیْ هاوتای عەزیمی شیعرە و گەر شاعیر بەهەر عەرشۆکەیەکی دیکەی بگۆڕێتەوە، خوای شیعردەیگریْ..

ح.ع

# ٢- هەزار تویی شیعری نوێخوازی

(١)

شیعر بە گوێرەی سروشتی هونەریانەی خۆی دەبێ هەندێ ئالۆزو تا رادەیەك تەم و مژاوی بێ، بەلام ئالۆزی و تەم و مژاوییەکی ناسك و هونەریانە، هەڵبەتە ئەم ئالۆزییە وێڕای تەبیعەتی هونەریانەی خودی شیعر، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەرەستە زمانەوانییەی کە پێکیدێنێ و بۆ ئەو سەرچاوەی هەستە دەروونییەی کە لێوەی هەڵدەقوڵێت.

بەهەر حاڵ ململانێیەك هەیە لە نێوان روونخوازانی شیعرو ئالۆزخوازانی شیعرداو ئەمە هەر لە کۆنەوە مشت ومڕی لەسەر بووەو تا رۆژگاری ئەمڕۆش بەردەوامە. بەلام پێموایە تای تەرازوو بەلای ئالۆزیدا قورسە، چونکە تەبیعەتی شیعر جۆرێك لە ئالۆزی تێدایە کە لە هونەرییەتی شیعرەکە نایەتە دابڕان، بۆیە زۆر کەس پێیان وایە شیعری چاك ئەوەیە کە برێك ئالۆز بێ و بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نەدات، تا درەنگتر خۆی بەدەستەوە بدات سیحرو ئەفسوونی پتر دەبێت. تا پتر روون و ئاسان بێ زیاتر لە هونەرییەت دەکەوێت و دەبێ بەشتێکی سواوی بازاڕی و بێ تام و لەزەت. دیارە شیعر تا پتر ئاوێتەی دەرونی مرۆڤ بێت و لەگەڵ ناخی مرۆڤدا مامەڵە بکات پتر تەم و مژی دەکەوێتە سەر، ئەمە جگە لە کاریگەری شارەزایی و رۆشنبیریی و خوێنەواری شاعیر، چەند سەرچاوە رۆشنبیرییەکانی شاعیر فرەترو دەوڵەمەندتر بێ، ئالۆزی و قورسی شیعرەکەی زۆرتر دەبێت، هەڵبەتە هیچ شاعیرێکی رەسەنیش نە بەبێ رۆشنبیری هەڵدەکات و نە لە رۆشنبیری دادەبڕێت. رۆشنبیریی بۆ شاعیر زۆر پێویستە، لەلایەکەوە شیعرەکەی پەرداخت دەکات و لەتیف تیفەی دەدات و بەهرەو توانای شیعری دەگەشێنێتەوە، هەست و سۆزی پەرچ دەکات و ئاسۆی خەیاڵی بەرین دەکات، لەلایەکی دیکەوە زەین و هۆشی دەبزوێنێ. جا بەم پێیە رۆشنبیریی دەکاتە گرنگترین میکانیزمی داهێنانی شیعری و ئامرازی ئەفراندن. هەرگیز بەهرە بەتەنیا دادی شاعیر نادات و شیعری رەسەن و جاویدان ناخولقێنێ. کەواتە پەیوەندییەکی سروشتی لە نێوان شیعرو رۆشنبیریدا هەیە. هەمووشمان دەزانین کە ئەمڕۆکە شاعیر لەبەردەم تەقینەوەیەکی ئەبستمولۆژی یەجگار گەورە و هەمەلایەن و ئالۆزدایە، بۆیە ئەم تەقینەوە ئەبستمولۆژییە چڕو دەوڵەمەندە تێکەڵاوی ئەزموونی شاعیری نوێئاوەر دەبێت و لە دەقی شیعردا رەنگدەداتەوە و قووڵی و مەودایەکی دەوڵەمەندی نێوەرۆکی پێدەبەخشێت. هەڵبەتە نێوەرۆکی دەوڵەمەند و ئالۆز، تەکنێکی ئالۆزو بە تەمومژ دەخوازێت. بۆیە لەوەیە لە باری هونەرییەوە گوزارشت لە حەقیقەتی گران و قورس بەدەستەواژەی سووك و بازاڕی، بچێتە خانەی خیانەتەوە.

هەڵبەتە تا سەرچاوە رۆشنبیرییەکانی شاعیر فراوانتر بن، ئەگەری دەقاندەق ئالۆزتر و زیاتر دەبێت و جۆرە ئالۆزی و تەمتومانێك بەدەقی شیعری دەبەخشێت. چونکە دەقاندەق (تناص) دەکاتە تۆڕێکی ئالۆزی کۆمەڵە دەقێکی فرەو هەمە رەنگ کە زانستی و ئەدەبی، کۆن و نوێ، مێژوویی و ئەفسانەیی و خودی و بابەتی یەکدی تێدادەبڕن بە کورتی جولیاکریستیفا گوتەنی دەقاندەق دەکاتە ( هەڵمژین و گۆڕینی کۆمەڵە دەقێکی دی ).

لایەنێکی دیکەی ئالۆزاندنی شیعر، بیرە، پێموا نییە کەس بتوانێت شیعر لە مەودوا رەهەندی فیکری دابماڵێت و رووتی بکاتەوەو دای ببڕێت. راستە فیکر لە شیعردا دەبێ پتر بڵاچەیەك بێ و لە ئاسمانی شیعرەوە چەخماخە بدات،نەك فکرێك یان تیۆرییەك بێ و بگێڕدرێتەوە بەتۆبزی بەسەر وەرگردا

بسەپێنرێت، چونکە لەو کاتەدا شیعر لە شیعرییەت دەکەوێت و دەبێتە نەزم و ڕێکخستن. بەڵام ئەمەش ناکاتە تۆرانی شیعرو فیکر لێکدی چونکە شاعیر بیر دەکاتەوە، بەڵام بیرکردنەوەیەکی شیعری . بەزەبری خەون و خەیاڵ و تەکنیکی تایبەتی بیرەکانی دەگۆڕێت بۆ شیعر. هەڵبەتە بیرکردنەوەکەش وەکو بیرکردنەوەی (هزرڤانێك) نییە کە پشت بە پێشەکی و ئەنجام و پەیوەندییە لۆژیکییەکانی بیرەکانی ببەستێت. ئەم جۆرە بیرکردنەوە لۆژیکیە دادی شیعر نادات و نابێت بەشیعر، هەر بۆیە مالارمییە بۆ دیگای نیگارکێش دەنووسێت:( عەزیزم دیگا، ئێمە شیعر لە هزرو بیر دروست ناکەین، بەڵکو لە وشە دروستی دەکەین ).

لێ وەکو ئاماژەمان کردێ شیعر هەرگیز نایەتە دابڕان لە بیروفیکر، بیری شاعیریش ڕەگی لەژینگە و سەردەمی خۆیدایە، ئەگەر ژینگەو سەردەمەکە سادەو ساکار بێ ئەوا ڕەنگدانەوە شیعرییەکە سادە و ساکار دەبێت، خۆ ئەگەر ژینگە و سەردەمەکە ئالۆزبێ، تەژی نیگەرانی فیکری بێ و یەکپارچە ناسەقامگیری دەرونی و ڕۆحی بێ ئەوا ڕەنگدانەوە شیعرییەکە ئالۆزو تەمومژاوی و قورس دەبێت، وەکو ئەمە بە ئاشکرا لە لای ئیلیەت دیارە. کەواتە شیعری گەورە، شیعری سەردەمە ئالۆزەکان وەکو سەمفۆنیایەکە پتر لەیەك دەنگ، زیاتر لەیەك ئاراستە، فرەتر لەیەك کەڵکەڵەی تێدایە، هەموو جۆگەلەکان دێن و بەزەبری هۆشێکی بلیمەتانە یەکانگیر دەبن، واتە هەموو جۆگەلەکان دێن و یەك باخ ئاو دەدەن، ئەوەیش باخی شیعرە کەواتە پەیوەندی نێوان فیکر، فەلسەفە وشیعر پەیوەندییەکی خۆڕسکەو شیعر سەرۆ و ئیلهام لە سەرچاوە و هاماجەکانی فەلسەفە وەردەگرێت و هەرگیز تەکنیك و ئامرازەکانی وەرناگرێت گۆتە لە شرۆڤەی پەیوەندی و سنوری پەیوەندی نێوان شیعرو فەلسەفەدا دەڵێت:( شاعیر پێویستی بە هەموو فەلسەفەیە، بەڵام دەبێ لە کارەکەیدا خۆی لێ ببوێرێ. ) کە واتە شاعیر پێویستی بە هەماج و ئاسۆ و جیهانبینی ڕامانانەی فەلسەفەیە نەك میتۆدە بۆرهانییە وشکەکەی و میکانیزمە لۆژیکییەکەی کە فیکران ڕێك دەخات و هۆیەکانی دەپشکنێ و موناقەشەی دەکات. چونکە ئەم کارە دەگەڵ تەبیعەتی شیعرو تانوپۆی شیعردا ڕێك ناکەوێت و شاعیر نابێت بە خاوەنی ئەزموونی شیعری خۆی، دیارە مەبەست لە ئەزموون ئەوەیە کە (زات وخودی) شاعیر تێ دەپەڕێنێ بۆ هەموو سەدەمەکەی . ئەمڕۆ کە جیاوازی شاعیری گەورە و بچووك ئەوەیە کە بچووك کاتێ گوزارشت دەکات تەنیا گوزارشت لە خۆی دەکات، بەڵام گەورە کە گوزارشت دەکات، ئەوا گوزارشت لە هەموو سەردەمەکەی دەکات، واتە گوزارشت لە جەوهەرو کرۆکی شارستانی سەردەمەکەی خۆی دەکات. هەڵبەتە شیعر لە پاڵ ئەوەی هەڵچوون و ئاوێتەبوون و جۆش وخرۆش و سۆز و هەستە، جورێك لە فەلسەفەشە. بۆ وێنە شاعیرانی وەکو دانتی و شەکسپیر و گۆتە. لە میانەی سۆزو هەڵچوون و گودازی خۆیانەوە گوزارشتیان لە جیهان کردووە. واتە ڕای تایبەتیان لەمەڕ جیهان هەبووە، هەڵوێستیان دەربارەی هەبووە. واتە فەلسەفەیەکیان هەبووە. هەڵبەتە مەبەست لە فەلسەفە میتۆدی زانستی و سەلماندن و پێوەرو میکانیزمی لۆژێکی نییە.

بەڵکو ( ڕاو هەڵوێستە لەمەڕ جیهان )، فەلسەفە (زانست) جیهان لە ( سیستەمێکی پەیوەندێن لۆژێکی و ئەقڵیدا دەخاتە ڕوو و پیشاندەدات، بەڵام شیعر ( ڕاو هەڵوێست ) لە سەر سینیەك لە خەون و خەیاڵ و مەزەندەی پرشنگدار پێشکەش دەکات، جا لێرەدایە کە پەیوەندی لە نێوان فەلسەفە و هەر شیعرێکی گەورەدا دروست دەبێت هەر بۆیەش توانەوەی هزرو فەلسەفە لە شیعردا جۆرێك لە ئالۆزی و تەم و مژ بەشیعر دەبەخشێت. شیعر خۆی بە مەملەکەتی میتافیزیکادا دەکات و ئاستە دەرەکییەکانی گەردون و شتان دەبەزێنێ و کار بۆ کەشفکردنی حەقیقەتە پەنهانەکانی بنی بنەوە دەکات وراوی چپیەکانی گەردوون

دەکات و بە زمانێکی هەرە تازە و زیتەڵ و بزۆزو زیندووی دەبەخشێت وئیدی هەر پرسیاری شیعرییە و لە مەڕ ناسنامەی مرۆڤ و جەوهەری مرۆڤ، دەربارەی گەردوون و رازەکانی، سەبارەت بە حەقیقەتە نەبینراوەکان، دێتە گۆڕێ.

بەم پێیە شیعری میتافیزیکی (تازە) گەڕانە بەدووی نادیارو پەنهاناندا، یان ئەم گەڕان و تاقیبە یەکێکە لە کەڵکەڵەکانی شیعری میتافیزیکی، دیارە ئەمە رەگێکی دەچێتەوە سەر سۆفییەت، چونکە تایبەتمەندی هەرە دیاری تەسەووف گەڕانە بە دوای شتە بەنهانەکانی ئەو دیوی هەست پێکراوەکان، پاشان ئەم خەسڵەتە بوو بە خەسڵەتێکی هەرە دیاری ئەدەبی سۆفیگەری ( گەڕان بە دووی حەقیقەت و چوونە ناو قوڵایی شتەکان و کەشفکردنی میتافیزیقا ). جا سۆفیگەری دەکاتە حاڵەتێکی رۆحی لە نێوان بەندە و خوادا، ئەم ئەزموونە لە لۆجیکی ئەقڵ و یاساکانی بەدەرە. حاڵەتێکە لە حاڵەتەکانی بوونێکی باتینی، رەمزو هێمای تایبەتی خۆی هەیە، غوربەتێکی روحی و دەرچوونە لە جیهانی مرۆڤانی ). کەواتە لەو پێودانگەوە کە شیعری تازە مامەڵە لەگەڵ نادیاردا دەکات، شەقڵێکی سۆفیانە وەردەگرێت و لایەنێکی تری ئاڵۆزی و تەم و مژی زیاد دەکا. واتە جۆرە کەونیەتێکی هاوبەش دەکەوێتە نێوان شیعر و تەسەوف کە شاعیر دێت بە شێوەیەکی راستگۆیانەی قووڵ خولیا و کەڵکەڵەی خۆی بە شیعر دەسپێرێت، وا هەست دەکات گوزارشت ( لەوی دی )ش دەکات . هەڵبەتە یەجگار ئەستەمە خولیا و کەڵکەڵەی قووڵ و راستگۆیانە بەشێوەو قاڵب رازی بێ، بەڵکو پتر جیوەییە و لە قاڵبێکدا ئارام ناگرێت.

ئەمەش بە ئاشکرا لە پەخشانە شیعردا دیارە، خۆی لە شێوەو قاڵب رزگار کرد، تا زمانێکی زیتەڵی بزۆز پەیدا بکات کە لەگەڵ نێوەرۆکە تازەکاندا بگونجێت و پڕ بە پڕی ئەزموونی کەشفکاری بێ. جا لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە زمانی وەسف وهەواڵ، شتێکی ئاشکرا دەخاتە روو، بۆیە مەفهومەو (وەرگر)ماندوو ناکات. بەڵام زمانی کەشف ئاوسە بەپرسیارو نەك هەر لەلای وەرگر غەریبە، لە خۆیشی غەریبە، زمانی کەشف واقیع هەڵدەکۆڵێت تا کەشفی بکات و پەیوەندییەکانی تێ بگات و روو لەو دیوی واقیع دەکات تا بوون بەرجەستە بکات. هەڵبەتە ئەم حاڵەتە لە لای سۆفییەکان هەبوو . پێی دەگوترا (شگح) جا شەتەح ( ئەو ساتەیە کە هۆش تیای دەوەستێ و هەنگێ سۆڤ بیردەکاتەوە و دەنووسێت، حاڵەتێکی وەهایە هەرچی سانسۆری هۆش و هوشیارییە (وعی) دەوەستێ ).

بێگومان ئەفسانەش (اسگورە) سەرچاوە و مەودایەکی دیکەی ئاڵۆزاندنی شیعرە، مەبەست لە ئەفسانەش ( ئەو شێوە و فۆرمە رەمزییەیە کە رۆشنبیر بە هۆیەوە گوزارشت لەو شتانە دەکات کە بەلایەوە حەقیقەتی ئەنتولوژی و کەونییە ).

ئەفسانەش شتێك بووە گەلان هەناسەیان لێوەداوە، ئیدی بەشێك لەو هەناسەدانە رۆحی بووە، بەشێکی قارەمانێتی، بەشێکی مێژوویی، و بەشێکی هونەری بووە . جا ئەمڕۆکەش ئەفسانە لە پرۆسەی خۆتازە کردنەوەداو لە قاڵبی جیاوازدا، گەڕاوەتەوەو بووە بە سەرچاوەیەکی هەرە دەوڵەمەند بۆ ئەدەب بە هەردوو لایەنی ئەدەب و شیعرەوە. بەڵام لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەفسانە و شیعر پەیوەندییەکی یەجگار توندیان لە نێواندایە و بێ یەکدی هەڵناکەن و دوو رووی یەك پارچەدراون . بەم پێیە بەکارهێنانی ئەفسانە لە شیعردا گەڕانەوەیەکی ئاساییە بۆ یەکێك لە سەرچاوە دێرینەکانی هەڵبەتە ئامرازی پێکهاتەی هەردووکیان، ئەفسانە و شیعر، خەیاڵە، جا ئەم بەکارهێنانە هاوبەشەی خەیاڵ، زمانێکی هاوبەشی لە نێواندا دروست کردوە، ئەویش زمانێکی باڵادری هێمایی و دوور لە شەرح و شرۆڤە و رووتکردنەوەیە. بۆیە ئەگەر زمانی قەسیدەی نوێخوازی (حداپوی) بە سروشتی خۆی ئیحایی و هێمایی بێ، ئەوا ئەفسانە بایەخی

هونەری ئەم ئیحاییەتە بەوە دەوڵەمەند دەکات کە رەمزە ئەفسانەییەکان بەسەر واقیعدا دادەبڕیّ، یان واقیع و خودی واقیع لەم رەمزانە هەڵدەکێشێت.

بەم پێیە دەکرێت بگوترێت کە ئەفسانە وەکو مەوداو سەرچاوەیەکی ئەبستمولوژی و رۆشنبیریی هۆیەکە لە هۆیەکانی ئاڵۆزاندنی شیعری نویّ . بەلای محمود امین العالم –ەوە زۆربەی سەرچاوەکانی شیعری نویّ سەرچاوەی رۆشنبیرین، خوێندنەوە و ئەبستمولوژین تا ئەزموونە مرۆڤانییە زندووەکان بن، واتە شیعری نویّ رۆشنبیریی کردووە بەسەرچاوەو زیاتری لێو وەردەگرێت و هەڵدەهێنجێت تا لە سەرچاوەی ئەزموونی زندووی مرۆڤانییەوە وەربگرێت. بۆیە شەقڵی رۆشنبیری رووت لە تان و پۆ و فۆرم و دەلالەتەکانی شیعری نویّ دا زاڵە. بەم پێیە مەودا ئەبستمولوژیە رۆشنبیریەکان فاکتەرێکن لە فاکتەرەکانی ئاڵۆزاندنی دەلالی شیعری نویّ. ئەمەش بەواتای تۆمەتبارکردنی رۆشنبیریی و لە قەفەزنانی نییە، بەڵکو تەنیا ئاماژەیە بۆ ئەو حەقیقەتە کە فاکتەرێکە لە فاکتەرەکانی ئاڵۆزاندنی شیعر.

(٢)

شیعر ئەمڕۆکە لەوە دەرچووە رێژنە هەستێکی خۆبەخۆبیّ و بە داوی جوانترین وشەدا بێتە خواریّ و لە بارترین رستە بکات بە نیشتمان و ئاوەدانی بکاتەوە و سەروەری شیعری پیّ ببەخشێت. شیعری ئەمڕۆکە ئەوە دەڵێت کە ناگوترێت. ئەمەش بە کەرەستەی ئاسایی ئەنجام نادرێت و هەر بۆیەش شیعری نویّ سوود لە سەرچاوەی زۆر وەردەگرێت و ئەو سەرچاوانە هەم شیعرەکە پێك دەهێنیّ و هەم رەنگی تێدا دەدەنەوە. بۆیە شیعری نویّ کودەتایە، تەنانەت کودەتایە لە خودی خۆیشی. واتە کودەتایەکی هونەرییە لە خودی خۆی، لە خودی خۆیشی رازی نییە. لە زاوزێی بەردەوامدایە، روخاندنی بەردەوامە، رەفزکردنی بەردەوامە، تەجاوزکردنی بەردەوامی تەنانەت خودی خۆیشێتی، کەواتە ئەرکی شیعری نویّ تەجاوز کردن و تێپەڕاندنی زانراو و باوەکانە. فلوبێر لەم بارەیەوە دەڵێت:( تەنیا ئەوەم دەوێت کە کتێبێکی جوان لەمەڕ هیچ بنووسم و تەنیا پەیوەندی بە خودی خۆی و لەگەڵ خودی خۆیدا هەبیّ نەك لەگەڵ دنیاێن دەرەکیدا ).

هەر لەم پێودانگەوەیە کە کاتیّ قەسیدەی نویّ مامەڵە لەگەڵ واقیعدا، واقیعی مەتریالی یان بەشەریدا دەکات. نایەت وەسفی بکات یان رونی بکاتەوە و شرۆڤەی بکات یان وەکو چۆنمان دیتوە و پێی راهاتووین واهی بۆمانی نەقلّ بکات، یان وەکو پێشبینی دەکەین واهی بۆمانی بگوازێتەوە بەڵکو بە جۆریّ مامەڵەی لەتەکدا دەکات کە لە باوی بخات و نامۆی بکات، واقیع لە قەسیدەی نوێدا لە مەنتیقیەیەت و ریتمە باوەکەی خۆی دەکەویّ و دەبیّ بە واقعێکی تەژی ناکۆکی و ناتەبایی و دوورە پەرێزی و شێواوی و بەدەر لە پەیوەندییان.

هەڵبەتە دەبیّ ئەوەش بگوتریّ کە رۆمانسییەتیش پەیوەندییەکی رێژەیی بە ئاڵۆزییەوە هەبووە، ئەم ئاڵۆزییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم رۆژەی کە رۆمانسییەت لە یاساکانی کلاسیزم، کە بایەخدانە بە کۆن و لاسایی کردنەوەی، بە ئەقلّ و رێکخستنی دەستەواژەکانی، بە شێوازو مشت و ماڵدانی شێواز.

دیارە فاکتەرێکی دیکەی ئاڵۆزاندنی شیعری نویّ دوور کەوتنەوەیە لە هەر روونکردنەوەو شرۆڤەو گوتنێکی راستەوخۆ، چونکە ئەمە شیعر رووت دەکاتەوەو لە شیعرییەتی دەخات. چونکە شیعر لە بنەڕەتدا داهێنانێکی ئەستاتیکییە لە کەش و هەوایەکی تەژی خەوندا. واتە ئاڵۆزی رەگەزێکی سەرەکی شیعرە وەکو چۆن رەگەزی یەکەمی مۆسیقاشە، هەڵبەتە رەمزییەکان بە حوکمی کاریگەری سەرەتا شیعرییەکانی ئەدگار ئالن پو بایەخیان بەو لایەنی ئاڵۆزی و ئاڵۆزاندنە داوە. بەلای رەمزییەکانەوە ناونان و ناوهێنانی هەر شتێك لەزەتەکەی دەبات و نای هێڵیّ.

بۆیە پەنایان وەبەر رەمز بردووەو تەنیا ئاماژەیان بۆ کردووە ، تا لەزەتەکەی نەرِوات و دەوڵەمەندی و فرە دەلالەتی رەمز بێتەدی. دیارە ئاماژە کردن و رەمز بۆ شت لەبری ناوهێنان و دیاریکردنی راستەوخۆی، جۆرە ئاڵۆزییەکی بەگەڵ دەکەوێت و ئەم حاڵەتەش بە رِادەیەك لە سۆفیزم نزیك دەبێتەوەو ئاوێتەی دەبێت کە خەڵقانێك بتوانن بڵێن کە شاعیری سەمبولیست، بە تایبەتی گەر شاعیرێکی گەورە بێ، سۆفییەکی گەورەیە.

(٣)

لە سوریالیەتدا شێوازە نووسینێك هەیە پێی دەگوترێت ( الكتابە الالیە ) دیارە ئەمە لای سۆفییەکانیش هەیەو پێی دەگوترێت (شگح): شەتەح ئەو ساتەیە کە هۆش و هۆشمەندی تێدا دەوەستێ، سۆفی رێك لەو ساتی وەستانی هۆشەدا رادەمێنێ. بیردەکاتەوەو دەنووسێت. ئەمەش حاڵەتێکە هیچ سانسۆرێکی هۆش و هوشیاری نامێنێ . دیارە ئەم رۆچوون و قوڵبوونەوەیە بەناخدا، رەگی دەچێتەوە سەر سایکۆلۆژیاو دەستکەوتە سایکۆلۆژییەکان کە ئەمەش بۆ خۆی لە ئاڵۆزی بەدەرنییەو بەدەر نابێت. بۆیە خوێنەر (وەرگر) دەبێ ئەوە بزانێ کە ئەگەر رِستەیەك هارِوژاندی و هاتە رێی، بۆ ئەوە نییە ببێ بە کۆسپی سەر رێگەی، بەڵکو نیشانەیەکەو رێنوێنی دەکات و بەگەڵ رەوتی دەقەکەی دەخات. دیارە پەرەسەندنی ژیان و ژیارو پێشکەوتنی تەکنولۆژیا ، واتە ژینگەو کۆمەڵگەی ئاڵۆز، شیعر لە روونی و شەفافیەت دادەبرِێت، شیعری زادەی ئەو جۆرە ژینگەیەو کەش و هەواو جوگرافیایە ئاڵۆزو بە تەمومژ دەبێت ، ئەمە جگە لەوەی شیعر بە تەبیعەتی خۆی کە مامەڵە لەگەڵ نادیاراندا دەکات، جۆرە ئاڵۆزییەك لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت ، واتە گەیشتن بە نادیار، بە نەناسراو، بەوەی کە تازەیە، گەیشتن بە دیتنی ئەوەی نادیترێت و بیستنی ئەوەی نابیسترێ، ئەمە خۆی لە خۆیدا غوربەتاندنی دەلالەتی لێدەکەوێتەوە . بۆیە شاعیران بە خۆیشیان رێك نین لەسەر نوێخوازی، هەندێك پێیان وایە نوێخوازی شیعر لە دەربرِیندایە، واتە لە چۆنیەتی گوتندایە، نەك لە خودی گوتن، واتە هونەریەتی قەسیدەیەك لە بونیادی قەسیدەکەدایە نەك لە ئەرکەکەیدا. هەندێك دەڵێن نوێخوازی لە جەوهەرو کرۆکدا داهێنانی فۆرمی شیعرییە لە ناو جەرگەی نێوەرِۆکەکانی ئێستادا نەك شێوەو جلکی رابردووی لەبەر بکرێت. بەم پێیە هەر ناوەرِۆکێکی تازە بگریت شێوازێکی تازە دەخوازێت. هەندێکی دیکە دەڵێن هەر داهێنانێك بگریت رەخنەیە لەو رابردووەی جێمان هێشتووەو لەو ئێستایەی دەیگۆرِین و بونیاتی دەنەین ، واتە هەر داهێنانێك بە تەبیعەتی خۆی بەزاندن و گۆرِینە. سەیابی شاعیری عێراقی دەربارەی شیعری ئازاد، کە یەکێکە لەسەرچاوەکانی شیعری نوێخوازی، دەڵێت: ( شیعری ئازاد لەوە زیاترە کە بریتی بێ لە جیاوازی تەفعیلەو وێکچوونەکانی نێوان بەیتێك و بەیتێکی دیکە. شیعری ئازاد بونیادێکی هونەری تازەیە، رەوت و رێچکەیەکی هونەری واقیعی تازەیە، هاتووە تا شل و شاوی ئەدەبی رۆمانتیکی و ئەدەبی بورجە عاجیبەکان راماڵێ و وشك و برینگی کلاسیکیەت بسرِێتەوە، هەروەها هاتووە شیعری خیتابی، کە سیاسەتوان و کۆمەڵبازەکان لەسەر ئەوە راهاتوون پێی بنووسن، پایە مال بکات..) بەم پێیە لەگەڵ پتر ئاڵۆزبوونی ژیان و ژیارو تەکنۆلۆژیادا، شیعری نوێخوازیش ئاڵۆزو ئاڵۆزتر دەبێت، تا ئەو ئەندازەیەی شیعر جگە لە خۆی و لە شیعریەتی خۆی چ مەبەست و ئامانجێکی دیکەی نەبێ. واتە شیعری نوێ لە دەرێی خۆیدا چ ئەرکێکی نابێ، لە هەموو ئەرکێکی کۆمەڵایەتی دوور دەخرێتەوە، جا لەم حاڵەتەدا شیعر خۆبەخۆ ئاڵۆز دەبێ و منەتی بە جەماوەرییەت نامێنێ و کەمو زۆر خاتری جەماوەر ناگرێت.

(٤)

نوێخوازی بەر لەوەی شێوەیەکی هونەری بێ، خەونە. هەر بەم خەونەش قەسیدەی نوێخوازی گەشتی خۆی لە زاکیرەوە (رابردوو) بۆ ئایندە، بەڵکو بۆ ئەو دیو ئێستاو رابردوو دەست پێدەکات. کەواتە ئەرکی شیعر دەکاتە کەشفکردنی جیهانێك هەمیشە هەر پێویستی بە کەشفکردنە، رامبۆ گوتەنی شیعر دەکاتە دیتنی ئەو شتەی نادیترێ و بیستنی ئەو شتەی نابیسترێت، بە کورتی دەکاتە گەیشتن بە نادیار. ئیدی پەیامی شاعیر زیاتر دەبێ بە کەشف تا بڵاوکردنەوە.

هەڵبەتە لێرەدا دەبێ ئاماژەیەك بۆ چەمکی خەون (رویا)و جیهانبینی (رویە) بکرێت و تێکەڵ نەکرێن، رویا ئەوەیە لە خەوندا دەدیترێت، یان پەنگ خواردنەوەی خەیاڵە و لە خەودا دەتەقێتەوە، هەروەها زندەخەونیش هەیە. بەڵام (رویە) ئەوەیە کە چاو دەیبینێ و ئەقڵی باتین کاری تێدا دەکات. کەواتە رویا تایبەتە بە خەوەوەو بەو شتانەوە کە لە خەودا روو دەدەن، بەڵام (رویە) تایبەتە بە بێدارییەوە. (رویا) پەیوەستە بە خەیاڵ، یان بەرجەستەبوونی ئەو وێنایانەی لە خەیاڵەوە بۆ هەستی هاوبەش دادەڕژێت. (رۆیە) پەیوەندی بە چاوەوە، بە دیتنەوە هەیە.

جارێکی دی دەگەڕێینەوە سەر خەون و شیعرو دووبارەی دەکەینەوە کە خەون یەکێکە لە کەرەستە هەرە گرینگەکانی شاعیر لە پرۆسەی کەشف و کەشفکاریدا. دیارە نابێ ئەوەش لەبیر بکرێت کە خەون پەیوەستە بە ئەزموونی باتینییەوە. ئەزموونی باتینیش بە تەبیعەتی خۆی ئاڵۆزو وڕینەئاسایە، کە خەون سەرچاوەیەکی شیعری نوێخوازی بێ، ئاساییە کە شیعریش ئاڵۆزو تەمومژاوی بێ و تا رادەیەك غەیبانی بێ، چونکە خەون جۆرە یەکبوونێکە لەگەڵ غەیبدا.

جەڕباندنیش (تجریب) سەرچاوەیەکی دیکەی شیعری نوێخوازی پێکدێنێ و تا رادەیەکی باشیش دەیئاڵۆزێنێ، چونکە جەڕباندن و تەجریب رەفزی قاڵب و نموونە دەکات و هەناسەی ژیان بەبەر دەقی نوێخوازیدا دەکات، واتە ئەگەر دەق لە خۆ جەڕباندنی بەردەوامدا نەبێ دەمرێت. قەسیدەی پەخشان بوارێکی جەڕباندنە، بۆیە قەسیدەی پەخشان لە روویەکییەوە دەکاتە بەکارهێنانی پەخشان و پەرەپێدانی پەخشان بە ئاراستەی شیعردا، واتە دەکاتە شیعراندنی مەودا شیعرییەکانی پەخشان لە دەرێی کێش و قافیەدا. قەسیدەی پەخشان دیمەنێکی لە دیمەنەکانی نوێخوازی هەڵگرتووە کە بەزاندنە، دەست بەرداربوونی کێش و ریتمی دەرەکییەو دەکرێ ئەمە بە یەکەم هەنگاوی بەزاندن لە کاروانی هەزاران میلی قەسیدەی پەخشان لە قەڵەم بدرێت.

(٥)

لەگەڵ بزاڤی نوێخوازی شیعردا، ئیدی شیعر بوو بە دەنگی شاعیر، واتە بوو بە دەنگێکی ناوەوە، نەك دەنگێك لە دەرێڕا تیرەو تایفە یان سوڵتان یان بۆنە نەتەوەییەکان یان کۆمەڵایەتییەکان بیسەپێنن. کەواتە ئامانجی شیعر وەکو مەیدانێکی نووسینی نوێخوازی لە بەردەوامکردنی پەیوەندییەوە، لە درێژەپێدانەوە گۆڕا بۆ کەشفکردنی خودو تیشك خستنەسەری . بەڵام ئەم پرۆسەی کەشف و کەشفکارییە، ئەم تیشك خستنەسەرە، ناوەڕۆك لە دەقدا دەشارێتەوە، واتە دەق لە ناوەڕۆك بەدەر دەبێت، دەق لە ناوەڕۆك رووت دەبێتەوە، مەگەر تەئویل و تەفسیران ناوەڕۆکی پێ ببەخشێت.

وادیارە غیابی بابەت، یەکێکە لەو رێگە هونەرییانەی کە شیعری نوێخوازی دەیگرێتەبەر. واتە شیعر بابەتی نییە، بەڵکو بۆ خۆی ئەزموون و نەست و خەونێکە واقیع دەبەزێنێ و لە سەرووی واقیعەوە خۆی دەجەڕبێنێ، کەواتە لەم حاڵەتەدا کارێگەری گشتی شیعر گرینگە، واتە شیعرێك چەند کار لە وەرگر دەکات،

بەم پێیەش وشەو زمان ناتوانێ حەقیقەتی شتەکانمان بۆ بگوازێتەوە، بەڵکو دەبێ بە رەمزو هێما بۆ ئەو شتانە. واتە زمان چەمك و مانای دیاریکراو نەقڵ ناکات بەڵکو دەبێ بە بوونەوەرێکی سروش بەخش، واتە شیعر ریتمی شتەکان، جا دەرەکی بێ یان ناوەکی، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی نەقڵ دەکات. دیارە ئەم حاڵەتە شیعر بەرەو تەجرید دەبات، بەرەو خۆ رزگارکردن لە هەر ئاراستەیەکی مەرجەعی، واتە شیعر زیاتر لە ئەزموونی رۆشنبیری و کەلتووری رووت بار دەکرێت تا لە ئەزموونی زیندووی مرۆڤانی، بۆیە ( شیعری بێدەنگ ) ئەو شیعرەی هیچ ناڵێت، ( بەلای کەمەوە شتێکی دیاریکراو ناڵێت ) دێتە ئاراوە. جا هەر لەم پێودانگەوە خوێندنەوەی شیعر قورس و قورستر دەبێت.

هەر خوێندنەوەیەك، هەڵوەشاندنەوەی خوێندنەوەیەکی دیکە دەبێت. بەڵام ئەمە بە مانای سڕینەوەو فەوتاندنی خوێندنەوەکە، یان خوێندنەوەکانی دیکە نییە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە دەرهاویشتەکانی نوێخوازی، چونکە وەك زانیمان نویخوازی (حداپە) لە نەوەستانی بەردەوامدایە، لە رەفزکردنی سەقامگیری نموونەو دەسەڵاتی نموونەدایە، نوێخوازی هەڤرك و ناحەزو نەیاری هەر دەسەڵاتێکە. جا شاعیری نوێخواز لە سایەی هەلومەرجی سەرکوتکاریدا ناتوانێ ئەم رەفزو رەفزکارییەی خۆی بە ئاشکرا دەرببڕێت، دژایەتی خۆی بۆ دەسەڵات بە راشکاوی بنوێنێ. بۆیە کە دەیەوێت هەڵوێستێك دژ بە بیروبۆچوونی دەسەڵات دەرببڕێت، یان راو بۆچوونێك دەرببڕێ کە ئەقڵیەت و بیرکردنەوەی دەسەڵات پێی هەرس نەکرێت، خۆی لەبن حەوت توێکڵان دەشارێتەوەو راوبۆچوونی خۆی بە نووسینێك دەسپێرێت کەوا دێتە بەر دیدەی وەرگر گوایە هیچ ناڵێت. کەواتە ترس ، ترس لە دەسەڵات، هەر دەسەڵاتێك بێ، کۆمەڵایەتی یان ئاینی یان سیاسی بێ، جۆرێك لە تەمومژو هێماو هێماکاری لە نووسیندا دەخوڵقێنێ. جا هەر لە سۆنگەی ئەم ترسەوە ئاڵۆزی و تەمومژ بوو بە پیشەی سەرکوتکراوان و لە رێگەی ئەم ئاڵۆزییەوە بیری شاعیر، هەستی شاعیر، ئەزموونێن شاعیر دزە دەکات و بەرجەستە دەبێت. بەڵام بەردەوامی لەسەر ئەم پرۆسەی ئاڵۆزی و ئاڵۆزکارییە دەبێتە مایەی ئەوەی کە داڕشتنی شیعری لە مانا و ناوەڕۆك زیاتر بئاڵۆزێ و ئاڵۆزتر ببێ.

بە هەر حاڵ لە دنیای نوێخوازی و میتانوێخوازیدا، نووسەر نابێ دەقێکی داخراوی ئاوس بە حوکمی بنجبڕی ئاوەدان بە دوا ئەنجامی بە زۆری رۆنراو لەسەر وەهم و خەیاڵی گەورەی کە نووسەر یەقینی بەدەستەو حەقیقەتی موتڵەق دەزانێ! پێشکەش بکات، بەڵکو دەبێ دەقێکی کراوە پێشکەش بکات، واتە دەبێ نووسینێکی تا رادەیەك ئاڵۆزو تەمومژاوی بگرێتە خۆی، تاکو خوێنەر بتوانێ چالاکانە لە میانەی پرۆسەی تەئویلەوە بەشداری لە نووسینی دەقەکەدا بکات. هەر بۆیەش بزاڤی میتانوێخوازی مەرگی نووسەری راگەیاند، واتە نەمانی دەسەڵاتی فیکری نووسەری راگەیاند.

هەڵبەتە غیابی نووسەرو نەمانی دەسەڵاتی فیکری نووسەر، نەمانی سنووررداری و تاك لایەنی دەلالەتی دەگەیەنێ لەبەردەم دەوڵەمەندی و فرە لایەنی دەلالەتاندا. جا لێرەوە فرە لایەنی خوێندنەوەش چێدەبێت، هەر خوێندنەوەیەك، خوێندنەوەیەکی دی هەڵدەوەشێنێتەوە، بەڵام هەڵوەشاندنەوە بە مانای سڕینەوەو نەهێشتن نا، بەڵکو بەو مانایەی جۆرێکە لە کەڵەکە بوونی خوێندنەوەو دەق دەوڵەمەند دەکات و ئاسۆی زیاتری دەلالی لە بەردەمدا دەکاتەوە، تا کار دەگاتە دەقاندەق (تناص) لە خوێندنەوەدا وەکو چۆن دەقاندەق لە خودی ئەفراندنەکەدا هەیە.

بە هەرحاڵ ئاڵۆزی رەگی لە شیعردایە، لە خوێنی شیعردایە، لەگەڵ شیعرداو لەناو شیعردا دەژی، هەر شیعرێك ئاڵۆز نەبێ، خیانەتی لە تەبیعەتی خۆی کردووە، لە شیعرییەت لایداوەو بە تۆبزی ئەرکێکی دی

ناشیعری لە ئەستۆی خۆی گرتووە. بە هەرحاڵ ئەگەر سروشتی شیعر خۆبەخۆ ئاڵۆزو بە تەمومژ بێ، ئەگەری ئەوەش دەکرێت کە ئەم تەبیعەتە لە زمانی شیعریشدا رەنگ بداتەوە، مەبەست لە زمانی شیعر لێرەدا، چۆنیەتی وتنە، نەك چی وتنە، کەواتە بەم پێیە زمان تانوپۆی شیعر پێکدێنێ و شیعر لە دەرێی زماندا نامەیێ. واتە زمان تەنیا کەناڵێکی گەیاندنی دەلالەت بە (وەرگر) نییە. بەڵکو خۆی لە خۆیدا ئامانجە. بەڵام لە گەڵ هەموو ئەمەشدا، هەر شاقەسیدەیەك بگری، زمانێکی لە پشتە ، زمانی سادەو ساردو سڕوخاو شیعری پێ ناخولقێنرێ، شیعر دەچێتە ژووانی زمانێك کە زرك و زیت و زیتەڵ و پڕ لە پێچ و پەناو هەورازو نشێوو گێژەن و گێژاوو شەپۆلان بێ. دیارە زمان لە شیعردا، بەم پێیە، لە هەمان کاتدا هەم شێوەیەو هەم ناوەڕۆك، جا لێرەدا ئەو قەناعەتە دروست دەبێت کە تەمومژو ئاڵۆزی لە هەوەڵەوە تا کۆتایی دیاردەیەکی زمانەوانییەو شیعریش لە دەرێی زماندا بوونی نابێ و هەر شیعرێکیش ناچارە – ئەگەر رێزی شیعرییەتی خۆی بگرێت – زمانێکی تایبەتی بۆ خۆی بخولقێنێ و بایەخی ئەو زمانەش لەوەدا دەردەکەوێت کە چەند توانای بەسەر نیشاندانی ناوەوەدا دەشکێ، چەند نەگوتەنییەکانی پێ دەگوترێت، چەند نادیارەکانی پێ فەتح دەکرێت، چەند لە دەلالەتە باوو هاوبەشەکان دوور دەکەوێتەوەو چەند دەلالەتی نوێباوو تایبەت دەگرێتەخۆ. کەواتە زمان سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی دەلالەتە، شاعیر دەبێ هەمیشە بیتەقێنێتەوە، وشە لە ناوەڕۆکی باو بەتاڵ بکاتەوەو بە ناوەڕۆکی ناباو تەژی بکات و بە ئاوایەکی تازە بەکاری بێنێ، تۆ بڵێی بیخولقێنێ و بیخولقێنێتەوەو لە دەقێکی ناباودا بیجەڕبێنێ و هەموو تواناکان وەگەڕ بخات.

(٦)

شاعیری نوێخواز، وەرگری لەلا مەبەست نییە، چۆنیەتی وتنە شیعرییەکانی خۆی بەلاوە گرینگە، ئیدی وەرگر تێی دەگات یان تێی ناگات ئەمە خەمی خۆیەتی، با زەینی حاڵی بوون وەگەڕ بخات و حاڵی ببێ، کێ دەستی گرتووە؟! بەم پێیە بە ئاشکرا جۆرێك لە دابڕان و جەفاو تۆران لە نێوان شاعیرو وەرگردا هەیە، ئەوەتا شاعیرێکی نوێخوازی وەکو ئەدۆنیس دەڵێت: ( من جەماوەرم نییە، جەماوەریشم ناوێ ) یان (محمد عفیفی مگر) دەڵێت: (من خوێنەر ناناسم، ئەوە دەناسم و دەزانم کە خۆم دەیڵێم ) کەواتە ئەم حاڵەتە بمانەوێ و نەمانەوێ جۆرە خوێندنەوەیەکی تەئویلی دەخوازێ، ئەمەش لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی دیکە دەگۆڕێت و تەنانەت لای یەك خوێنەریش لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی دی، لە حاڵەتێکی دەروونییەوە بۆ حاڵەتێکی دیکە دەگۆڕێت. خوێندنەوەی تەئویلیش زادەی ئەوەیە کە شیعر لەوە دەرچووە کەشکۆڵی زانیاری و هەواڵ و تۆمارکردنی رووداوان بێ، یانی بەڵگەنامە نییە، بەڵکو جۆرە مومارەسەیەکی هونەرییە، جۆرە جەڕباندنێکی هونەرییە، کە دەلالەتی تازە هەڵدێنێ. بۆیە شاعیری نوێخوازی نە هوشیارییەك دووبارە دەکاتەوەو نە مانایەك دەگوازێتەوە، بەڵکو لە رێگەی جیهانبینییەکی تازەوە، هوشیاری دەشڵەقێنێ، خوێنەر بە خۆی مانای لێ هەڵدەهێنجێ و بەرهەمی دێنێ، دیارە دەقی شیعری نوێخوازی رێك لە هەزار توێیەك دەچێت بە ئاسانی خۆی بە دەستەوە نادات. ئیدی لێرەوە تەئویل و تەفسیر زەرورەت پەیدا دەکات، کە لە راستیدا دەکاتە هونەری تێگەییشتن لە شتێکی غەریب و نامەفهوم. واتا ناچار دەبین مانای رواڵەتی و دیاری دەق ببەزێنین و بەڕێنوێنی ئەو جفرەو مۆرس و ئاماژەو کلیلانەی تێیدایە بگەینە ناوەڕۆکی مانا قوڵەکانی، کەواتە تەئویل هونەری تەفسیرو لێکدانەوەی دەقە ئاڵۆزو نادیارەکانە. دیارە دەق، بە تایبەتی لە سەردەمی نوێخوازیدا، یەکەیەکی یەك پارچەیەو یەکەکەش، دەکاتە هەر هەموو رەگەزەکان. دیارە دەقی نوێخوازی لە کانییەکی ئاودار دەچێت کە لە هەڵقوڵین و خۆ

تازەکردنـەوەی بەردەوامـدا بـێ و خـۆی دووبـارە ناکاتـەوە. جـا دەلالەتـەکانی دەقـی شـیعری نوێخـوازیش هەمیشە کراوەن لەبەردەم هەر خوێندنەوەیەکدا، لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا خـۆی تـازە دەکاتـەوە، بۆیـە هیچ سەیر نییە خوێندنەوەکان لە یەکتر نەچن و هەر خوێندنەوەیەك جیاواز بێ لە خوێندنەوەی پێش خۆی.

(٧)

ئەگەر شیعر بە تەبیعەتی خۆی فرە دەلالەتی هەڵدەگرێت، ئەوا ئەم فرە دەلالەتییە لە شیعری نوێخوازیـدا شـتێکی واقیعـی و حاشـا هەڵنـەگرە، دەشـێت دەقـی شـیعری نوێخـوازی لەلایـەن پـتر لـە کەسـێکەوە بخوێنریتەوە، بەڵام خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەهێنجن، واتە دەگەنە دەلالەتی هەمە جۆری وەها کـە خوێنـەر دووچاری سەرسامی و دوو دڵی دەکات، کەواتە بە قەولی مالارمیە: (بەیتی شـیعری لـە درکـەێن مانـادار پێك نایەت، بەڵکو لە درکەێن نیەتدار پێك دێت) هەڵبەت نییەت، هەر نییـەتێك بـێ، خـۆی لـە خۆیـدا پرۆژەیەکـە، هەر پرۆژەیەکیش، بە گـوێرەی ئـەو کەسـەی دەخرێتـە بەردەسـتی قـابیلی دەسـتکاری و چـاککردنەوەو لـێ زیادکردنە. بۆیە شیعری نوێخوازی وەکو ئەو پرۆژەیە، خوێندنەوەی جۆراوجۆرو لێـك نەچـوو هەڵدەگرێت و لێکـدەرەوە بـە خـۆی مانـای پێدەبەخشـێت و ئەمـەش دەق لەبـەردەم ئەگـەرە دەلالییـەکان واڵا دەکـات، و دەقەکە زندوو و دەوڵەمەند دەکات، چونکە دەق ئەگـەر هـەڵگری یـەك دەلالـەتی دیـاریکراو بـێ هـەر زوو لـە جێی خۆی دەپووکێتەوەو دەمرێت، بۆیە هەر دەقێکی رەسەن بگـری لـە هـەر پەیوەندییـەك بـەدوورە تـەنیا (پەیوەندی ئەدەبییەت و هونەرییەت) نەبێ، ئەدەبییەتیش لە زماندا پەیدا دەبێـت، واتـە ئەگـەر وشـە تـەنیا یەك مانـای بگەیـەنێ، یـانی هـەر مانـا قامووسـییەکەی بگەیـەنێ و زمـانی دووەم نەیـەت و یـەقینیاتی زمـان نەشڵەقێنێ و رزگاری نەکات شتێکی لێ دروست نابێ ناوی ئەدەب بێ، واتە ئەدەب لـە نـاو زمـانی شـڵەقاودا چێدەبێت. بۆیە خوێنـەری ئـەمڕۆ دەپرسـێت ئـەم قەسـیدەیە چ پرسـیارگەلێك دەخاتـەڕوو؟ چ ئاسـۆگەلێکم لەبەردەم ئاوەڵا دەکات؟ واتە مەبەستی خوێندنەوە ئەوەیە کـە بـەناو ئـەو جیهانـە پرسـیاراوییە بکـەوێ کـە دەق دەیخوڵقێنێ. واتـە مەبەسـتی خوێندنـەوە ئەوەیـە کـە بەگـەڵ گەشـتە کەشـفکارییەکەی دەق بکـەوێت. مەبەست لە گەشتی کەشفکاری چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانە، مەبەستیش لە زمـان و چـۆنیەتی بـەکارهێنانی ئەوەیە چەند مانا بەرهەم دەهێنێ، نەك چەند مانا نەقڵ دەکات، واتە بەر لە زمان شتێك نییە ناوی مانا یـان فیکر بێ. یانی ماناو فیکر پـێش زمـان ناکـەون، ئیـدی لـە میانـەی ئـەم پرۆسـەی بەرهـەم هێنانـەی مانـاوە، دەلالەت دێتە ئاراوە، کە هەر هەموو ئـەوزارە ئامـاژەیی و خـوازەیی و تـەکنیك و هونەرکارییـە گوزارشـتی و رەمزییەکان کۆ دەکاتەوەو کارێگەرییەکی تایبەتی بەدەق دەبەخشێت.

جا کە لە ئەدەبی نوێخوازیدا، زمان بەم رادەیە گرینگ بێ، دەبـێ خوێنـەر شـارەزای زمـان بـێ تـا بتـوانێ دەقێکی پێ بخوێنێتەوەو تەئویل (تەفسیر)ی بکات، ئەگەر زمـانی دەقەکـە دروسـت بـێ، ئـەوا دەتـوانێ بـە زەبری شارەزایی لە زمان زەوق لە دەقەکە وەربگرێ و تێی بگات، خۆ ئەگەر زمانی دەقەکـەش سـواو وپـواو بێ ئەوا لە قاوی دەدات و ریسوای دەکات. هەڵبەتە زمان جۆرێك لە رۆشنبیریی بەگەڵ دەکـەوێ و خوێنـەری دەقـی نوێخـوازی پێویسـتە رۆشـنبیر بـێ، مەبەسـت لـە رۆشـنبیری تـەنیا کەڵەکـەبوونێکی ئەپسـتمولۆژی هەمەلایەن نییە، بەڵکو کەڵەکەبوونێکە لە ناوەوە ئاوێتە دەبێ و تەخەمورو تەفاعول دەکـات تـا هوشـیاری و رەفتارو (سلوك) جیهانبینییەك بەرهەم بهێنێ.

(٨)

تیری ئیگلتون، مێژووی ئەدەبی بەسـەر سـێ قۆناغانـدا دابەشـدەکات: قۆنـاغی بایەخـدان بـە نووسـەر بـە تایبەتی لە سەدەی نۆزدەو قۆناغی رۆمانسیەتدا، قۆناغی بایەخدان بە دەق و بە تایبەتی لە رەخنەی نوێدا.

پاشان بایەخدان بە خوێنەر بە شێوەیەکی بەرچاو. ئەدۆنیس هەر لەم پێودانگەوە دەڵێت: (( ئەگەر نووسینی قەسیدە خوێندنەوەیەك بێ بۆ جیهان، ئەوا خوێندنەوەی ئەو قەسیدەیە، نووسینی جیهانە )).

هەڵبەتە خوێندنەوە بە دوو ئاراستەدا دەڕوات ، لە دەقەوە بۆ خوێنەرو لە خوێنەرەوە بۆ دەق. دەق چەند بە خوێنەر ببەخشێت، خوێنەر ئەوەندە مەودای تازە بە دەقەکە دەدات کە رەنگە ئەو مەودایانە لە دەقەکەدا نەبن، جا لەم حاڵەتانەدایە کە خوێنەر هەم لە باری دەروونییەوە تێر دەبێ و هەم لە باری دەقەکەوە. ئەمەش لە خوێندنەوەدا پێی دەگوترێ کاریگەری و کارلێکی دوو لایەنە. جا کارلێکی نێوان خوێنەرو دەق دەکاتە خوێندنەوەیەکی چۆنی نەك چەندی، خویندنەوەیەك ئەوەندەی بە تەمای تەقینەوەی مانایە ئەوەندە بە تەمای دارِژانی مانا نییە، چونکە شیعری نوێخوازی بە خوێندنەوەی ئاسۆیی خۆی بەدەستەوە نادات. بۆیە خوێندنەوە دەبێ ئەستوونی بێ و لە حاڵی کارلێکێکی وەهادا بێ کە مەسافەیەك لە نێوان دەقدا وەکو بابەتێکی داهێنراوو لە نێوان خوێنەردا وەکو داهێنەر نەمێنێ، ئیدی لەزەتی خوێندەوە لەم یەکانگیرییەوە هەڵدەقوڵێت و چێدەبێت. کەواتە بۆ گەییشتن بە لەزەتی خوێندنەوەو پاراو بوونی روحی، خوێنەر دەبێ رێزی تایبەتی لە دەقەکە بگرێت و خوێندنەوەی باش بەبێ رێزگرتنی دەق مەیسەر نابێت. جا لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوەش بکرێت کە لەم حاڵەتەدا کە دەق لە دەلالەت بە دوورەو جۆرێك لە پەراگەندەیی تێدایە، خوێنەر وەکو لێکدەرەوەیەکی دەق ناچار نییە لەو دەلالەتانە بگەڕێ کە شاعیر ویستویەتی، بەڵکو خوێنەر لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خوێندنەوەو لە چوارچێوەی هێماو ئاماژەکانی دەق و رواڵەتەکانیدا، دەلالەت بەرهەم دێنێ یان دەلالەتێك بەرهەم دێنێتەوە کە رەنگە لە گەڵ مەبەستی شاعیرەکەدا ئاسمان و رێسمان بێت، خۆ رەنگە لەگەڵ خوێندنەوەیەکی دیکەی هەمان خوێنەر یان خوێنەرێکی دیکەشدا جیاوازبێ.

کەواتە شیعر لە هەموو کات و شوێنێکدا، چونکە هەڵقوڵاوی هەستێکی ئاڵۆزە، مەعرەز بووە بۆ ئاڵۆزی و گوتارو زمانێکی تایبەتی وەرگرتووە کە جیاواز بووە لە هەر گوتارێکی دیکە. جا کە شیعر لە بنەرەتداو بە تەبیعەتی خۆی رەگێکی لە ئاڵۆزیدا بێ و ئاڵۆزی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرێ، ئەوا ئەم حاڵەت و دیاردەیە لە شیعری نوێخوازیدا زەقتر بەدیار دەکەوێت و زۆر فاکتەریش دەور لە قوڵبوونەوەی ئەم ئاڵۆزییەدا دەبینن، لەوانە: فاکتەری کەلتووری و ئەپستمولۆژی بە هەموو مەوداو رەهەندێن فیکری و فەلسەفی و میتافیزیکی و سۆفیگەری و ئەفسانەییەکەوە، شاعیری نوێخواز لە هەر هەموو ئەو ناوەڕۆك و سەرچاوانە پڕ دەبێت و بە شێوازێکی شیعری بەکاریان دێنێ، بەکورتی دەیانشیعرێنێ و ئەمەش ئاڵۆزییەکی دەلالی لە شیعر بار دەکات.

فاکتەری کەلتووریی رۆژاوایی و رێبازە ئەدەبییە رۆژاواییەکان: شاعیری نوێخواز وەکو خوێنەرێك ئاگاداری سەرچاوە کەلتووریی و رێبازە ئەدەبییە رۆژاواییەکانەو جۆرێك لە کاریگەری ئەو سەرچاوانەی دەکەوێتە سەرو لایەنێکی دیکەی ئاڵۆزی بە بەرهەمەکانی دەدات. فاکتەری سێیەم گۆڕانی بونیات و چەمکی شیعرە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا، کە ئەمیش بۆ خۆی جۆرێك لە ئاڵۆزاندنی دەقی بەگەڵ دەکەوێت و گەلێ رواڵەتی لێدەکەوێتەوە وەکو: غیابی دەلالی یان ونی دەلالەت و بابەت و زاڵی تەجریدو کەڵکەڵەی کاکڵە شیعرو ( شیعری خالیسەو رووت و هیچی تر نا )و تەغریب و تەقاندنەوەی زمان و کۆکردنەوەی دژ و ناکۆکەکان، بۆیە دەلالەت لە شیعری نوێخوازیدا پتر بەرهەمهێنانی دەلالەتە تا کەشفکردن و دۆزینەوەی دەلالەت. ئەم بەرهەمهێنانی دەلالەتەش پشت بە تواناو زیرەکی خوێنەر (لێکدەرەوە) دەبەستێ، کە دەبێ دەقەکەی

خۆش بوێ، ڕێزی بگرێ و کارلێکی تەواو لە نێوان خۆی و دەقدا هەبێ و بگاتە لوتکەی لەزەتی خوێندنـەوەو دەقەکە بە تەواوەتی بەری دڵی بگرێ و ڕوحی پاراو بێ.

**سەرچاوە:**

* الإبهام في شعر الحداثة
د. عبدالرحمن محمد القعود / مارس/ ٢٠٠٢
* زمن الشعر ط٢ ١٩٧٢ ط٣ ١٩٧٨ ادونيس
* ادبنا الحديث بين الرؤيا والتعبير ط١ ١٩٧٩ ريتا عوض
* سياسه الشعر، بيروت/ط١ ١٩٨٥ ادونيس
* الشعر والتجربه/ أرشيبالد مكليس
ترجمه: سلمى الخضراو الجيوسى
مراجعه: توفيق صانع
* شعرنا الحديث الى اين؟ غالي شكرى دار المعارف بمصر، تاريخ بلا
* الصوفيه والسرياليه دار الساقى ط١ ١٩٩٢ ادونيس.

# ٣- مەرگی شیعر

((١))

وێنەی هونەری ، ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەکرۆك وجەوهەری کاری هونەرییەوە. واتە بەجۆرێ ئالکاوی یەکدی دەبن کە زۆر زەحمەتە لێکدی جیابکرێنەوە، واتە هونەرێکی جیهانی دروست دەبێ، وبەزمانی وێنە دەدوێ. ئەزموونان هونەرمەندانە دەگوازێتەوەو لە ویژدانان و ڕوحاندا ڕیشاژۆی دەکات. ئیدی وێنەی هونەری دەبێت بە پردێکی زۆر سەلامەت و ئەمین لە نێوان داهێنەرو وەرگرا. وێنە هونەری دەبێ بەزمانی هاوبەشیان وپەیوەندی لەگەڵ دینامیکییەتی خەیاڵدا پەیدا دەکات. خەیاڵ تەڕی وتازەیی وێنە دەپارێزێ و گەشکەو لەزەت بە روح دەبەخشێت.

جا لێرەدا هەڵوەستەیەك لەسە وێنەی شیعری پێویستە، وێنەی شیعری هەڵتۆقینێکی کوت وپڕ وزندووە لە قوڵایی ڕوحەوە هەڵدەکشێت و باڵا دەکات ودێتە سەرێ وبوونی خۆی ڕادەگەیەنێت. وێنەی شیعری دەنگدانەوەی ڕابردوو نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕابردووی دوور لەناو بریسکە بریسکی وێنەداو لە قوڵاییەکی قوڵەوە دەنگدەداتەوە. هەڵبەتە تەڕیی و تازەیی و زندوویەتی ناسنامەو دینامیکییەتی تایبەتی بە وێنەی شیعری دەبەخشن، بوونێکی ئەنتۆلۆجی وەردەگرێت و، توانای وێنەی شیعری لە بەردەوامانـدنی پەیوەندی لەگەڵ وەرگردا، بۆخۆی بویەرێکەو دەلالەتێکی ئەنتۆلۆجی مەزنی هەیە.. بێگومان داوا لە خوێنەری شیعر ناکرێ کە وێنەی شیعری بەشتێك یان بە ئەلتەرناتیفی شتێکی دی دابنێ، بەڵکو حەقیقەتی تایبەتمەندییەکانی بقۆزێتەوەو وەکو خۆی مامەڵەی لەتەکدا بکات . وێنەی شیعری پێویستی بەلێکۆڵینەوەی ئەکادیمی نییە، چونکە خەسڵەتی هوشیاری سادەو سەرەتایی هەیە، زمانی دەربڕینی لاوانەیە و بگرە زمانی وێنەیە، وێنەی نوێ و تازەو جددی. لەشیعردا وێنە پێش بیرۆکەیە، واتە شیعر پتر دیاردەیەکی ڕوحییە تا دیاردەیەکی ئەقڵانی بێ.. ئەمەش ((خەونە هۆشی)) لێدەکەوێتەوە، هۆشی خەونئامێز،، دیارە لێرەدا وشەی ڕۆح و ئەقڵ دوو وشەو زاراوەی هاو واتا نین وشەی ڕوح نەمرە، مەحاڵە لە هەندێ شیعردا بشاردرێتەوە، چونکە وشەیەکە لە هەناسەمانەوە لە دایك بووە، زادەی هەناسەیە، دەنگی هەناسەمانی لەگەڵ خۆدا هەڵگرتووە، جا بۆ تێگەییشتن، یان تۆ بڵێ بۆ لەزەت وەرگرتن لە هەر شیعرێکی خالیسە، دەبێ بچینەوە سەر سەرچاوە زوڵاڵ وبەخوڕە خوڕەکەی ڕۆح کە شیعر لەوێوە هەڵدەقوڵێ و مانا پەیدا دەکات ، کە مخابن زۆربەی شیعری تازەی کوردی ئەم سەرچاوەیەی تەرککردووەو تەڕی وتازەیی شیعریان لە دەست داوەو لە بازنەی کۆسمۆپۆلیتزمی بێهودەییدا هەنگڵە شەلێیانە،، چونکە ڕۆح تیشکێکی خودی خۆکردی هەیەو لە ناوەوە پرشنگ دەهاوێ و تیشکە ڕەنگینەکەی ژیان بەخشی وەکو تیشکی هەتاو، بەسەر سەرانسەری شیعرەکەدا پەخشدەکاتەوە، هەرکەسێك بییەوێ لە وێنەی شیعری و لە شیعری خالیسە تێبگات و خۆشی بوێ دەبێ ئاوێتەی ئەو تیشکە خودییە بێ، نەك تیشکێك یان روناکییەك کە ڕەنگدانەوەی تیشکێکی دەرەکی بێ، شاعیر دەبێ کەسێکی تیشکسازو پرتەو خولقێن بێ، هیچ سەرچاوەیەکی گەرمی تیشکدەر فەرامۆش نەکات، دەنا هەزار ساڵ بخوێنێ ئاوازێکی نەمر بەرهەم ناهێنێ و ڕۆحی لەوتاوی پاقژناێتەوە،، جا شیعر تا لە ڕۆحەوە نزیکتر بێ، لە نەخشەو بەرنامەی پێشوەختە دوور دەکەوێتەوە، زووتر لە قالبی وێنەدا دەمەیێ و شیعرییەت پەیدا دەکات . واتە ڕۆح دەرگا لە فۆرمان

دەکاتـەوەو شـێوە بەوێنـەی شـیعری دەبەخشـێت و دەیکـات بـە ئاوەدانییـەکی جـوان و دڵگـیر.. دەیکـات بەدەنگێك کـە دەنگدانـەوەی هـەبێت. دەیکـات بـە لەرەیـەك لەرینـەوەی هـەبێ.بـە لـەرە گـوێ لـە قەسـیدە دەگـرین، بـە لەرینــەوە دەیڵـێین، مـاڵی و کـەوی دەکـەین، لەرینـەوەو دەنگدانـەوە، گـۆڕان لـە بـوون دروستدەکەن.. چڕی و قووڵی دیاردەیەکی دوولۆنەی دەنگ و دەنگدانەوەی قەسیدەیە. قەسیدە بـە زەبـری چڕی و قوڵی و دەوڵەمەندی و بە پیتی خۆی ناخێکی تازە لە دەروونماندا بێدار دەکاتـەوە..دەنگدانـەوە لـە واری خەیاڵی شیعریدا تەبیعەتێکی دیاردەگەرایانەی هەیە، چونکە ڕابوون وبێداربوونەوەیەکی راستەقینە لە داهێنانی شیعریدا و تەنانەت لە رۆحی خوێنەریشدا چێدەکات.. و بە زەبری دەنگدانەوەی وێنەیەکی شـیعری تەرو تازە ، سەرلەبەری زمان دەکەوێتە جوڵەو ، ژیانێکی ئەنتۆلۆجی تێدەگەرێ و دەپژێ.

((٢))

هەندێ خوێنەر، تەنیا بەمەبەسـتی چێژو لـەزەت خـوو دەدەنـە خوێندنـەوەو لـە زەتێکـی ڕۆحـی لـەم خووەی خۆ دەبینن و بەدەنگدانەوەی وێنەیەکی شیعری، بەخنەخنی پەیڤێك ، بـەگروگاڵی حـەرفێك گەشـکە دەکەن و لە دەروونەوە دەشنێنەوە، ئەم خوێنەرە جیاییە لـە ڕەخنـەرێك، جیایـە لـەو ڕەخنـەگرەی داوەری دەکات و حوکم لە سەر کارێك دەدات کە بەخۆی ناتوانێ بیخـوڵقێنێ یـان وەکـو دەڵـێن نایـەوێ بیخـوڵقێنێ. بۆیـە گومـان لـەوەدا نییـە کـە ڕەخنـەگری ئـەدەبی بـە زەرورەت کەسـێکی جـددی و سـەختگیرە. بۆیـە ڕەخنەگری ئەدەبی ومامۆستای لۆجیك کە هەمووشتێك دەزانن و حوکم لە سەر هەموو شتێك دەدەن زۆر بـە ئاسـانی تووشـی بـەرزیخوازی و خۆبـەزلزانی دەبـن. بـەلاَم سـەبارەت بەخوێنـەرێکی لـەزەتخواز، ئـەو شـتە دەخوێنەتـەوە کـە حـەزی لێـدەکات و هـەرکاتێ بییـەوێ دووبـارەو سـێبارە دەیخوێنێتـەوەو کەسـیش تووڕەناکات و ئەگەر هەست بە جۆرە کبریایەك یا گەشکەیەك بکات، کە زۆر جار زادەی دڵبەندیە بە وێنـە یـا دەقە شیعرییەکە ئەوا لە دڵی خۆیدایە و لە ناخی خۆیدایەو ئاسیو بەکەس ناگەیەنێ و کەسیش هەست بـەوە ناکـات کـاتێ کـە شـیعرێك دەخوێنێتـەوە ڕەنگـە خۆزیـا بخـوازێ کـە شـاعیر بوایـە یـان شـاعیر بـێ، هـەر خوێنەرێکی جدی و تامەزرۆ و گەرم وگوڕ، جۆرە خۆزیاخوازییەکی نووسەریی لەلایە، و ئەگـەر زۆر دڵبەنـدی بابەتەکە بێ خۆی دەخاتە پێستی نووسەرەکەوە.

((٣))

بەهـەر حـاڵ سـازگاری دەگـەڵ خوێندنـەوەدا هـەرگیز لـە دڵبەنـدی بـەدەر نییـە، و دەبـێ بـەر لـە هـەر ئیحتوبارێکی ڕەخنەیی ئەو دڵبەندییە بێتە دەربڕین تاوەکو کاریگەری دیاردەگـەرایی (فینومینولـوجی) وێنـە شیعرییەکە بـە فـیرۆ نەچـێت.. چـونکە لـە میانـەی ئـەم دڵبەندییـە ڕاسـت و ڕەوانـەوە لـەزەتی خوێندنـەوە بەرجەستە دەبێ و وادێتە بەرچاو کـە ڕەنگدانـەوەی لـەزەتی نووسـین بـێ، وەکـو ئـەوەی خوێنـەر سـێبەرو تاپۆی نووسەر بێ. دیارە ئاوێتەبوون و بەشداری خوێنەر لە لەزەتی داهێناندا نیشـانەی داهێنانـە، نیشـانەی سەرکەوتنی داهێنانە.. رەگی وێنەی شـیعری لـە زماندایـە و لـە زمانـەوە هەڵـدەقوڵێ، و هەمیشـە لـە زمـانی ئاسایی ڕۆژانە ، لە زمانی ئاسایی لێکدی حاڵیبوون ، هەندێ بەرزترە. بۆیە کـە شـیعری ڕەسـەن، هونـەری ، دەخوێنییەوە وەکو ئەوەیە ئەزموونی ژیانەوەو هەڵقوڵینەوەیەکی بەلەزەت تاقی بکەیتەوە. ئیـدی بـەمجۆرە

زمان به بەردەوامی دەژێتەوەو لە زمانی ڕۆژانە جیا دەبێتەوەو لەوە دەردەچێت ئامراز بێ، دەبێ بە واقیعێکی بارگاوی بە ژیان و شیعر و وێنەی شیعری هەم ئەو واقیعە دەسەلمێنن و هەم بەرهەمی دەهێنن.. ئیدی بەوجۆرە زێدەباری ژیانی پەیڤان وەکو لە کاروانی پەرەسەندنی زماندا بەدرێژایی ڕۆژگاران دەردەکەوێ، وێنەی شیعرییش نموونەیەکی ئەم پەرەسەندنە دەخەنە ڕوو. بۆیە شیعری مەزن، شیعری شکۆدار، کارێکی گەورە دەکاتە سەر ڕۆحی زمان و ئەو وێنانە دەژێنێتەوە کە سڕدراونەتەوەو جەخت لە سەر سروشتە زمانەوانییە چاوەڕوان نەکراوەکەی دەکاتەوە، وغەرقی ئازادی دەکات، بەمجۆرە شیعرو زمان و ئازادی لە یەکدیدا بەرجەستە دەبن و یەکدی بەرهەمدێنن و شیعر دەبێ بە دیاردەیەکی ئازادی.

((٤))

شیعر هەمیشە جوڵەو بزاوتی خۆی هەیە، وێنە خۆی بە دێڕ دەسپێرێ و خەیاڵ لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ و ئاوێتەی خەون دەبێ و تانو پۆی ئەو ئەزموونە زمانەوانییە پێکدێنێ کە مرۆڤ جەرباندوویەتی و تیایا ژیاوە، بۆیە شیعر لە دەرێی خۆیدا، لە دەرێی وێنەدا، وێنەی بێ کۆتایی دا بوونی نییە، وتەنیا بە کەرەستەو ئامرازی شیعری مامەڵەی لە تەکدا دەکرێ و شیعر تەنیا زمانی وێنە دەزانێ و بەو زمانە خەیاڵی داهێنەرانە بەرهەمدێنێ و دەق و دەقایەتی دەدوێنێ، و لق و پۆپ بۆ داهێنانی موتڵەق دەهاوێ، چونکە لەلای عەیانە لە دەرێی داهێنانی موتڵەقدا لە شیعرییەت دەکەوێ و بڕشتی لە بەر دەبرێ وبە ڤیانی شتێکی نادیار بارگاوی نابێ.. کەواتە هەر کارێکی هونەری بە تایبەتی شیعر کە هونەرییەتی پەیدا کرد، خۆی بوو بەسەرچاوەو کانگەی ژیانی خۆی، پشت لە ڕابردوو وبە ئاراستەی ئایندە تیشک دەخاتە سەر خۆی و تازەبوونەوەو تازەیی دەدوێنێ وسنووری هەر دەستەمۆبوونێك دەبەزێنێ و تا چاو هەتەر بکات دەدرەوشێتەوەو تیشکە ڕەنگینەیەکی هێندە سەیر دەنوێنێ کە هزر دەرۆستی شرۆڤەو لێکدانەوەی نەیەت.. کەواتە یەکێك لە نیشانەکانی هونەرییەت ، وڕوژاندنی سەرسامییە لەلای وەرگر. و پتر پیتاندنی ژیانە، هۆش لە سربوون و چاو لە ڕۆتین بینی ، و زمان لە هەرزە وێژی ورۆح لە نزمە فڕی دەپارێزێ و مرۆڤ لە پووکانەوە دوور دەخاتەوە، وخەیاڵ دەمەزەرد دەکاتەوە، هەڵبەتە خەیاڵ لایەنێکی هەرە سەرەکی سروشت و تەبیعەتی مرۆڤە وسەرچاوەی هەموو داهێنانێکەو زۆر جار لەبەر بەرزە فڕی ولەزی خۆی لە ڕابردوو و واقیع دوورمان دەخاتەوەو بەناو ئایندەمان دەخات، چونکە ئەگەر خەیاڵ نەمێنێ، هیچ جۆرە پێشبینییەکیش نامێنێ کە ڕەنگە بەهەوێن و ماکی بەردەوامبوون بژمێردرێ، چونکە هەر خەیاڵە بەبێ وچان و لە ڕێگەی وێنەی تازەوە خۆی بەرهەمدێنێ وخۆی دەوڵەمەند دەکات، بۆیە نابێ بەزێدەڕۆیی گەر بگوترێ هەموودەسکەوتە ژیانی و ژیارییەکان بە وێنەی شیعریشەوە زادەی خەیاڵن..و خەیاڵسزی سەرچاوەی کارەساتە مرۆڤانیەکانە ، چونکە سەرچاوەی هەرپێشبینی و ئایندەڕوانی و ژیاندۆستییەك کوێر دەکاتەوە..

# ٤- شیعر کوژی

زۆرجار ئایدۆلۆجیا، چ غەیبانی و چ ئەقلآنی شیعر لە مـەداری خـۆی، واتـە لـە مـەداری شـیعر دەردەکـات و دەیخاتە خزمەتی خۆیەوە. خۆی دەکات بە پێوانەو پێوەر بـۆ هەڵسـەنگاندنی هـەر دەقێکـی شـیعری ، هـەر دەقێکی شیعری، هەر گوزارشتێکی شیعری لە خزمەتی بلأوکردنەوەو چەسپاندنی ئایدۆلۆژیای نێـوبراو بـێ ، شیعری چاکە،و پێچەوانەش پێچەوانەیە. بەمەش ئەرکێك لە شیعر بار دەکرێت کە لە بنەڕەتدا ئـەرکی شـیعر نییـە ، و هـەر گوزارشـتێکی شـیعری دەشـێوێنێ، وەکـو ئەوەیـە بێـی زیـن لـە سـەگ بکـەی و بڵێـی ئەمـە ئەسپە ! !.واتە شـیعر دەکرێـت بـە کـارێکی ئـەقلآنی و دەخرێتـە خزمـەتی کۆمـەڵێك چـەمك وگوتـارو هـزری جەماعییەوەو لە هـەر ئـەزموونێکی فـەردی– کـە جەوهـەری شـیعرە – دوور دەخرێتـەوە. جـا بـەم پێـوەرە ئایدۆلۆجیاییەوە، ئەستاتیکاو ئەخلاق یەکدەخرێت و شـیعریش دابـەش دەبێـت بەسـەر سـتایش و هـەجودا، جۆرەکانی دیکەی شیعر لـق و پـۆپن و لـە سـتایش و هەجووەکـە دەبنـەوە، بـۆ نموونـە غـەزەل، ستایشـی سوخەتەکانی دلبەرە، لاوانەوە ستایشی سوخەتەکانی مردووە، وەسفیش یا وەسفی جوانییەکانە یا وەسـفی ناشـیرینییەکانە.. بەمـە شـیعر دەبەسـترێتەوە بـە دەسـەلأتەوە، یـان بـە دەسـەلأتی ئایـدۆلۆجیای زاڵـەوەو بەرگری لەو دەکات وبونیادە سیاسی– کۆمەلأیەتییەکانی ئـەو ڕیشـاژۆ دەکـات و وەکـو بەشـێك لـە بونیـادی رۆشنبیری گوزارشتی لێدەکات. ئیدی بزوتنەوەی شیعری یان شیعر بەرەبەرە قاڵب دەگرێـت و لـە ئەزموونـە ئینسـانییەکە دوور دەکەوێتــەوەو لــە بارگــە شۆڕشــگێڕییەکەی بــەتاڵ دەبێتــەوەو دژی هــەر گۆڕانێــك دەوەستێتەوەو ڕۆژ بە ڕۆژ پتر خۆی بە ڕابردووەوە هەڵدەواسێت و خـۆی کاوێـژ دەکاتـەوەو خـۆی دووبـارە دەکاتەوەو لە کۆنەپارێزیدا غەرق دەبێت،و بێهودە بە دەوری خۆیـدا دەسـوڕێتەوە، لـە کاتێکـا شـیعر وەکـو ئەفراندن کارێکی شۆڕشگێڕانەی قاڵبشکێنەو هیچ یاساو ڕێسایەك قەبوڵ ناکات، جگە لەو ڕێسایانەی کە هـەر دەقێك وەکـو یەکەیـەکی یەکپارچـەی هونـەری ، لەگـەڵ چـێبوونی خۆیـدا بەرهـەمی دێنـێ. واتـە داهێنـان و ئەفرانـدن لـە سـەرووی هـەر یاسـاو ڕێسـایەکی دیـاریکراوو جەماعییەوەیـەو یاساشـکێنی خەسـڵەتی هـەرە زاڵییەتی، خـودی شـاعیرو جیهـانی نـاخ و دەروونـی شـاعیر هونەریانـە ئاوێتـەی هـەر دەقێکـی ڕاسـتەقینەی شیعری دەبێت، واتە شیعر وەکو بەشێك لە ژیانی ئەفراندن، هونەریانە مومارەسە دەکرێت. وشـیعر بـە مانـا باوەکەی نابێ بکرێ بە سنعەت و وەکو بەشێك لە ژیانی کۆمەلأیەتی– سیاسی مومارەسە بکرێت.

***

جا لەم کەش و هەوایەدا شاعیر تەسلیمی ئایدۆلۆجیا و دەسەلأت دەبێـت و خـۆی و شـیعری خـۆی هـەڕاج دەکات و وەکو کەسێکی چاو لە دەست و دەسەندەخۆری دەسەلأت ، ملکەچ و مەلوول و ناچـار لەبـەر قـاپی دەسەلأتدارا دەوەستێ، تـا دەسـەلأتدار کـالأ شـیعرییەکەی پەسـند بکـات و لێـی بکڕێـت، ئەگـەر کالأکـە بـە ئاڕاستە وقازانجی گەشەکردنی دەستمایە سیاسییەکەی دەسەلأتدار بوو ئەوا باشە، دەنا مـاڵی قـەڵب سـەری سـاحێبی! و بگـرە سـەری ساحێبیشـی دەخـوات! هەڵبەتـە ئـەم هەڵسـەنگاندنەش بـە گـوێرەی ئامـانج و مەبەسـتی شـیعرەکە ئەنجامـدەدرێ. نـەك بـە گـوێرەی خـودی شـیعرەکە وەکـو شـیعر.. دیـارە ئـەم جـۆرە هەڵسەنگاندنەش زیاتر بـەلای شـیعری وەسـفیدا دایدەکێشـێت و کـەیفی بـە مـەجازو خـوازە نایـەت، چـونکە

وەسف بە دیارخستن و رونکردنەوەیە، و حاڵەتە شعورییەکان گەلاڵەو بەرجەستە دەکات و ئاسانتر خۆی بەدەستەوە دەدات، بەلام خوازەو مەجاز کردنەوەی دەرگاو پەنجەرەکانە لە دەلالەتەکان و زۆرکردنی ماناکانە، وشە لە مانا حەقیقیەکەی خۆیەوە بۆ مانا یان کۆمەڵە مانایەکی تر دەگوازێتەوە، وشە لە یەقینەوە بۆ گومان و ئەگەران دەبات، لە تاک ماناییەوە بۆ فرەمانایی دەبات، بە کورتی وەسف زمان دادەخات، بەلام مەجاز زمان و مانا دەکاتەوە.. بەسەر ئایندەو ئەگەراندا، بە سەر بەردەوامیدا دەیکاتەوە، ئەمەش لە ڕووی جەوهەرو کرۆکەوە خەسڵەتی داهێنانە.. جا لێرەدا و لە ناو پرۆسەی شیعریدا، جەدەلیەتی ڕواڵەت و باتین، شێوەو ناوەرۆك ڕێگە بۆ گۆڕانی بەردەوام خۆشدەکات، ئیدی نێوەرۆك و شێوە لە تەڤگەرو گۆڕانی بێکۆتاییدا یەکدەگرێت.. لەم حاڵەدا وشە، یان زمان، دەبێ لە سنورداری دەربازبکرێ و هەمان بێسنووری مانای پێ ببەخشرێ، دیارە ئەمەش بەوە بەدی نایەت کە زمانێکی ساختەی دەستکردی نامەفهووم دروست بکرێ، بەڵکو لە چۆنییەتی بەکار هێنانی زماندا بەدی دێت، واتە زمان دەبێ بە جۆرێك بەکار بێت هەر وشەیەکی ڕەهەندێك یان کۆمەڵە ڕەهەندێکی تازە وەربگرێت، و وەرگر وابزانێ گوێی لە زمانێکی تازەو نوێیاو دەبێت.. ئەمەش ڕێبازی خوازەو مەجازە. خوازە ئەو مانایەیە کە ڕواڵەتی وشە ناتوانێ بیگەیەنێ . جا ئەگەر بشێت وەسف بەو ماناو چەمکەی ئاماژەمان بۆ کرد لە شیعردا بە سەلەفییەت لە هزرا بشوبهێنرێ، ئەوا خوازەو مەجاز لە شیعردا وەکو تەئویلە لە هزردا.. وەکو چۆن تەئویل بریتییە لە گەڕان و دۆزینەوەی مانا ڕاستەقینە شاراوەکان، مەجازیش دۆزینەوەی ماناکانی ئەو دیو وشەیە...بە مەش زمانێکی شیعری تازە دروست دەبێت کە هەرگیز نە گێرانەوەی هەواڵی دروستی مەبەستە،و نە کاری فێرکردن و فێرکاری مەبەستە. واتە گوزارشت لە هیچ پەیوەندییەکی بابەتیانە بە شتەکانەوە ناکات، بەڵکو گوزارشت لە پەیوەندی خودی دەکات، ئەمەش پەیوەندی ئەگەرانە، پەیوەندی خەیاڵەو... واتە بەمجۆرەو لە ڕووی جەوهەرەوە زمانی شیعر زمانی مەجازە نەك حەقیقەت.. مەجازیش لە ڕوانگەی نوێخوازییەوە جەوهەری زمانی شیعرییە، کە لە کەش و هەوای ئایدۆلۆجیا زەدەو دەسەلاتزەدەدا ڕێی نادرێ،و حەقیقەتیش لە ڕوانگەی سەلەفییەت و کۆنەپارێزییەوە، دەکاتە جەوهەری زمانی شیعری و لە سایەی کەش و هەوای ئایدۆلۆجیا زەدەدا ڕەواج پەیدا دەکات...جا ئەم مملانێیەی نێوان ئەم دوو ڕەوتە، لە واری گوزارشتی شیعریدا، سێ گۆڕانی گەورەی لێدەکەوێتەوە، یەکەمیان خەیاڵپەروەرییەو خەیاڵ بە ئەسڵ و سەرچاوەی هەموو جیهانەکان دادەنێ، دووەمیان لادانە لە پێوەرە باوەکان بۆ هەڵسەنگاندنی ئەزموونان، چونکە هەر ئەزموونێك جێ پەنجە وشەقڵی تایبەتی و نەفەسی تایبەتی خاوەن ئەزموونەکەی پێوەیەو ئەمەش بە پێوەرە باوەکان نایەتە هەڵسەنگاندن.. سێیەمیان، دەرچوونە لە قاڵبگەرایی، چونکە شێوە قاڵبێك نییە لە دەرێڕا بهێنرێ و دەقی شیعری تێ بڕێژی و لە ئەنجامدا شیعرەکە لەو قاڵبەدا بماسێ و دەق بگرێت، بەڵکو لەناو پرۆسەیەکی هونەرییداو بەدەم خەملێنی ئەو پرۆسەیەوە شیعرییەت پەیدا دەکات،و خۆی لە خۆیدا دەبێ بە شێوەو قاڵبی خۆی و هەموو ڕەگەزە هونەرییەکان لە خۆیداو خۆی لە ڕەگەزە هونەرییەکاندا ئاوێتە دەکات و چڕە ئەزموونێکی مرۆڤانی پوختە دەگۆڕێت بۆ بەرزە هەستێکی خەیاڵ ئەنگێزو ڕۆح ئەنگێز و جاڕی هونەرییەتی خۆی دەدات و بەگەڵ ڕۆژگار دەکەوێت،و دەبێت بە بەڵگەنامەیەکی هەرە تایبەتی کەشفکردنی توانای مرۆڤ و بەهرەی داهێنانی مرۆڤ..

***

ئایدۆلۆجیا بەتایبەتی کە بوو بە دەسەڵات، دەبێ بە پرۆسەیەکی تەڵقینکاری، و کار بۆ دەستەمۆکردنی مرۆڤ و سنووردارکردنی کەڵکەڵە مرۆڤانییەکان دەکات و ئەقڵ بە تەواوەتی جڵەو دەکات و گوێڕایەڵی و سەرکزکردن دەکات بە داب و نەریتی باو،بەکورتی خۆی دەکات بە تەوەری ئەسڵی هەموو دیاردەو رووداوەکان. بەمەش جاڕی دکتاتۆرییەتی سیاسی دەدات و هەموو دیاردەو چالاکییە مرڤانییەکان بۆ خزمەتکردنی خۆی کۆنترڵ دەکات، بە بواری چالاکیی هزری و رۆشنبیری و ئەدەبیشەوە.. جا کە باسەکەمان باسی شیعر بوو، هەر شیعرێك کە بەرگری لە بەهاکانی ئەو کرد، شیعری باشە،و پێچەوانەش پێچەوانەیە، دیارە گوزارشتی شیعری بۆ خۆی جۆرە ئەفسوونێکی هەیە ، و زۆرجار نەهەق لە خەڵکی دەکات بەهەق،و هەق لە خەڵکی دەکات بە نەهەق، بۆیە دەسەلاّت کە زوو پەی بەم کاریگەرییەی شیعر بردووە، کاری لە سەر کردووەو بە قازانجی خۆی بەکاری هێناوە، دیارە لەم کەش و هەوایەدا، شیعر وەکو شیعر دەپوکێتەوەو دەبێت بە ئامرازی خزمەتکردنی دەسەلاّت و ئایدۆلۆجیای دەسەلاّت، کە بە تەبیعەت کۆنەپارێزەو دژی هەر گۆڕان و پێشکەوتنێکە، جا لەم وەزع و حاڵەدا شیعر وەکو چالاکییەکی کۆمەلاّیەتی–ئەخلاقی سەر بە ئایدۆلۆجیاو بەرژەوەندی دەسەلاّت تەمەشا دەکرێت، حیساب بۆ هونەرییەت و جوانی شیعر ناکرێت، بەڵکو حیساب بۆ بیرەکەی و سوودەکەی دەکرێت... واتە ئەرك و وەزیفە ئەخلاقی، کۆمەلاّیەتی و ئایدۆلۆجییەکەی گرنگە، نەك لایەنە تەکنیکییە ئەستاتیکییەکەی .. واتە شیعر دەبێت بە ئەوزارێکی ئایدۆلۆجی،و لە هەر ئەرکێکی ئەستاتیکی و داهێنان رووت دەکرێتەوەو ئەرکێکی کۆمەلاّیەتی ئەخلاقی لێ بار دەکرێت ، دەبێ بەشان و باڵی دەسەلاّتدا هەڵبدات.. ئەمەش دەبێتە مایەی سنوورداری شیعرو زاڵبوونی ناوەرۆك بە سەر شێوەدا، و شیعر لەوە دەردەچێت داهێنان بێ و جگە لە داهێنان چ ئەرك و پەیامێکی دیکەی نەبێت. شیعر دەبێت بە بڵندگۆی دەسەلاّتی ئایدۆلۆجیاو سیاسەت،و بە پێوەرو پێوانە سیاسی و ئەخلاقی و کۆمەلاّیەتییەکان هەڵدەسەنگێنرێ نەك بە پێوەری شیعری، ئەمەش دەبێتە مایەی بەدحاڵی بوون و بەدچێژی لە شیعر،ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنانە تەنیا مانا دیارو رواڵەتییەکانی وشەی شیعری دەرك دەکەن و ناتوانن بۆ ئیحاو سێبەرو ڕەهەندو مەودا شیعرییەکان شۆڕ ببنەوە...بۆیە ئەزموونی زاتی لە شیعردا، بە تایبەتی لە شیعری تازەدا، یەکێکە لە نیشانەکانی تازەخوازی و تازەبوونەوەو پێداگرتن لە سەر شیعرییەتی گوزارشتی شیعری.. ئەزموونی زاتی واتە بایەخدانی پتر بە جیهانی ناوەوە، جیهانی نەست و سۆزو ئارەزوو و خولیاو کەڵکەڵەکانی مرۆڤ، تا بە جیهانی دەرەوە، واتە بەها ئەخلاقی و کۆمەلاّیەتییەکان، واتە لە شیعری تازەدا بەلای کەمەوە جیهانی ناوەوە بەر لە جیهانی دەرەوەیە..بەلاّم ئەزموونی سیاسی ئایدۆلۆجیش لە شیعرا، بۆ خۆی ئەزموون بووەو هەیەو کاری بۆ یەکێتی نێوان هزرو شیعر کردووەو شیعری بە شێوەیەك لە شێوەکانی فیکر لە قەڵەم داوە، واتە لەم تەجروبەیەدا شیعر لە دوا ئەنجامدا بە شێوەیەك لە شێوەکانی ئایدۆلۆجیا دانراوەو هەرگیز ئەو بۆچوونە قەبوڵ نەکراوە کە شیعر تەنیا گوزارشت بێ لە ویژدان یان لە هەڵچوونەکانی هەست، لەم تەجروبەیەدا شیعر ئەوزارێکە بۆ خزمەتی بیرو باوەڕو ئایدۆلۆجیایەك، واتە شیعر ئەوزارو وەسیلەیەکی دەستەجەمییە نەك فەردی کە بێگومان ئەمە بە زیانی شیعرییەت دەشکێتەوە، لەم حاڵەتەدا شیعر کار بۆ پاراستنی ئەو بەها ناکۆکانە دەکات کە لە گەڵ ئەزموونە سیاسییە ئایدۆلۆجییەکەدا دەسازێ ، یان ئەو بەها تازانەی کە لەگەڵ ئەزموونە سیاسییە ئایدۆلۆجییەکەدا وەکو بەشێك لەو سەرهەڵدەداو پەیدا دەبێت و کار بۆ چەسپاندن و گشتاندنی ئەو

دەکات..ئیدی دەبێ بە ئەزموونێکی کۆنە پارێزی و سەلەفی، بەڵام شیعری زاتی ، یان شاعیرانی سەر بە ئەزموونی زاتی خۆ بە هیچ بەهایەکی باوەوە نابەستنەوەو لە هەر داب و نەریتێکی کۆن یاخی دەبن، وگوزارشت لە تەجروبەیەکی زاتی تا سەر ئێسقان مرۆڤانی دەکەن، و مرۆڤیش بە تەبیعەت بوونەوەرێکی تازەو تازە خوازە، چونکە شیعر خۆی لە خۆیدا داهێنانە، نەك گێڕانەوەو شرۆڤە، ئەم تازەخوازییە تەنانەت لە زمانیشدا ڕەنگدەداتەوە، چونکە هەر دەقێکی شیعری لەگەڵ شیعرییەتی خۆیدا زمانی خۆیشی بەرهەمدێنێ،و وشە لە مەداری خۆی دەردێنێ و مانای تازەو مەوداو ڕەهەندی نوێی پێدەبەخشێت، زمانی واقیعی دەبەزێنێ ،وخۆی بە زمانی مەجازو خوازە دەسپێرێت،و قەدەغە ڕۆحانی و کۆمەڵایەتییەکان دەبەزێنێ و دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرەتایانەی کە ئینسان شەرم و شەرمەزاری نەزانیوە، ئەمەش لادانە لە داب و نەریتە باوەکانی کۆمەڵگە، کە خۆی لە خۆیدا هەڵگری بەهایەکە بۆ خۆی.. دیارە هەر پیرۆزو حەرامێك ڕێگرە لە بەردەم کرانەوەی مرۆڤدا، بۆیە لادان لەم پیرۆزو حەرامانە، مایەی سەرنجەو پشتیوانییە لە شۆڕشگێڕییەتی خۆڕسکی مرۆڤ، چونکە مرۆڤ بە تەبیعەت بوونەوەرو گیانلەبەرێکی شۆڕشگێڕە، جا شیعری تازە، وەکو ئەزموونێکی زاتی ئەم تەبیعەتە دەلاوێنێ و جێگە بە بەها بۆماوەییەکان، چ بەهای ئاینی یا کۆمەڵایەتی یان ئەخلاقی بن، لەق دەکات و بەشداری لە دامەزراندنی سیستەمێکی تازەی بەهایان دەکات کە مانایەکی تازەو هاوچەرخ بە خۆشەویستی و ڤیان و ئافرەت و شتە گشتییەکانی ژیان ببەخشێت و کە ئەم بابەتانەی کرد بە ناوەرۆك شێوەکەشی، کە زمانە دەگۆڕێت و بنەما هونەرییە باوەکان دەبەزێنێ و بەگەڵ ریتمی تازەی ژیان دەکەوێت، واتە شیعر دەبێت بە شیعری کرانەوە بەسەر مرۆڤدا وەکو مرۆڤ، ئەم کرانەوەیەش بۆ خۆی دژی هەر کۆنەپارێزی و سەلەفییەتێکە. واتە شیعری تازە هەڵوێستێکی مرۆڤانییە، کەڵکەڵە مرۆڤانییەکان لە ڕێگەی هونەراندنەوە کەشفدەکات... ئیدی گوزارشتی شیعری لە ئەنجامی کارلێکی ناوەوەو دەرەوە شیعرییەتی خۆی دەسەبەردەکات و لە دەقێکی کراوەدا بەر جەستە دەبێت...

بەڵام لایەنگرانی ئەزمونی سیاسی ئایدۆلۆجی، ئەگەر دەرفەتێکی تازەش بە گوزارشتی شیعری بدەن، ئەوا زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکانیان لە دەقی داخراودا، واتە لە چوارچێوەیەکی فیکری پێشوەختە ئامادەکراودا بەرجەستە دەبێت و..

---

تیبینی:بۆ زانیاری پتر بڕوانە:

١-اسگورە الادب الرفیع/د. علی الوردی/گ٢ -١٩٩٤

٢- الپابت والمتحول/ الاصول/ ١٩٧٤/ادونیس

# ٥- ڕاوە خەیاڵ

یەکێك لە ڕەگەزە شیعرییەکان ، وێنەی شیعرییە، جا تا تەڕو تازە بێ، پتر بەرجەستە دەبێت و بە شێوەیەکی زندوو و کوتوپڕ، دڵ و دەروون پاراو دەکات و ئۆخژن بە ناخ دەبەخشێت. جا لێرەدا دەبێت ئاماژەیەکی خێرا بۆ ئەوە بکرێت کە شیعر ژانرە ئەدەبێکی هەرە تایبەتییەو ڕەنگە بکەوێتە دەرێی بازنەی ژینگەو مێژووەوە، و خۆی مێژووی خۆی بێت، جا وێنەی شیعری زادەو پابەندی هیچ هاڕوژانێکی دەروونی نییە،و دەنگدانەوەی ڕابردووش نییە، بەڵکو لە میانەی پرشنگدانەوەی وێنەکانەوە، ڕابردووی دوور دەنگدەداتەوەو هیچ دیار نییە ئەو دەنگدانەوەیە لە چ قوڵاییەکەوە دێ و لە کوێ کۆتایی دێت. وێنەی شیعری ناسنامەو دینامیکییەتی خۆی هەیە. جا بۆیە خوێنەری شیعر لە سەرێتی دەرك بە حەقیقەتی تایبەتمەندی وێنەی شیعری بکات و هەرگیز وێنەی شیعری بەبریکاری شتێکی دی نەزانێ. چونکە لە دەرێی تایبەتمەندییەکەی خۆیدا مردار دەبێتەوەو خۆی بەدەستەوە نادات و لەزەتە ئەستاتیکییەکەی لە دەست دەدات.. چونکە شیعر بە شێوەیەکی گشتی پتر دیاردەیەکی ڕۆحییە تا دیاردەیەکی ئەقڵانی بێت، واتە وێنە پێش بیرو بیرۆکەیە.. ڕۆح بۆخۆی پرشنگێکی ناوەوەی هەیە، بە دنیایەك ڕەنگی زۆر جوانەوە خۆی دەنوێنێ، واتە ڕۆح لە ناوەوە تیشك دەخاتە سەرخۆی و ڕەنگدانەوەی تیشکی دەرەکی نییە.. جا بەم پێیە شاعیر لە ڕێگەی وێنەی شیعرییەوە تیشك و ڕوناکی بەرهەمدێنێ و گەرم و گوڕی بە ژیان دەبەخشێت... جا ئەمە بەو مانایە نییە ئەقڵ بە تەواوەتی لە دیاردەگەرایی وێنەی شیعری بسڕینەوە... بە هەرحاڵ جان جیف گوتەنی: "شیعر ڕۆحێکە لە شێوەدا دەکرێتەوە." هەڵبەتە شێوە بەر لەوەی تیشکی شیعری ناوەوە ڕوناکی بکاتەوە، وەکو بابەت، بابەتی ئەقڵە، بەڵام ڕۆح دێت و فۆرم و شێوە دەکاتەوەو ئاوەدانی دەکاتەوە. هەڵبەتە ئەم پرۆسەیە بۆ خۆی دەنگ و دەنگدانەوەی هەیە. دیارە هەر دەنگدانەوەیەکی ڕەسەن قووڵی بە بوونمان دەبەخشێت و گۆڕانێك لە بوون دروست دەکات. چڕی و قووڵی لە شیعردا دیاردەیەکی دوولۆنەی دەنگ و دەنگدانەوەیە. پێدەچێت چڕی و قووڵی و بەپیتی شیعر یان قەسیدە، قوڵاییەکی تازە لە ناخماندا بێدار بکاتەوە. هەرشیعرێك یان دەقێکی شیعری ئەم دیاردەیەی لێکەوتەوە، نیشانەی داهێنانی ڕاستە قینەیەتی..و خوێنەر لەم حاڵەدا تەواو لەگەڵ خوێندنەوەدا ئاوێتە دەبێت، وئەم تەبایی و گونجانە لەگەڵ خوێندنەوەدا هەرگیز لە دڵبەندی جیا نابێتەوە، خوێندنەوە دەبێت بە لەزەتێکی ئەستاتیکی و ، ڕۆحی خوێنەر پاراو دەکات. دیارە لەزەتی خوێندنەوە، یان ئەم جۆرە خوێندنەوەیە، ڕەنگدانەوەی لەزەتی نووسینەو خوێنەر حاڵێکی ئەوتۆی لێدێت لە تۆ وایە تاپۆی نووسەرەکەیە. جا بەشداریکردنی خوێنەر لە لەزەتی ئەفراندندا خۆی لە خۆیدا بەڵگەی ئەفراندنە. ئەفراندنی وێنەی شیعریش لە زمانەوە هەڵدەقوڵێت...زمانی شیعریش لە زمانی ئاسایی باڵاترە، بۆیە کاتێ لەگەڵ ئەو شیعرانەدا دەژین کە دەیانخوێنینەوە، ئەزموونی ژیانەوە دووپات دەکەینەوەو زمان لەوە دەردەچێت ئامرازی پەیوەندی بێت، چونکە شیعری باش و شکۆدار کاریگەرییەکی مەزنی بەسەر ڕۆحی زمانەوە دەبێت و ئەو وێنانە دەژێنێتەوە کە وا تەسەور دەکرێت کاڵبوونەتەوە یان سڕدراونەتەوە ولەم حاڵەدا شیعری مودرێن ئازادی بە

جەستەی خۆی دەبەخشێت و دەبێ بە دیاردەیەکی ئازادی.. ئازادی لە جوڵەو تەڤگەر بەدەر نییە، بەم پێیە شیعر هەمیشە دینامیکیەتی خۆی هەیە، کە وێنە خۆی بە بەیتی شیعر دەسپێرێت بەرزە خەیاڵ لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت و لە تۆ وایە خەیاڵ دەبێت بە ڕەگی ژیانی ئەفراندن...و هەموو ئەمانەش لە زمانداو بە زمان دێتە دی و وێنەی شیعری ئەو ئەزموونە زمانەوانیانە پێکدێنێ کە مرۆڤ بە ڕۆح تیایا ژیاوەو ئاوێتەی بووە..لە شیعردا وشە بە وێنەی شیعری دەدوێ و ئەگەر بە جددی گوێی لێبگرین دەتوانین پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵدا چێبکەین. دیارە لێرەدا تەنیا شیعری شکۆدارو زندوومان مەبەستە، شیعرێك کە بتوانێ بژی و بەردەوامی بە شیعرییەتی خۆی بدات. هەڵبەتە ئەم جۆرە شیعرانەش یەجگار کەم و دەگمەنن. واتە ئەو شیعرانەی کە ڕاستەوخۆ زادەی خەیاڵن و هۆش بێدار دەکەنەوەو لە متبوونی دەخەلەسێنن و ژیان بە پیتتر دەکەن زۆر کەمن، لە کاتێکا کە خەیاڵ ڕەگەزو نیروویەکی سەرەکییە لە ڕەگەزو نیرووەکانی سروشتی مرۆڤانی، و خەیاڵ سەرچاوەو کانگەی داهێنانی وێنەیە،و خەیاڵ بە هۆی کاریگەریی خۆیەوە لە ڕابردوو ولە واقیع دامانددەبڕێت و ڕوو بە رووی ئایندە دەبێتەوە.... هەر شاعیرێك توانای خەیاڵکردنی نەبێت، یان خەیاڵدانێکی بە پیتی نەبێت، توانای هیچ جۆرە پێشبینییەکی نابێت و ئەم خەیاڵسزییە لە ڕێژەیەکی زۆری شیعری تازەی کوردیدا، زۆر بەزەقی دیارە.. خەیاڵ بە وێنەی تازە خۆی دەوڵەمەند دەکات... شیعری چاك وەکو چیایەکی چڕەدارستانی سەربەتەم وایە و خوێنەر بە زندە خەونان دەسپێرێت،و وای لێدەکات زندە خەون بدینێ .. و زندە خەونیش، خەیاڵ دەمەزەرد دەکاتەوە، تازەیی خەیاڵ لە وێنەی تازەدا ڕەنگدەداتەوەو کە وێنە تەڕو تازە بوو دنیاش تەڕو تازە دەنوێنێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بەخۆمان هەموو شتێك دابهێنین و دووبارە شتەکان بخولقێنینەوە، واتە هەموو شتێك لە ژیاندا کەرەستەی خولقاندن و خولقاندنەوەیە، ئەفراندن و ئەفراندنەوەیە، دیارە فۆرم و شێوە زادەی ژیانە، واتە ژیان دەتوانێ شێوەی زندوو بخولقێنێ، بۆیە بە پێی یاساو ڕێسای خەیاڵ و زندە خەونان فۆرم و شێوە دەکاتەماڵی ژیان و ژیان لەوێدا دەهێورێ و جۆرە دڵنیاییەکی نیگەرانی ئامێز پەیدا دەکات... دیارە لە ڕێگەی شیعرەوە زمان دەبوژێتەوەو سەرلە نوێ توانای ئازادی دەربڕین پەیدا دەکاتەوە، هەڵبەتە زمان لە هەناوی خۆیدا جەدەلیەتی کرانەوەو داخرانی هەڵگرتووە، لە میانەی ماناوە دادەخرێ، بەلام لە میانەی گوزارشتی شیعرییەوە دەکرێتەوە...

جا شیعری خالیسە هەولێکە بۆ ئەفراندنی دنیایەکی تازە، پەنجەرەکانی ئێستا بە سەر ئایندەدا دەکاتەوەو وەستان قەبوول ناکات و لەگەڵ شەپۆلی گۆڕاندایەو ماهیەتی ئەزموونی مرۆڤانی بە ئاڕاستەی ئایندەدا دەشیعرێنێ و لە قاڵبی هونەردا بەرجەستەی دەکات...و شیعری تازە تەنیا بەوەوە ناوەستێ لە چوارچێوەی هونەرە ڕەوانبێژییەکانی وەکو واتا ناسی و رونکاری و جوانکاریدا قەتیس بمێنێ وخۆی لە قەرەی ئەزموونە مرۆڤانییەکان نەدات و هەقی بەسەرەوە نەبێ.. بۆیە هەر شاعیرو ئەدیبێك بیەوێ ئەزموونی پێشینان دووبارە بکاتەوە، بشفرێ هەر لاساییکەرەوەیە، لە جیاتی ڕابردوو لە ئێستادا بژێنێتەوە، ئیستا لە ڕابردوودا زندان دەکات ، چ
شتێکی تازە ناخولقێنێ و داناهێنێت...

# ٦-شیعرییەت یەکسانە بە ئەفسانەسازی

"١"

بێگومان بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی، بە هەموو بوارەکانییەوە، لە کۆنەوە تاکو ئەمڕۆکەش پەیوەست بووە بە بارودۆخی بزاڤی سیاسی وەخت و ڕۆژی، باوی کوردستان. واتا باری رامیاری ، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاری کردۆتە سەر بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی. هەڵکشان و داکشانی بارە سیاسییەکە، هەڵکشان و داکشانی بارە ڕۆشنبیرییەکەی بەگەڵ خۆی خستووە. دیارە نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت کە باری ئابوری کوردستان هەمیشە فاکتەرێکی گرنگ بووە لە ئیفلیجاندنی جیهانبینی و ڕۆشنبیریی سیاسیمان، کەواتە ئەدەبیاتیش کەم و زۆر، ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو ئیفلیجاندنەوە.

هەڵبەتە شیعر وەکو لقێکی گرینگی ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، بێ ڕەگ و ڕەگەمانییە و خۆبەخۆ و لە خۆڕاو وەکو قارچك هەڵنەتۆقیوە و سەری هەڵنەداوەو پەیدا نەبووە، گەلەك هۆی سیاسی و ئابووری و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی دەوریان لە سەر هەڵدان و پەیدا بوونیدا دیتووە. مێژوو، هیگل گوتەنی: "بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە گەشە کردن و کامڵبوونی ڕوح لە چوارچێوەی زەماندا" جا هەر لەم پێناسەیەوە گەلێك پرسیاران دێنە گۆڕێ و وەڵامدانەوەی هەموویان بۆ ئێرە زۆر دەخایەنێ ، بۆیە لام سەرلایی دێینە سەر مێژووو دەڵێین تیرەی بەشەر وەچە دوای وەچە هاتووەو قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵ ڕەوتی خاو یان گورج و بلەزی مێژوودا هەڵکشاوە، گۆڕان بەسەر ژیان و بیرکردنەوەیدا هاتووە، ئەوەی لە قۆناغێکدا شیاو بووە، لە قۆناغێکی دیکەدا کۆن بووەو چووەتە مۆزەخانەی مێژووەوە.. کەواتە مێژوو یەکێکە لە فاکتەرە گرینگەکان و کاریگەری بەسەر سەر لەبەری چالاکییەکانی مرۆڤەوە هەیە.

ئەدەبیاتیش وەکو چالاکییەکی هەرە لە مێژینەی زهنی مرۆڤایەتی لەم حاڵە بەدەر نەبووەو نییە. بۆ وێنە لە قۆناغی ئەمڕۆماندا کەس بە شێوە و شێواز و ڕێبازی "نالی" شیعر نالێت: چونکە "نالی" کوڕو دەنگ و دەنگدانەوەی سەردەمێکی مێژوویی جیاواز لە سەردەمی ئێستای ئێمە بووە. عەبدوڵلا گۆرانیش نە کوڕو نە دەنگ و دەنگدانەوەی سەردەمی نالی بووەو نە کوڕی ئەم سەدەیەی دواییەشە وەکو حوزووری مادی، بەڵکو شیعرەکانی، دەنگدانەوەی شیعرەکانی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا حوزوری مەعنەوییان پێ بەخشیوە و هێوەتریش دەڕوات.. و هەوڵی سەرەتای عەبدوڵلا گۆران و هاوڕێکانی و پاشان ڕوانگەو ڕوانگەچیان هەروا زوو لە ئەدەبیاتی شیعری کوردیدا ناڕەوێتەوە، وەکو چۆن عەبدوڵلا گۆران و هاوڕێکانی ڕەگێکیان دەچێتەوە سەر زەمینەی شیعری قۆناغەکانی پێش خۆیان و شیعری میللەتانی دیکەش، ڕوانگەو ڕوانگەچیانیش – وێڕای ئەوەی کە هەندێ وتی وتی سیاسیان لە سەرە – بیانەوێ و نەیانەوێ ڕەگێکیان دەچێتەوە سەر عەبدوڵلا گۆران و هاوڕێکانی. دیارە وەچەی ئەمڕۆش لەم حاڵە بەدەر نابن، بە تایبەتیش کە مێژووی ئێمە، مێژوویەکی سست و خاوو مەیلەو وێستاوی لە بابەتی سەدەکانی ناوەڕاستە. نەك لە بابەتی مێژووی پڕ لە بزاڤ و گورج و خۆشبەزی سەدەکانی "١٧-٢٠"ی ئەورووپا. ئەمە جگە لەوەی هەر قۆناغێك ژێلی دەنگی خۆی دەنگدانەوەی قۆناغی پێش خۆیشی لەگەڵ خۆدا دێنێ و جیهانبینییەکی مرۆڤدۆستانەی هاوچەرخ بە خەڵکی دەبەخشێت. ئەمە هەندێکە لە خاڵی یەکانگیری و جیابوونەوەی دەنگە شیعرییە تازەکان و ڕێبەرانی شیعری ئازاد و ڕوانگەچییان و نیمچە ڕێبازەکانی دیکەی شان بە شانی نیمچە

ڕێبازی ڕوانگە. دیارە مەسەلەی زانینی زمانی بێگانەش سەرچاوەیەکی دیکەی خوێندنەوە بۆ هەندێ لە دەنگە شیعرییە تازەکان فەراهەم دەکات و ئەمەش دەبێتە ئەزموون و دێتە پاڵ ئەزموونی خۆیان و جۆرە دەوڵەمەندییەك بەم دەنگانە دەبەخشێت و ناچار پەلاماری ئەفراندنی دەقی مەزن و نەمر دەدەن.

"٢"

واقیعی حاڵی حازری نوێگەری شیعری کوردی لە ئاستی خۆزگەدا نییە. هەرچەندە ئەمە پتر پەیوەستە بە مێژووی نیمچە وەستاوی خۆمانەوە، بەڵام وەختی ئەوە هاتووە شیعر سنووری لێکچوون و خواستن و ڕەمز ببەزێنێ و بێ باکانە خۆی بە دنیای ئەفسانەدا بکات و خۆی لە دواندنی ڕاستەوخۆی جەماوەری بەرین بپارێزێ و جۆرە خۆدواندنێك بگرێتە خۆی و واز لە ڕەوتی ئاسۆیی پشت بەستوو بە تەداعی و فلاش باك بێنێ و بە شێوەیەکی هونەری بەرەو قوڵایی داکشێت. وێنە شیعرییەکانی هێندە وەستایانە بداتە دەم یەکترەوە کە خوێنەر بە خۆی مەبەستەکە هەڵێنجێ، نەك چاوەنۆڕی ئەوە بێ شاعیر مەبەستەکەی بداتێ. هەروەها تێکەڵ کردنی وێنەو ڕەمزەکانی فەرامۆش نەکات. ڕەمز بریتییە لە کەشفکردنی کۆمەڵێك ڕەمزو ڕاز و نهێنی گەشکە بەخش. واتا بینا نانەوەی واقیع بە شێوەیەکی ئەفسانەیی ئەوتۆ کە ناڕاستەوخۆ لە دەرگای تێگەیشتنی خوێنەر بدات. هەڵبەتە ئەفسانەسازی بەو مەبەستە نییە، شاعیر مەبەستی خۆی لە بن حەوت توێکڵان ڤەشێرێ و پەنا بەرێتە بەر هێندێ وشەی لەباوکەوتوو، و دەستەواژەی پچڕپچڕ و ڕستەی لنگەو قوچ و بەتەمتومان، هەڵبەتە تەم و مژی داهێنەرانە پێویستە و هەر دەقێکی گەورە بگری شکۆدارییەکی بە تەمی خۆی هەیە. بۆیە دەبێ بایەخ بە تەم و مژی داهێنەرانە بدرێت و ببێت بە هۆیەك بۆ پتر هاڕوژاندنی مرۆڤ و دیاری کردنی پێگەی مرۆڤ لە کەوندا، جا ئەمە چەند لە شیعری ئەمڕۆی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە؟ بە قەناعەتی بەندە ئەگەر لە تاك و تەرای شیعری ئەم یان ئەو شاعیریشدا ڕەنگی دابێتەوە هەر نەگەییوەتە ئاستی خۆزگە.

"٣"

دوا ڕۆژی شیعریش بەرەو ئەوە دەچێت کە شاعیر هەوڵی ئەوە نەدات شتێکی دیاریکراو بڵێت. بەڵکو لە نەگوتنی شتە دیاری کراوەکەوە هەموو شتێك نیشان بدات و بڵێت. بەڵام نەك نیشاندان و گوتنێکی چەنەبازانەی بازاڕی سواو. بەڵکو نیشاندان و گوتنێك تەنیا هێماو ئاماژەو ڕەمزی کورت وخێراو بلەز بێ.. بە کورتی کێردێکی تیژ تیژ بە نێو زامی مرۆڤدا بێڕەحمانە بگێڕێت و توێ توێ خوێی پێوە بکات.. ئەمە شیعرییەتی ڕاستەقینە بە شیعری کوردی دەبەخشێ و بێ باکانە بە ئەفسانەی دەسپێرێ و دەق لە خوێنەری تەمەڵیش دەپارێزێ.. مخابن گرفتی گەورەی خوێنەری ئێمە تەنیا ئەوە نییە کە شیعر ناناسن، بەڵکو شتێك بە شیعر یان شتگەلێك بە شیعر دادەنێن کە لە بنەڕەتدا شیعر نین – کڵۆڵ خۆت شاعیری کورد–

"٤"

شاعیری ئێستا بە گشتی و هی دوارۆژ بەتایبەتی لە سەرێتی جۆرە خوایەتییەك –خوایەتی لە ڕوانگەی شیعرییەوە– بخوڵقێنێ کە تەنیا موریدی یاخی، یاخی بەو مانایەی کە هەموو خەمێکی کەینونە پەیدا کردن بێ، قبووڵ بکات.. نەك بچێت ڕەخنە لە وەزع و حاڵێکی تایبەتی بگرێ –ئەمە بە هیچ جۆرێ کار و ئەرکی

شیعر نییە– چونکە کە خوایەتییەکە دروست بوو هەنگینیَ چ ناڕەوایی و بێدادییەك خۆی لە بەردەمیدا ڕاناگریَ.

# ٧- شیعرو سیاسەت

"١"

ئەگەر هەندێك لە نێورۆك و ڕەوتی ئەدەبیاتی كوردی بە گشتی و شیعر بەتایبەتی وردبینەوە، بۆمان بە دیاردەكەوێت كە سیاسەت و كوردێنی هەر لە كۆنەوە بابەتی سەرەكی و زەقی ئەدەبیاتمانی پێكهێناوە و ئەدەبیات پتر كراوە بە سەنگەری بەرەڤانی و بەرخودان.بێگومان میللەتێك هەرەشەی نەمانی لێبكرێت ،هەقی خۆیەتی پەنا وەبەر هەموو جۆرە سەنگەرێكی مقاوەمەت و بەرەڤانی ببات..ڕەنگە ئەم دیاردەیە بۆ سەردەمانێك پاكانەی بۆ بكرێت و بە جۆرە پەیامدارییەكی زاتی دەرهەق بە دۆزی نەتەوەی كورد حسێب بكرێت. لێ مخابن سیاسەت لەنك مە تا نهوژی هەر لە ئاستێكی سەرڤە سەرڤەدا بووەو چ فەلسەفەو ئایدۆلۆژیایەكی یەكگرتووی نەتەوەیی و كۆمەلآیەتی و چینایەتی قووڵ و ڕێك و پێك ، ڕێبەرایەتی نەكردووە تا بە هەمان قووڵی لە بزاڤە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەكەشدا ڕەنگبداتەوەو زەمینەیەكی فیكری دەوڵەمەند و زەنگین فەراهەم بكات و لە دروشمی سیاسی وەزن و قافیەدار ڕزگاری بكات..ئەركی ئەدەبیات– شیعر لەم حسێبە بەدەرە– بە تایبەتی بۆ نەتەوەی هەڕەشە لێكراوی بندەستی بەشخوراوی پاشخراو، قووڵكردنەوەی هونەرییانەی بویەر و ڕووداو وحاڵەتە ئینسانییە نەتەوەییەكانە لە ئەقڵ و ویژدانی خەڵكیدا.جا لەبەر ئەوەی ئاستی سیاسی كوردستان كاڵ و كرچ و نەخەملیو بووە و لە دەرێی خەملین و پێگەیشتنی كوردەوارییەوە سەپێنراوە ، پتر كاردانەوە بووە تا كاری ڕەسەنی خۆڕسك و واقیعی، تا ڕادەیەكی زۆر نەزۆك و نیمچە وەستاو بووە. بۆیە ئەدەبیاتی كوردییش بە شێوەیەكی گشتی ئەو حاڵەتی نیمچە وەستاوییەی وەرگرتووە، لە جێی خۆیدا ئەم پێ و ئەو پێی كردووە. دیارە ئەمەش پێوەندی بە مێژووی نیمچە وەستاوی خۆمانەوە هەیە، بۆیە ئەم پچڕپچڕی و سستی و خاوی و نیمچە وەستاوییە سیاسییەمان لە ئەدەبیاتیشدا ڕەنگی داوەتەوەو هەمان ئیفلیجی سیاسەتی بە باڵآدا بڕاوە. ئەمەش وایكردووە تا نهو لە زۆربەی شیعری تازەی كوردیدا بەرهەمێكی هونەری سەربەخۆی تاسەشكێنی ئەوتۆ نەڕسكێ كە خودێكی هونەری وەهای هەبێت، بە زەبری هونەرییەت، خۆی بە خوێنەر بناسێنێت.

"٢"

ئەدەبیاتی كوردی بە شێوەیەكی گشتی خووی بە مەبەستە سیاسییەكەوە گرتووە. لایەنی ئیستاتیكی و هونەرییەت، یان پشتگوێ خراوە یان وەكو پێویست نەخەملیوە، دیارە ئەم خووگرتنە بە یەك بابەت و مەبەستەوە، یان بە بابەتێكەوە كە ڕەنگە لە بنەڕەتدا بابەت و ئەركی ئەدەب نەبێت یان بەلای كەمەوە بابەتی پەسندی ئەدەب نەبێت، ئەمە ئەدەب لە ئەدەبییەت دەخات و ڕێگەی هەمەجۆرخوازی لێدەبڕێت و بەرهەمی گەورەی داهێنراو بە زەحمەت لە دایك دەبێت و زمان دەگرێت. دیارە لێرەدا زمانی ئەدەب، بە تایبەتی زمانی شیعر ناكاتە زمانی گەیاندن، چونكە ئەمە پتر تایبەتە بە پەخشان تا بە شیعر. بەڵكو خاسییەتی شیعر لەوەدا دەردەكەوێت كە چەند بە سخی و چڕی و چەند بە شێوەیەكی تایبەتی و هونەرییانە، زمان وەكو كەرەستەیەك بەرهەمدێنێ و بەكاردێنێت و نەفەسێكی ئیستاتیكی گیانپەروەری شیعر ڕسكێن، بەبەر دەقێكی دلڕفێندا دەكات..

"٣"

ئـەدەبيات، زادەی واقیعـەو لـە کاریگـەریی بـاری مێـژوویی و کۆمەڵایـەتی و ڕۆشـنبیری سـەردەمی خـۆی ناخەلەسێت. واتـە لـە واقیعـەوە لاولاو ئاسا بـە داوی ئەفسـوناوی خـەیاڵ و بـەهرەی داهێنەرانـە و خـەونی دەوڵەمەندا هەڵدەزنێت و لە جوانترین و دلگیرترین وێنەدا خۆی دەنوێنێت و ناسنامەی ڕەسـەنایەتی خـۆی بە دەستەوە دەگرێت و بەرەو جیهانی کەلتووری مرۆڤایەتی مل دەنێت و جێگەی شایستەی خۆی دەگرێت، کەرەستەی هەرە بنەرەتی ئەمـەش زمانـە..وەکـو پێشـتر ئاماژەمـان کـرد، چـونکە سیاسـەت بابـەتی هـەرە سەرەکی بەرهەمی شیعری تازەی کوردی (لە سییەکان بـەم لاوە) پێکهێنـاوە و سیاسـەتەکەش زۆرجـار یـان خۆی سەقەت بووە یان ئیفلیجێنراوەو تا ڕادەیەك نەزۆك بووە، بۆیـە زمـانیش لـەلای زۆربـەی شـاعیرەکان، هەر هەمان زمانی باو و وەستاو بووەو کاوێژکراوەتەوە. چونکە تـەنیا بابەتی تـازەو زینـدوو وجـۆری گـوتنی تازە، زمانی تازەو زیندووی هونـەری دەگـەڵ خۆیـدا دێنێـت. ئـەم نێـوەرۆك و مەبەسـتە زاڵـە (سیاسـەت و بەرەڤانی و بەرخودان) وایکردووە کە نەتوانرێت شیعری هونـەری کـوردی لـە ڕەگـەزەکانی دەرێـی دەقەکـە بێتە دابڕان و جیاکردنەوەو خۆبیوونی هونەریی خۆی وەربگرێت.

"٤"

ئـەوەی بـەلای لێکۆڵـەرەوەوە یـان ڕەخنـەگرێکی بـواری دەقـی شـیعرییەوە گـرینگ بێـت، هونەرییـەت و شیعرییەتی دەقەکەیە، واتە ئەو ڕەگەز و توخم و تۆوانەیە کە دەیکەن بە دەق، بە دەقێکی هونـەریی ئـەوتۆ کە نەمری بە دەست بێنێت و ڕەمزییەت ( بە مانای بارگاوی بوون بە فرەمانایی) پەیدا بکات و خوێندنـەوەی هەمە جۆرو جیاواز لە لای خوێنەرانی جیـاوازو هەمـەجۆر بوروژێنێـت یـان خوێندنـەوەی جیـاواز لای هـەمان خوێنەر لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی بوروژێنێت.

وەکو ئاماژەمان کردێ کەرەستەی هەرە گرینگی دەق زمانە..لێ ڕەنگە ئەم قسـەیە دەرهـەق بـە شـیعر، بـە تایبەتی شیعری تازە بۆ هەندێك کەس بە ئاسانی قووت نەچێت و بایـەخی زۆر بـە ڕیـتم بـدرێت و بگوترێـت ڕیتم هەموو ڕەگەزەکانی دیکەی شیعر لە سایەی خۆیـدا یەکدەخات و شـیعرییەتیان دەداتـێ و تـا ڕیتمەکـە چڕبێت، بوونی شیعریی دەق پتر جێگیر دەکـات. بۆیـە نـەمان یـان لاوازبـوونی ڕیـتم، شـیعر لـە شـیعرییەت دەخـات، یـان لـە دەقایـەتی شـیعر کـەم دەکاتـەوە، لێ بـە هـەموو حـاڵ و حسـێبێك ڕیـتم هـەر لـە زمانـەوە هەڵدەقوولێت و ئەمە حاشا هەڵناگرێت. بە هەرحاڵ زمان بـەخۆی و لـە خۆیـدا ڕەمـزو سیسـتەمێکی ڕەمـزی عەجایەبـە و هـیچ شـتێك هێنـدەی زمـان بـە فـرە مانـایی ئـاوس نییـە و مانـای هەمـەجۆر ناوروژێنێـت. مـن واتێدەگەم ڕەمزییـەت لـە شـیعری تـازەی کوردیدا گەلـەك لاوازە و زۆربـەی شـاعیرەکانمان جیـاوازی نێـوان ڕەمزو خواستن ( استعارە) ناکەن. ئەوەی لە شیعری تازەی کوردیدا بەدی دەکرێت پتر خواسـتنە تـا ڕەمـز. دەبێ ئەوەش بگوترێت کە خواستن لە شیعردا بۆ مەبەسـتی پـتر روونکردنـەوەی مەبەسـت نییـە، بـەڵکو بـۆ چڕکردنەوەی کاریگەرییە ئیستاتیکییەکەی دەقە..

"٥"

یەکێك لە عەیبەکانی شیعری تازەی کوردی بە شێوەیەکی گشتی ئەوەیە کە هەم وەکو بابەت و هەم وەکـو ئەرك، بابەت و ئەرکی پەخشانی لێ بارکراوە و ئامانجی هەرە سەرەکی خۆی کردووە بە گەیانـدنی مەبەسـت کە ئەمە ئەرکی شیعر نییە.ئـەرکی شـیعر ئەوەیـە کـە شـتەکان لـە تـەپوتۆزی ڕۆتـین و ڕاهـاتن بتـەکێنێت و هەمیشە سەرسامامان بکات..بۆ نموونـە کـاتێ تـۆ دەبیـت بـە هـاوەڵی کەسـێك و بەرەبـەرە لەگـەڵ دەنـگ و

ڕەنگیدا ڕادێیت وات لێدێت هیچ سەرنجت ناوروژێت. کاتێ بەم ڕاهاتنە ڕۆتینییە دەحەسیت و دەزانیت کە یەکێکی دی باسی ناشیرینی یان جوانی یان نیشانەیەکی هاوەڵەکەت بکات. جا ئەرکی شیعر بریتییە لە ڕەواندنەوەو نەهێشتنی ئەو ڕاهاتن و ڕۆتینە دەگەڵ ژیان و کۆمەڵ و دنیادا. دیارە ئەم ئەرکە بە زمانی ئاسایی و وێنەی شیعریی ئاسایی ئەنجام نادرێت و زمانێکی دەوێت کە بریتییە لە چڕە زمانێکی دەقخوڵقێنی سەر بەتەمی دوور لە زمانی گەیاندن (توصیل) و ئەمەش ڕەگێکی دەچێتەوە سەر کەلەپووری شیعریی و رەگێکی دەچێتەوە سە زمانی ژیانی مۆدێرن.بۆیە تا زمانی شیعر لە زمانی گەیاندن نزیك ببێتەوە– کە ئەم دەردە زۆر شیعری تازەی کوردی گرتووەتەوە– لە تەقلید و دابە شیعرییەکان دوور دەکەوێتەوەو ئاسانترو زووتر زیندوویەتی خۆی لە دەست دەدات و لە خۆڕسکی داهێنان و ئەفراندن دوور دەکەوێتەوە.

"٦"

وکو پێشتر ئاماژەمان کردێ، مەبەستی سیاسی و بابەتی بەرخودان و بەرەڤانی تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ، بابەتی زۆربەی شیعری تازەی کوردی پێکهێناوەو هەمووشمان دەزانین ئەو بابەتە سیاسیانە هەم لە بواری کوردێنی و هەم لە بواری حزبێنیدا تاڕادەیەکی زۆر سەتحیانە مامەڵەی لە تەکدا کراوەو ئەم مامەڵە کاڵ و کرچە لە شیعریشدا ڕەنگی داوەتەوەو جەماوەرێکی شیعرخوێن و شیعردۆستی کاڵوکرچی دروست کردووەو کاڵوکرچی بابەتە شیعرییەکە لە بواری ڕەخنەشدا ڕەنگی داوەتەوەو ڕەخنە لە بازنەی بیروبۆچوونی سیاسی و زۆرجار لە بازنەی بیربۆچوونی تەسکی حیزبایەتی کلێشەیی دەرنەچووە، نەیتوانیوە بگاتە جیهانی هونەرییەتی بەرهەمە شیعرییەکان و بەمەش ئاستی فامیدەیی و هونەری لەلای خوێنەرو شیعردۆستان لە جێی خۆی وەستاوەو گەشەی نەکردووەو ئەگەر کردبێتیشی زۆر بە خاوی بووە..

هەر بۆیە ئێمە زۆربەی کات حەزمان لە شیعرێك کردووە کە تینوێتی سیاسی یان حیزبیمانی شکاندبێت و هیچ تینوێتییەکی هونەریمان نەبووە تا بە خەمی پاراوکردنی بوبین، واتا تەنیا هەڵوێست ومەسئولیەتی تێکۆشانی شاعیرمان بە هەند گرتووەو کردوومانە بە مەحەکی پایەی شاعیری و ناشاعیری و داوای بەرزکردنەوەی ئاستی گشتی زەوقی هونەریی جەماوەرمان لە شاعیران نەکردووەو لەوە غافڵ بووین کە شیعری بەرخودان و مقاوەمەت دەبێ زەوقی هونەرییش لای جەماوەر پەروەردە بکات و بەر لە هەر شتێکی دی پرۆسەی کەشفکردنێکی هونەرییانەی ئایندەیە و شاعیر ئاڵا هەڵگری ئەو شۆڕشەیە کە پاشە ڕۆژێکی مرۆڤانی لەبار دەخوڵقێنێت..

"٧"

ئەز وەسا فکردەکەم شاعیر بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانی خۆی و ئاسوودەکردنی ویژدانی خۆی شیعر دەڵێت. بۆیە دەبێت لە هەر دەقنووسێکی دی ئەمینتر بێت لە بەرجەستەکردنی هونەرییانەی ڕوانین و جیهانبینی خۆی لەمەڕ مرۆڤ و دنیاو دەوروبەری مرۆڤ وەکو بوونەوەرێکی مێژوویی.شیعر باڵاترین جۆری گۆرانی و سترانی مرۆڤە بۆ بەزاندنی تەنیایی و سنووری ئەزموونی تاکپەروەری و ئاوێتە بوون لەگەڵ ئەزموونی نەتەوەیی بەشەردا. دیارە ئەم گۆرانی و سترانە تا لە دوورتر دەنگبداتەوەو بڕوات کاریگەرییەکەی پتر دەبێت، و دەبێت بە چەکێکی هونەری گرینگ بۆ رزگارکردی ئینسانییەتی مرۆڤ و نەتەوەو بەشەر لە مردن. بۆیە ئەوەی هونەری ڕەسەن لە مەرزی مەرگ دەپەڕێنێتەوەو دەگەیەنێتە نەوەکانی ئایندە، کرۆك و

جەوهەرو ڕەسەنایەتی هونەرە.هونەری ڕەسەن زەمان ناناسێت، بە نێو زەماندا دەڕوات و تێکەڵی زەمان دەبێت و لە هەر قۆناغ و سەردەمێکدا بە زەبری ڕەسەنایەتی خۆی جێگەی شایستەی خۆی دەپارێزێت..

هیچ بەرهەمێکی تەقلیدی هەرچەندە ژێهاتووانەش بێت نامێنێتەوە، چونکە ڕەسەنایەتی زاتی تێدا نییە. هەر بۆیەش زۆر زەحمەتە شیعرێك کە بۆنەو سیاسەتی باوی ڕەوتەنی ڕۆژ لەبەرچاو بگرێت، لە مێژووی ئەدەبیاتدا بمێنێتەوە، شیعر کاتێ نەمر و زیندوو دەبێت کە شاعیرانە و شێتانە گوترابێت. واتە جۆش و خرۆشێك بێ کە لە ڕۆح و دەروونی شاعیردا جڵەو نەکرێت، ماڵی نەکرێت، دەستەمۆ نەبێت، دانەسەکنێت، نەك بە تۆپزی بکرێت بە شیعر و شیعار کە بێگومان تەمەنی زۆر کورت دەبێت..

شیعری شیعاری، تەنیا لە قۆناغێکی زۆر کورتدا باوی دەبێت و هەرکە بۆنەو قۆناغەکە بووری، ئیدی هەموو ئیعتیبارێکی خۆی لە دەست دەدات و بە ڕابردوویەکی مردوو دێتەسپاردن.. وەکو دەرکەوت، ئێمە بە زاڵبوونی مەبەستی سیاسی بۆ شیعر قاییل نەبووین، کەچی ئەوەتا چەند ساڵێکە لێرەو لەوێ دیاردەی حیزباندنی شیعر سەری هەڵداوە.. دیارە ئەم گەمەیە لە هەموو گەمەکانی دی ترسناکترەو لە پایەی پەیامبەریێتی شاعیر کەم دەکاتەوەو بەرەبەرە وای لێدێت لەبری ئەوەی گۆرانی و سترانی حەقیقەت بە دەنگ و ئاوازی هونەر بۆ جەماوەری خەڵك کەشف بکات و ڕادەی فامیدەیی هونەرییان مشتوماڵ بدات، دەبێ بە درۆزنێکی ڕموزنی زمان لووسی عەوام خەڵەتێنی، ڕییا بێژی هەرزە وێژی، خوازەڵۆکی پوولەکی چاوچنۆکی وێڵی دەرێی مێژوو!..

هەفتەنامەی گوڵان،ژ(١٣٥) ١٩٩٧/٨/٢٣

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

*- نگاه نو "١"/ ١٣٧٠

*- الانسان بين الجوهر والمظهر/ اريك فروم

*- الادب من الداخل/ جورج گرابيشى

*- نظريه البنائيه فى النقد الادبى/ د. صلاح فضل

*- ئاڵای ئازادی/ ژمارە(٦٧) ئەدەب..ڕاپەڕین/ حەمەکەریم عارف

# ٨- شیعراندنی ژیان

((١))

ئەگەر هەندێ بە وردی تەمەشای شیعری تازەی دنیا بکەی دەبینی بونیادێکی سەیرو نا ئاسایی هەیە.هەڵبەتە سەیرو نائاسایی بە مانا ئیستاتیکییەکەی. بۆ نموونە زیاتر خەیاڵ بە سەریدا زاڵە تا واقیع، شپرزەیی و پەشێوی بە سەریدا زاڵە.جۆرێك لە گۆنگی و ئاڵۆزی فیلیڤانی و ئەفسوونی زمانەوانی پێوە دیارە کە ئەمە جۆرە باندۆرو کاریگەرییەکی ئەفسووناوی پێبەخشیوەو لە هەر دەربڕینێکی باووسواوی دوور خستووەتەوە. خۆی لە هەر گوتارێکی شیعریی ڕاستەوخۆ پاراستووە..یانی خەیاڵی داهێنەرانە زاڵە و پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی وزەی سازڤانی زمان و، ئەوەندەی لە خەمی شیعرییەت و هونەرییەتی شیعردایە لە خەمی گوتاری شیعریدا نییە، زیاتر بەلای دابڕاندا دایدەکێشێت و لە هەوڵی ئەوەدایە دەقی شیعر بکات بە جۆرە مومارەسەیەکی جوانی پەرستی و پاکبوونەوەی ڕوحی، یانی خوێنەری جدی و بە سەرنج وەختێ دەقێکی ڕەسەنی شیعری تازە دەخوێنێتەوە، خۆی لە ناو ئەزموونێکی هونەری جەنجاڵی پڕ ڕەمزو ڕازی ئەوتۆدا دەبینێتەوە کە هەست بە غوربەتێکی میتافیزیکی دەکات و قابیلە ئەگەر بە لەزەتێك یان سووکە لەزەتێکی ئیستاتیکییەوە بێتە دەرێ. دیارە ئەم گۆنگی و ئاڵۆزییە فیلیڤانییە،دەکاتە کارێك کە شاعیر و دەقی شیعری، نەکەونە داوی گوتارەوانی ڕاستەوخۆوە یان ختوکەدانی سۆزی جەماوەر، یان بانگەوازی سواوی ئەخلاقییەوە.دیارە جیهانبینی ئەم جۆرە شیعرە،سنووری شتە دیارو هەستپێکراوەکان دەبەزێنێت وئۆتمۆسفێرو هاماجی غەریب و نامۆ و بێسنووری خۆی بەرهەمدێنێت و، ئەمەش وادەخوازێت کە شاعیر پەنا وەبەر زمانێکی تازە ببات تا دەگەڵ ئەو جیهانبینییەدا تێکبکاتەوە کە بە زمانی تەقلیدی سواو نایەتە دەرککردن.بەڵکو بە زمانێکی سازڤانی دێتە دەرککردن، وشەو پەیڤ، جێگەی دەنگ و نۆتەی موسیقا دەگرنەوە. یانی شیعر لەم حاڵەتەدا دەبێت بە جۆرە سۆزەو زەمزەمەیەکی مۆسیقی، زیاتر گوزارشت لە ئەزموونێکی ئیستاتیکی ڕەهای میتافیکری مەندو و مەنگی هاوتای بێدەنگییەکی ئەفسووناوی دەکات..

((٢))

هەڵبەتە لەگەڵ دەسپێکی سەردەمی تازەدا، کە لە گەڵ شۆڕشی پیشەسازیدا دەستی پێکرد، نۆڕینی مرۆڤیش بۆ سروشت و بۆ خوا گۆڕا، نۆڕینی بۆ خۆی و بۆ کۆمەڵگەو تیرەی بەشەر، لە هەردوو سەدەی نۆزدەو بیستدا شانبەشانی شۆڕشە پیشەسازی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئەقڵییەکان، بە تەواوەتی گۆڕاو لە کاریگەریی ئەو شۆڕشە هەمەجۆرانە نەخەلەسی و ئەمە لە ویژدانی هونەریی و لە دەربڕین و گوزارشتی شیعرییدا، بە جۆرێ ڕەنگیدایەوە، دەشێت ناوبنرێت شۆڕشی شیعری تازە (مۆدێرن)..دیارە ئەم گۆڕانە، یان شۆڕشانە وەکو ئەڵقە بە یەکدا چووبوون و لە یەکترەوە هەڵدەقووڵان و بە یەکدی بارگاوی بوون، بۆ نموونە ڕۆمانتیکییەت، لە کلاسیکییەتەوە پەیدا بوو و ، ڕەمزییەت لوتکەی خەملێنی ڕۆمانتیکییەت بوو لە ئینگلتەراو فەرەنساو ئەڵمانیا، ریالیزم پەرچە کرداری ڕەمزییەت بوو بە هەموو شێوەکانییەوە..ئیدی شاعیر– کە بە یەکجارەکی سیفەتی هۆنەریی(نازم) لە خۆی داماڵی! کەوتە کەشفکردنی نهێنگەکانی دەروون و جیهانی ناوەوەی خۆی و، زمانێکی تازەی ئەوتۆی کەشفکرد کە بتوانێت ئیحا و سرووش و سەرۆیەك بێت بۆ ئەم دنیا تازەیەی شاعیر، واتا دنیای بێپایانی ناخودئاگا. ئیدی ئەمە جۆرە ئاڵۆزی و

گۆنگییەکی سیحر و ئەفسوونامێزی بە دەقی شیعر بەخشی کە بە ئاسانی خۆی بە دەستەوە نەدات و بەرزببێتەوە بۆ ئاستی زمانێکی سەختفام، چونکە شیعری تازە دەیەوێت بە خۆی و بۆ خۆی و لە خۆیدا، وەکو قەوارەیەکی هونەریی سەربەخۆ،هونەرییەتی خۆی ڕابگەیەنێت و، قەوارەیەك بێت، جۆرەها تیشکی دەلالەت بداتەوەو تەزووی غوربەت بە ڕۆحدا بێنێت..هەڵبەتە ئەمەش تەنیا لە ڕێگای زمانێکی شیعری ناباوەوە دێتە دی و،خوێنەر نابێت بەو نەفەسەوە مامەڵە دەگەڵ زمانی شیعردا بکات، وەکو چۆن دەگەڵ زمانی لێکدی حاڵی بووندا دەکرێت، کە ئەوزاری گوێزانەوەو گەیاندنە و تەواو.کەواتە خوێنەر دەبێت بەو نەفەسە مامەڵە لە تەك شیعری تازەدا بکات کە دیاردەیەکی بێ چەند و چوونی سەردەمی تازەو هاوچەرخە و بە جۆرەها چەمك و مانا ئاوسە و بە ڕادەیەك فرە مانایە کە خوێنەر تیایدا سەرگەردان وسەراسیمە دەبێت، بەڵام فرە مانایی و ئیمکاناتی فرە شرۆڤەو ڕاڤە، لە خەسڵەتە هەرە گرینگەکانی شیعری تازەیە.

ئەو گۆڕانە گەورەیەی کە لە سەدەی نۆزدەدا بە سەر شیعردا هات، کردیە کارێك هەمان گۆڕان بە سەر چەمکی ئەدەبیات و تیورییانی ڕەخنەشدا بێت. شیعر تا ئاخرو ئۆخری سەدەی هەژدە و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەو هێوەتریش، لە چوارچێوەو سایەی کۆمەڵگەدا دەژیا. خەڵکی چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرد کە گوزارشتێکی نموونەیی،هەڵوێست و هەستە ئاساییەکان بێت. سوکنایی بەخشی ئازارەکان و ساڕێژ کەری برینان بێت..بەڵام پاشان شیعری تازە گۆڕاو خۆی لە ژێر ئەم بارە دەرهێناو، تەوەری شیعر بوو بە خودی شیعر. شیعر بوو بە باڵاترین وخالیسەترین دیاردەی ئەدەب. ئەوپەڕی ئازادی بە خۆی دا کە گوزارشت لە خەیاڵ بکات، بە ناخی دەرووندا ڕۆبچێت و نهێنگەکانی ناخودئاگا تەی بکات.دیارە ئەم گۆڕانکارییە لەو زمانەشدا ڕەنگی دایەوە کە ڕەخنەگران و خودی شاعیرانیش لە باسی شیعردا بەکاریان دەبرد..

((٣))

لە شیعری تازەدا زەمەنی باتین دەبێت بە پەناگەی شیعر، دەقی شیعری بە دنیایەك ڕەمزو لەگەزان بارگاوی دەبێت و، وزەیەکی ڕیتمەوانی ئەوتۆ پەیدا دەکات، کە لە باری کاریگەرییەوە، لە فیکر گاریگەرترو کاراترە..زۆرجار شیعری تازە لەمەوە سەر دەکێشێت بۆ شیعری خالیسەی ئەبستراکت و ئیدی تێگەییشتنی شیعر لە باشترین حاڵەتیدا، لە ڕووی دەروونییەوە مەیسەر دەبێت. جا چونکە زمان توانای ئەوەی نییە چەمك و مانایان بە وردی بنوێنێت و عەکس بکاتەوە، ئیدی پەیوەندی نێوان شیعر وخوێنەر لەوە دەردەچێت کە پەیوەندی تێگەییشتن بێ، بەڵکو دەبێت بە جۆرە ئیحایەکی ئەفسووناوی. لەم حاڵەتەدا شیعر دەبێت بە شتێکی شەخسی و نایەتە وەسفکردن و دیاریکردن. کەسێك بە خۆی، ڕاستەو خۆ پەی پێنەبات و زەوقی لێوەرنەگرێت، کەس ناتوانێت بۆی باسبکات یان بۆی بگێڕێتەوە. ئیدی شیعر، شیعرەو تەواو، خۆی هونەرییەتی خۆی بەرهەمدێنێت و قەوارەیەکی خەوناسای، خەیاڵاوی، سیحرامێز پەیدا دەکات.جا لێرەدا، شاعیر دەبێ بە خەڵوەتنشینی، خەڵوەتخانەی شیعر و پەنا وەبەر زمانێکی گۆنگ و ئاڵۆزی فیلیڤانی سەختفامی ئەوتۆ دەبات کە ئەوەی ئەهلی شیعر نەبێت،خاوەنی هۆشمەندییەکی هونەریی ڕەخشان نەبێت ،بە ئاسانی تێی ناگات. چونکە شاعیر زیاتر کاریگەریی ئەفسووناوی و نەباوکردنی باوەکان و، ڕیشاژۆکردنی ئەزموونە باتینییەکان و تەقاندنەوەی، وزە پەنهانەکانی وشەی مەبەستە تا بابەت. بۆیە خوێنەر کە شیعرێکی تازە دەخوێنێتەوە، وا هەستدەکات حایر و سەرسام، سەراسیمەو سەرگەردان، بە نێو چڕە دارستانێکی فرە ڕەمزو ڕازی بە هەیبەت و سامناکدا دەڕوات، لە ناکاوا سیمورغێکی ئەفسانەیی لە

وەسف نەهاتگ دێت، باڵی بۆ ڕادەخات، دەیبات بۆ حەوت تەبەقەی ئاسمان و لەوێ بەدەم زەمزەمەی ئەزموونێکی ئیستاتیکی سیحراوییەوە بێدار دەبێتەوەو ئۆخژنێکی نادیار بە ڕۆحیدا دەگەڕێت و بەو دەقەوە ئەفسوون دەبێت. واتە ئەرکی شیعر، شیعری تازە لەوە دەردەچێت، گوێزانەوەو گەیاندنی مانایەك یان زنجیرە مانایەك بێت. بەڵکو دەبێت بە دروستکردنی قەوارەیەکی سازڤانی زیندووی سەربەخۆ و مامەڵە دەگەڵ ئەو ڕەگەزە ڕیتمەوانی ونەواییانەدا دەکات کە لە زماندا پەنهانە..ئیدی شاعیر ، سیحربازانە لە پرۆسە شیعرییەکەیدا مامەڵە دەگەڵ ڕیتم و نەواو ئاوازو تۆناندا دەکات، بیر لەوە ناکاتەوە واقیع کۆپی بکاتەوە، بەڵکو هونەریانە دەیگۆڕێت، دەیەوێ واقیع لە واقیعیەتی خۆی ڕزگار بکات.ڕوناکییەکی سحری ئەوتۆی پێدەدات کە واقیعییەتەکەی لێدەسڕێتەوە..

((٤))

مەبەستی شیعری تازە ئەوەیە کە بگاتە نادیار، بگاتە دیتنی ئەوەی نایەتە دیتن، بیستنی ئەوەی نایەتە بیستن، گوتنی ئەوەی نایەتە گوتن..گرتنی ئەوە نایەتە گرتن، بۆنکردنی ئەوەی نایەتە بۆنکردن، فەتحی نادیارەکان، دابڕانی خودی شیعریی لە خودی شەخسی و دەروونی.. یانی بگاتە شیعرییەتێکی فیلیڤانی ئیحابەخش نەك ئاسانفام، یانی بێ منەت لە جەماوەر و وەرگر.داخراوی و گۆنگی دەقە شیعرییەکە، وەرگر ناچار بکات گوێی لێبگرێت و هەرجارەی ڕاڤەو شرۆڤەیەکی تازەی بۆ بکات، بە نەباوی و غەرابەتی خۆی، وەرگرانی دژەباو وبێزار لە باوییەت، بەلای خۆیدا ڕاکێشێت..هەڵبەتە لێرەدا نابێت دەوری وشە فەرامۆش بکرێت، چونکە شیعری تازە بە فیکر دروست ناکرێت بەڵکو بە وشە دروست دەکرێت. واتە شیعری تازە بە ڕادەیەك پشت بە وشەێن ئیحابەخشی فرەماناو دەلالەت دەبەستێ و وزەو توانا لەبن نەهاتوو و بێپایانەکانی زمان بە جۆرێ دەتەقێنێتەوە، کە دەبێت بە ناوەرۆکی شیعرەکەو،گۆنگی و ئالۆزی شیعرەکە، کە دیاردەیەکی شیعری تازەیە،لێرەوە پەیدا دەبێت.. واتە شاعیری هاوچەرخ، قەناعەتی تەواوی بەوە هەیە کە پەیڤ و وشە وزەو تواناو ئیمکاناتێکی ئەفسووناوی کاریگەر و ئیحابەخشی زیاتر لە فیکری هەیە. واتە لێرەدا شیعر وەکو کارێکی خالیسە، قەوارەیەکی سەربەخۆی خودکەفایی پەیدا دەکات، دەبێت بەو زمانەی کە هیچ زمانێکی دیکە جێگەی ناگرێتەوە. هەڵبەتە زمانی شیعری تازە، زمانێکی ڕون و ئاسانفام نییە و خوێنەر بە دەستییەوە گیرۆدە دەبێت، نە بە ئاسانی تێیدەگات و نە بە ئاسانی زەوقی لێدەبینێت ، چونکە لە سنووری تێگەییشتنی ئاسایی دەردەچێت و دەگاتە ئاستێك کە وشە ڕەسەنایەتی و بەرائەتی ئەسڵی خۆی وەردەگرێتەوەو لێرەدا وشە، عەینی چەخماخە پرشنگێك دەدات و بەرەبەرە لە بێدەنگی نزیك دەبێتەوە و خۆی ئامادە دەکات کە بە زمانی بێدەنگی ، نەگوتەنییەکان، بڵێت. ئەم دیاردەیە خوێنەری لێدەتۆرێنێت. بۆیە شیعری تازە خوێنەری کەمە و زیاتر خەڵکی بژاردە ڕووی تێدەکەن. دیارە هۆی ئەم گۆنگی و ئاڵۆزییەی زمان، زیاتر لەو بیرۆکەیەوە هاتووە کە ئەرکی ئەدیب ئەوەیە کە ڕێگە نەدات زمان بە جۆرێ لە قاڵب بدرێت، کە نەیەڵێت شیعر شتی زۆر تازە بڵێت، چونکە داهێنانی شیعریی لە بنەڕەتدا تازەکردنەوەی پرۆسەی داهێنانی زمانەوانی ڕەسەنە.جا زمان لەمجۆرە شیعرەدا ئەوزاری لێکدی حاڵی بوون و گەیاندن نییە، پردێك نییە لە نێوان خوێنەر و نووسەردا.بەڵکو زمان جۆرە گوزارشتێکە لە خودی خۆی وئەگەر لە حاڵێکا بە ئاستەمێك لە خەمی خوێنەریشدا بێت، ئەوا لە خەمی ژمارەیەکی زۆر کەمی خوێنەری بژاردەدایە..خوێنەری کراوەو ئامادە بۆ تێگەییشتنی هەمەجۆر. ئەو خوێنەرەی کە مانا بە دەقی

شیعرەکە دەبەخشێت، جا بەم پێودانگە هەر قەسیدەیەك، بە ئەندازەی ژمارەی خوێنەرەکانی مانا هەڵدەگرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شیعری تازە زیاتر شیعری ئیحاییە تا شیعری وەسف و ناوبردنی ڕاستەوخۆ بێت، کە سیحری لەزەتە ئەدەبییەکە بە تاڵ دەکاتەوەو خوێنەری لێ مەحرووم دەکات. جا ئەو باندۆر وکاریگەرییەی، ئەم ئیحاگەرییە، لای خوێنەر چێدەکات، تاقە پردی نێوان شاعیری مۆدرێن و خوێنەرە.

هەڵبەتە ئاساییە کە دەبێ زمانی شیعری تازە زمانێکی تازە بێت، زمانێ کە پسپۆڕانی ڕێزمان و دەستوری زمان هیچی لێنازانن . واتە زمانێکی موسیقی وەکو زمانی خوێندنی بولبول،کە تەنیا خوێندنی مەبەست بێ و بەبێ وشە ئۆخژن بە ڕۆح ببەخشێت . ئەراگۆن لە پێشەکی دیوانی چاوانی ئیلزادا دەڵێت: شیعر بە هۆی خوڵقاندنی تازەو بەردەوامی زمانەوە، لە ڕێگەی ڕوخاندنی هاوئاهەنگی زمانەوانییەوە، لە ڕێگەی شکاندنی دەستوورەکانییەوە، لە ڕێگەی گۆڕینی تەرتیبی باوی زمانەوە، پەیدا دەبێت. واتە لەم حاڵەتەدا شێواز بۆ خۆی و لە خۆیدا دەبێت بە ئامانج و ماناو تیمەو ئەنگێزەو نێوەرۆکە شیعرییەکان لەودا و لە پشت ئەوەوە پەنهان دەبن..

((٥))

گوتمان یەکێك لە خەسڵەتەکانی شیعری مۆدێرن، ئاڵۆزی و گۆنگییە. لە ڕاستیدا شیعری مۆدێرن، ئەرکێکی یەجگار قورس و غەریب بە ملی زماندا دەدات، ئەویش ئەوەیە کە هەم مانا بنوێنێت و هەم بیشارێتەوە.واتە گۆنگی و ئاڵۆزی دەبێت بە پرەنسیپێکی ئیستاتیکی گشتی ئەم شیعرە. یانی ئاڵۆزی ئیستاتیکی، دەقی شیعریی، لە ئەرکە بنەڕەتییەکەی زمان کە گوێزانەوەو گەیاندنە دادەبڕێت، لە نیمچە بۆشاییدا هەڵیدەواسێت، تا خوێنەر هەوڵبدات لێی نزیك ببێتەوە، ئەو دوور دەکەوێتەوە. یانی بە ئاسانی خۆی بە دەستەوە نادات. ڕستەو دەستەواژە و ئامرازێن زمانەوانی پچڕپچڕ و غەریبە، ڕستەی کراوەو ئیحایی تیایدا زاڵە. واتە بە سیحر و ئەفسوونی خۆی خوێنەر، بکێش دەکات. ئیدی با بە تەواوەتی لە شیعرەکەش نەگات، ئیحای شیعرەکە لەو توانا حسی و هەستەوانیانەوە هەڵدەقوڵێت کە لە زمانەکەدا پەنهانە، واتە لە ڕیتم و ئاهەنگ و ئاواز و دەنگدا پەنهانە.جا ئەمجۆرە شیعرەی زیاتر پشت بە ئەفسوون و ئیحای زمان دەبەستێت، بە جۆرێ دەسەلأت بە وشە دەدات کە بکاتە بەردی بناغەی کردە شیعرییەکە. بۆیە هەر شیعرێك، بە ئەندازەی ژمارەی خوێنەرانی خۆی مانا هەڵدەگرێت، بگرە زۆرجار لای یەك خوێنەریش، لە خوێندنەوەیەکەوە بۆ خوێندنەوەیەکی دی ماناکەی دەگۆڕێت. هەڵبەتە پەیوەندی نێوان شاعیرو شیعر جیایە لە پەیوەندی نێوان خوێنەرو شیعر. شاعیر کە لە نووسینی شیعرەکەی دەبێتەوە، ئیدی لە دەستی ئەو دەردەچێت، ڕەنگە خوێنەر مانای وای لێهەڵێنجێت کە دوور و نزیك بە خەیاڵی شاعیردا نەهاتبێت..

***

بە هەرحاڵ، شیعر، بە تایبەتی شیعری تازە، وەکو ئەزموونێکی فیلیڤانی داهێنەرانە، تەواو لە ئەزموونی سۆفیگەرانە نزیك دەبێتەوەو هەمان هێزو کاریگەریی سیحر پەیدا دەکات و زۆر زەحمەتە بێتە پێناسە کردن. بەڵام لە بنەڕەتدا بە خەمی شیعراندن و هونەراندنی ژیانەوەیە، بە خەمی ئەوەوەیە ژیانی باتینی و

توانای فیلیڤانی و تازەگەریی و داهێنانی مرۆڤ، شاعیرانە و بە شێوازی تایبەتی خۆی لە هەر سوان و پوان و پووکانەوەیەك ڕزگار بکات..

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە بگوترێ کە هەر وشە ڕیزکردنێکی بێسەرو بەر، هەر چەنەبازییەکی ناشیعری، هەر ڕستەیەکی تێك شکێنراوی ناباو، هەر بانگەوازێکی ئیباحییەتخوازی سێکسی، ناکاتە شیعری تازە، هەر هەولێکی دەستکردی نارەسەن بە ناوی داهێنانەوەو، بە مەبەستی گوایە پێشەنگایەتییەوە، ناکاتە شیعری تازە.شیعری تازە پێویستە زادەی زەروورەتی هونەری بێت نەك لاسایی کردنەوەی کوێرانەو چاولێکەری و مۆدبازی، هەر هەولێکی لەو بابەتە بە مردوویی لە دایك دەبێت و هیچ بۆشاییەکی هەنەری پڕناکاتەوە...

٢ /٢٠١٦

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

١- سوزان بیرنار/قصیده النپر من بودلیر الی ایامنا/ترجمه:د.زهیر مجیدمغامس/مراجعه: د.علی جواد الگاهر/ دارالمامون للترجمه والنشر/بغداد-١٩٩٣

٢- الدکتور عبدالغفار مکاوی/پوره الشعر من بودلیر الی العصر الحدیپ/الجزء الاول، الدراسه/ الهیئه المصریه العامه للکتاب/١٩٧٢

# ٩- جەلال زەنگابادی و جیلوەی شیعر

"١"

لەم دنیایەدا هەرکەسەو جۆرە ئەشق و هیوایەتێکی هەیە.هەستدەکات پەیوەندییەکی ئەفسوناوی لە نێوان ئەو و ئەو هیوایەت و شتەدا هەیە.پەیوەندییەك کە هەستی پێدەکرێت،بەلاًم وەسف ناکرێت..بە کورتییەکەی ئەو هیوایەتە دەبێت بە جۆرە تەوتەمێك لەلای ئەو کەسە ،کەسایەتی خۆی لەو هیوایەتەدا،لەو تەوتەمەدا دەبینێتەوەو دەدۆزێتەوە..بۆ نموونە شیعر بۆ بابایەکی شاعیری ڕاستەقینە تەوتەمە، لەودا دەژی.دەردە دڵی خۆی دەگەڵ ئەودا دەکات،و بەو سوکنایی ڕۆحی دێت..خۆی وەقفی ئەو دەکات،ئاشقی دەبێت. ئاوێتەی دەبێت و لەودا دەتوێتەوە..ئەو شتە دەبێت بە پەرستگە و پەرستراوی، بە خانەقا و بە پیری.

جەلال لە کوێرە گوندێکی گەرمیاندا چاوی بە ژیان هەڵێنا و کاتێکی بە خۆ زانی، وەکو ماسییەکی چکۆلەی ڕاهاتووی گۆلاوێکی بچکۆلە، کەوتە نێو دەریای پڕ پێل و شەپۆلی جەنجاڵی شارەوە..حەپەسا،سەرسام بوو، ئەمە چ غوربەتستانێکە ! بە غەریبی بە ناوکەوت، کەس هێندەی غەریب تامەزرۆی قسە نییە، کەس هێندەی غەریب پێویستی بە هاودەم نییە، ئەم پێداویستییە حەیاتییە پەلی جەلالی گرت، بەدنیای ئەدەبیات، بە قەڵەمی ئاشنا کرد.هەر زوو پەی بەوە برد ئەگەر ئەدەبیات دەریا بێت، شیعر شەپۆلە، شەپۆل ڕۆحی دەریایە،بۆیە هەر لەسەردەمی نۆلاوییەوە، ئاشقی شەپۆل بوو،شەپۆلی کرد بە ئەڤین و ڤیانی خۆی، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: شەپۆل نایەڵێت لە بیر بچمەوە، شەپۆل، نایەڵێت خوو بە شەوەوە بگرم، شەپۆل زمانم دەپژێنێت، غەریبیم دەلاوێنێ،فێرم دەکات چۆن باسی هەتاو بکەم.فێرم دەکات چاوپۆشی لە چاوەڕوانی نەکەم..مەیدان بۆ نائومێدی، بۆ بێدەنگی چۆڵ نەکەم..بۆیە لەوساوە، لە منداڵییەوە سواری شەپۆلی شیعر بوو،وەکو سوارچاکێك بە لێنی بە خۆی داوە، سوێندی خواردووە کە ئەو تەوتەمە پیرۆزە، شیعر ، بە زێڕ نەفرۆشێت.ئەو ئەمانەتە خواییە بە زوڵم و زۆر تەسلیم نەکات،ئەو زمانە خواییە بە هیچ زمانێکی دی نەگۆڕێتەوەو هەرگیز خیانەت بەو ئەمانەتە پیرۆزە نەکات..

" ٢"

هەڵبەتە لە بەرەبەیانی مێژووەوە،بەشەر خولیای نەمریی کەوتووەتە سەر، ڕێگای جۆراوجۆری بۆ وەدەستهێنانی ئەو کەڵکەڵەیە گرتووەتە بەر..یەکێك لەو ڕێگایانە شیعر بووە.دیارە بە درێژایی مێژوو خەڵکانێکی زۆر خۆیان لەم بوارە داوەو کەسانێکی زۆر کەم پەریونەتەوەو گەییونەتە ترۆپکی شیعرو عەرشی شیعریان ئاوەدان کردووەتەوە..بۆ نموونە تەنیا یەك (حافیز) یان یەك (شەکسپیر) لەم دنیایەدا هەن.ئەمە خۆی لە خۆیدا بەڵگەو نیشانەی ئەوەیە کە ڕازێك لە شیعردا هەیەو بە هەموو کەس هەڵنایەت، بۆیە شاعیر لە سەرێتی کار بۆ دۆزینەوەو نیشاندان و شیعراندنی ئەو ڕازە بکات،دەنا شەو و ڕۆژ لافی شاعیری لێبدات، لە هەرزەبێژێك بەولاوە هیچی تر نییە،و بەگەڵ کاروانی ڕۆشنبیرکوژی دەکەوێت..شاعیر لە سەرێتی خۆی لە تەجرەبیاتی ژیانی ڕەمەکی مەردمدا غەرق بکات،بێئەوەی مەسخ ببێت،شاعیر لە سەرێتی بە زەبری شیعر کار بۆ شۆڕەتی نەتەوەیی و جیهانی خۆی بکات بێئەوەی ببێ بە توفەیلی و مشەخۆری دام

ودەزگا جۆراوجۆرەکان،و کورسی هەرەبەرزی شیعر واز لێبێنێ و خۆی لە سوچ و کەلێنی ڕۆژنامـانی بـازاڕی بخزێنێ،شاعیر نابێت سایەنشینی کەس قەبوولّ بکات، چونکە شاعیر داهێنـەرەو دەبێـت هـەر بـە داهێنـەری بمێنێتەوە،شاعیر گەر داوای نەنووسینی لێکرا، دەبێت سوورتر بێ لەسەر نووسین، نەگوتەنییەکان بکـات بـە ڕەمز و بە خەڵکی بڵێ..شاعیر دەبێ هەمیشە بە دەنگی بەرز بانگەوازی (انا الشعر) بکـات و دنیـا بکـات بـە چراخانێك ئەوسەری دیار نەبێت..بەڵام ئەمە مانای وانییە هەرشیعارێك بە شیعر بزانرێت.چـونکە ئـەم جـۆرە شیعارانە نە بایەخی هونەرییان دەبێت و نـە کاریگـەریی ڕۆشـنبیریی، ئەگەرچـی ڕەنگـە لـە هەنـدێ قۆناغـدا بایـەخێکی ڕەوتـەنی کۆمەڵایـەتی هـەبێت..هـەر شـیعارێك بگریـت هـەوێنی مـەرگی خـۆی لـە نـاو خۆیـدا هەڵگرتووە.. شیعرییەت و حەساسییەتی شیعری ناسنامەی ڕاستەقینەی هەر شیعرێکی زندوو ونـەمرەو هـەر شیعرێکی ڕەسـەنیش بگری خـۆ بـە خـۆ پـەیامی مرۆڤایـەتی و مرۆڤدۆسـتی لـە خـۆ دەگرێت و لـەوە دوور دەکەوێتــەوە کــە ببــێ بــە دەهــۆڵ و زوڕنــای هــیچ دەســەڵات و دۆزێــك، وناچــێتە ســایەی هــیچ تــە تەقسـیمبەندییەکی سیاسـیانەو دەسـتکردەوە: شـاعیر سایەنشـینی کـەس قـەبوولّ ناکـات، چـونکە بـەخۆی خودان عەرشە، خودانی جوانترین عەرشە، ئەویش عەرشی عەزیمی بێ هاوتـای شـیعرە،گەر شـاعیر بـە هـەر عەرشۆکەیەکی دیکەی بگۆڕێتەوە، خودای شیعر دەیگرێت..

"٣"

جەلال، بە شیعر پێمان دەڵێت کە شیعر تەنیا بەهرە نییە، بەڵکو هونەریشە.بۆیـە شـاعیر هـەر بەوەنـدەوە ناوەستێ کە گوزارشت لە کەڵکەڵە و سۆزوگودازی ناخی خـۆی بکات،بـەڵکو چـۆنیەتی گوزارشـتکردنەکە زۆر گرینگـە..بۆیـە چـەندێتی و چـۆنیەتی وتـن لـە یەکەیـەکی یەکپارچـەی هونەریـدا یـەکانگیر دەبێـت و پێـی دەگوترێت (شیعرییەت)،شیعرییەت بەوە چێدەبێت کە خۆت لە لاسایی کردنـەوەی نموونـەکانی پـێش خـۆت بپارێزیت و خۆت لە شتەباوەکانی واقیع دووربگریت..یانی مامەڵەیەکی هونەریانە دەگەڵ دیـوی ناوەوە،یـانی کەشفکردنی نادیارەکان، ڕوونکردنەوەی ونگە تاریکەکان، یانی وشـە بـە مانـا باوەکـانی بـەکار نایەت،بـەڵکو هەر وشەیەك بە چەندین ماناو ئەگەران ئاوسە..یانی دامەزراندن و بناغە ڕشتنی سەرەتایەکی تازە..شاعیری ڕەسـەن و چـاك ئەوەیـە نـۆڕین و جیهـانبینی تایبـەتی بـۆ دنیـا هـەبێت..شـێوازی تایبـەتی هـەبێت بـۆ گوزارشتکردن لەو جیهانبینییەو بەرجەسـتە کردنـی ئـەو نـۆڕین و خەونانـە.چونکە شـیعر بـە تایبەتمەندییـە هونەرییەکەی هەڵدەسەنگینرێت..یانی ناسنامەی هەر شیعرێك تایبەتمەندییەکەیەتی نەك شتێکی دیکـە.بۆیـە لـە شـیعری جەلالـدا ئـەوەمان بـۆ دەردەکـەوێ کـە شـیعر ئەوەنـدەی دیاردەیـەکی هونەرییـە، دیاردەیـەکی کۆمەڵایەتی نییە..

بـەهای ئیسـتاتیکی هـەر دەقێکـی شـیعری لەوەدایـە تـا چـەند ئیحـات دەداتـێ، هەسـتت دەجـۆڵێنێ، چ هزرینێکی تازە کەشف دەکات، چ پرسیارێك دەوروژێنێ..هەر هـەموو ئەمانـە لـە شـیعری زەنگابادیـدا بـەدی دەکرێت..

ئەوەی مایەی سەرنجە زەنگابادی لە شیعرەکانیا بە ئاشکرا هەوڵدەدات لە نێو دەریای زمانـدا، شـەپۆلێکی تایبەت بێت،لە هیچ شەپۆلێکی تر نەچێت، تـەنیا لـە خـۆی بچێت.جـەلال تـا هەسـتی بـەوە نـەکردبێت کـە شتێکی تازەی جیاوازی پێیە بۆ گوتن، پەنای بۆ شیعر نەبردووە،واتە شیعر بەرۆکی ئـەوی گرتـووە نـەك بـە پێچـەوانەوە، شـیعر لـەلای جـەلال هێنـدە ئـازیزە کـە زۆرجـار حـەزدەکات بـڵاوی نەکاتـەوە وەکـو ئـەوەی

منداڵێکی یەجگار جوان بێت و بترسێت بە چاوەوە بێت..یانی شیعر گوزارشتە لە شتێك کە گوزارشی لێناکرێت..یانی ئەوەی بە شیعر دەگوترێت جیایە لە هەر وتن و گوتارێکی دیکە. بۆیە لە ناو زماندا،زمانێکی تازەی بۆ خۆی دروستکردووە،کۆمەڵێك دەستەواژەی تازەی بۆ خۆی چێکردووەو رەگەزەکانی زمانی بە شێوەیەکی تازە بەکارهێناوەو شیعر بەلای جەلالەوە پرۆسەیەکی کەشفکاری یەجگار هەستیارەو کاری هەر ئیدیعاچییەك نییە.شیعر لەلای زەنگابادی چەلەنگی و چالاکییەکی ئەستاتیکی بە گۆڕان ئاوسە..بۆیە زمانی شیعر لە نك وی بارگاوییە بە وزەیەکی تازەو دەیەوێت سنوورداری زمان ببەزێنێ و لە بێ سنووری زماندا ئەوە بڵێت کە ناوترێت یان بە زمانی ئاسایی ناگوترێت..و خۆی لە قەرەی شتە دیارەکان نادات،بەڵکو زیاتر خۆی لە قەرەی نادیاران دەدات..

"٤"

جەلال،شاعیرو نووسەرو وەرگێڕێکی زۆر بە تواناو کارامەیە، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەنووسێت، شارەزاییەکی زۆر باشی لە شێوەزارە کوردییەکاندا هەیە، دەیان بەرهەمی لە کوردییەوە بۆ عەرەبی و لە عەرەبییەوە بۆ کوردی پاچڤە کردووە.دەیان بەرهەمی لە زمانانی فارسی و ئینگلیزی و ئەسپانی و ئازەرییەوە بۆ کوردی و عەرەبی وەرگێڕاوە..جگە لە ناوی جەلال وەردە و جەلال زەنگابادی بە چەندین ناوی خوازراوی دیکەوە بەرهەمی بلاوکردوەتەوە..هەر لە تۆلاوییەوە ڕەمودەی دنیای رۆشنبیری بووە،وەکو کەسایەتیەکی ڕادیکالی سەربەخۆ ڕێگەی خەباتی رۆشنبیریی گرتووەتەبەر..لە ساڵی ١٩٥١دا لە گوندی قەڵای زەنگاباد لە دایك بووە، لە ساڵی ١٩٦٩دا خانەی مامۆستایانی کەرکوکی تەواوکردووە.نزیکەی بیست دانە ساڵ لە دێهاتە دوورە دەستەکاندا، وەکو دوورخراوەو نیمچە دوورخراوە، مامۆستایەتی کردووە.لە ساڵی ١٩٩٢دا وازی لە مامۆستایەتی هێناوە، وەکو رۆژنامەنووس لە وەزارەتی رۆشنبیریی کوردستان دامەزراوە.لە ساڵی ١٩٧٧وە وەکو نووسەر لە گۆڤاری (کەلتوور)ی دکتۆر سەلاح خالس کاری رۆژنامەوانی کردووە..بابی، لەبەر هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەی لە ساڵی ١٩٦٠دا تیرۆر کراوە.ئیدی جەلال بۆ بژێوی خۆی و کەسوکارەکەی هەر بە منداڵی ملی بە زۆر کارەوە ناوەو سەرفرازانە ژیاوە..لە ساڵی ١٩٦٣وە دەستی داوەتە نووسین و لە ساڵی ١٩٦٧وە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمەکانی بلاودەکاتەوە..ئیدی سەدان بەرهەمی لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی عێراق و دەرەوەی عێراق بلاو بوونەتەوەو بە شێکی یەجگار کەمیان لە کتێبدا بلاوبوونەتەوە، کە ئەگەر کۆبکرێنەوە خۆیان لە پتر لە پەنجا کتێب دەدەن.وەکو نووسەرو سەرپەرشتیاری زمانەوانی وسکرتێری نووسین و سەرۆك و جێگری سەرۆکی نووسین لە چەندین گۆڤار و بلاوکراوەی هەرێمی کوردستاندا کاری کردووە.لە چەند بۆنەیەکی رێزلێنانی دەستەجەمیدا، لە لایەن سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان(١٩٩٨,١٩٩٣) و وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان (٢٠٠٣) و بنکەی گەلاوێژ (٢٠٠٥) رێزی لێنراوە..

مامۆستا جەلال زەنگابادی، لە زۆر بواری رۆشنبیریدا قەڵەمڕانی کردووەو سەرکەوتنی بەرچاوی تیا بە دەستهێناوە.بەڵام ماشوقە هەرە ئازیزەکەی هەر شیعرەو تا ئیستا مەیلی شیعری بە هیچ کایەیەکی رۆشنبیریی دیکە نەداوە.. دیوانێکی شیعری زۆر گەورەی هەیە بە نێوی (جەلالستان ) کە لە ئەنجامدا هەموو شیعرەکانی کە دەیانیان لە رۆژنامەو گۆڤارو ماڵپەڕاندا بلاو بوونەتەوە لە خۆ دەگرێت..تا ئیستا دوو دیوانی شیعری بە نێوی: (قصائد تأبى أي عنوان )لەلایەن وەشانخانەی الرعد للانتاج الگباعي–٢٠٠٩،و

(هاهی معجزتی)،لەلایەن منشورات الجمل –٠ ٢٠٠٩ بلاوبوونەتەوە.هەروەها کتێبێکی بە نێوی: ( دیوان عمر الخیام/دراسە وترجمە منتومە/ترجمە وتقدیم جلال زەنگابادی،لە لایەن منشورات الجمل،لە ساڵی ٢٠١٠دا بلاو کراوەتەوە..هەروەها کتێبێکی دیکەی بە نێوی : (ڤل الصوت وقصص اخری) کە کۆمەڵە چیرۆکێکی حەمەکەریم عارفە لە لایەن دەزگای شەفەقەوە بلاوکراوەتەوە. کۆمەڵە شیعرێکی برای ئەدیبمان کاك فەرهاد شاکەلی کردووە بە عەرەبی و لە لوبنان چاپ بووە، وبیرەوەرییەکی خاتوو مەهاباد قەرەداغی– شی بە نێوی: (سنە فی الجحیم )کردووە بە عەرەبی و لە هەولێر بە کتێب بلاوبوەتەوە.

بەهەرحاڵ گوتمان مامۆستا جەلال شاعیرەو هێشتا مەیلی شیعری بە هیچ ژانرێکی ئەدەبی و رۆشنبیریی دیکە نەداوە.. بگرە شاعیرانەش دەژی..پێیوایە شاعیر نابێت شتێکی دیاریکراو بڵێ ،بەڵکو لە نەگوتنی شتە دیاریکراوەکەوە هەموو شتێك نیشان بدات و بڵێت، بەڵام نەك نیشان دان و گوتنێکی بازاڕی و چەنەبازانە، بەڵکو نیشاندان و گوتنێك تەنیا هێماو ئاماژەو ڕەمزی کورت و خێراو بلەز بێت..بە کورتی کێردێکی تیژ بە نێو زامی مرۆڤدا بگێرێت و توێ توێ خوێی پێوە بکات تا خۆی لە بیر نەکات، چونکە ئەمە شیعرییەت بە شیعر دەبەخشێت، بە ئەفسانەی دەسپێرێت و دەق لە خوێنەری تەمەڵ دەپارێزێ. مخابن گرفتی گەورەی خوێنەری ئێمە تەنیا ئەوە نییە کە شیعر ناناسن، بەڵکو شتێك بە شیعر دەزانن کە لە بنەرەتدا شیعر نییە.جا کلۆڵ خۆت شاعیری کورد ! !..

شیعر زمانی خودایە، بۆیە شاعیر لە سەرێتی جۆرە خوایەتییەك بخولقێنێ کە تەنیا موریدی یاخی، یاخی بەو مانایەی کە هەموو خەمێکی کەینوونە پەیداکردن بێت، قەبووڵ بکات.نەك بچێت ڕەخنە لە وەزع و حاڵێکی تایبەتی بگرێت– کە ئەمە کارو ئەرکی شیعر نییە– چونکە کە خوایەتییەکە دروست بوو، هەنگینێ چ ناڕەوایی وبێدادییەك خۆی لە بەردەمیدا ناگرێت..

بەهەرحاڵ وەکو گوتم تەوتەمی جەلال، ماشوقەی جەلال شیعرە،ئەم پیاوە پڕ بە مانای ئەشق، ئاشقێنی دەگەڵ شیعردا دەکات، ئەشق دەشیعرێنێ و شیعر دەئاشقێنێ..بۆیە مامۆستا جەلال شاعیرێکە تەنیا وەکو خۆیەتی، ولە کەس ناچێت و تا ئیستا خۆی لە هەر شیعربازییەك پاراستووە، جەلال ئەو شاعیرەیە کە لە کانگای دڵەوە دەڵێم :خۆزی زۆری وامان هەبوایە..

لە کۆتاییدا سوپاس بۆ بەرپرس و ستافی هەفتەنامەی بارزان نیوز کە لەم دەست پێشکەرییە مەتەوازیعەدا، مامۆستای ئەدیب و شاعیری بە توانا جەلال زەنگابادیان بەسەر کردووەتەوە، کە بەراستی شایستەی هەموو ڕێزێکە و مخابن دام و دەزگا رۆشنبیرییەکانی کوردستان بەرانبەر بەم ئەدیبەو زۆرکەسی دیکە یەجگار کەمتەرخەمن..

تێبینـــــــــــــــــــــــــــــــــی:

هەفتەنامەی بارزان نیوز لە ٢٠١١/٤/٣دا لە شاری هەولێر لە کۆڕێکی چکۆلەی جواندا ڕێورەسمێکی ڕێزلێنانیان بۆ مامۆستا جەلال زەنگابادی سازکرد و ئەم وتارە بەو بونەیەوەو لەو بۆنەیەدا پێشکەش کراوە.

# ١٠- یەکانگیری شاعیرو پەیڤ

"١"

ئەگەر بتەوێ لە هەر دیاردەیەکی کۆمەلآیەتی بکۆڵیتەوەو بچیتە بنج وبنەوانی ورەگ وریشەی بدۆزیتەوە دەبێت لەو ژینگەوکۆمەلگەیەدا بۆی بگەڕێی کە تیایدا پەیدابووەو سەری هەڵداوە،بۆ نموونە خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی کۆمەلگەی جاهیلی عەرب بریتی بووە لە وابەستەیی خێڵەکی، هێرش وپەلامارو غەزوو وشیعر...لەو سەروبەندەدا حکومەتی مەرکەزی نەبووە، بۆیە بابایەکی ساراگەڕی بەدوو پەنای بردووەتە بەر خێڵ تا خۆی وموڵك وماڵەکەی بپارێزێ،هەرکەسێك ئەمەی نەکردبێ، واتە پەنای نەبووبێ،نەیتوانیوە لە بیاباندا هەڵبکات و بژی،هەر لەبەر ئەمەش مەسەلەی وابەستەگی وشانازی خێلآیەتی سەری هەڵداوەو گرینگی بە ڕەگ و ڕەچەڵەك دراوە..دیارە کۆمەلگەی خێڵەکی دەبێتە مایەی غەزوو وبەردەوامی شەڕ.چونکە بیابانی وشك وبرینگ و کەمبژێوی،تەنیا خەڵکی دڕوبەهێز دەگرێتە خۆو خەڵکی لاوازو نەوێر تیایدا هەڵناکات،واتە بە پێچەوانەی کۆمەلگەی شارستانییەوە،کە خەڵکانی لاوازی نەوێر،ئەگەر کاروکاسبی و پیشەیەکیان هەبێت دەتوانن لە سایەی حکومەتدا بژین ونان پەیدابکەن و حکومەت پارێزگارییان لێدەکات تا باجیان لێ بستێنێت.

ئیدی لە دوای ئەو خەسڵەتانەوە دەوری شیعر دێتە ئاراوە. وەکو دەزانین شاعیری سارانشین، زمانحاڵی خێڵەو بەرگری لە پایەو ئیحتوباری دەکات..ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئازایەتی و دەست وقام بە تەنیا بەس نییە بۆ ژیان لە بیاباندا، بۆیە دەبێت لە هەرخێڵێکدا کەسێك هەبێ بە زمان داکۆکی لێبکات وەکو چۆن سوارچاك بە شمشێر بەرگری لێدەکات..جا شاعیری جاهیلی بە حوکمی ئەوەی زمانحاڵی خێڵە،نابێت کاسبی بەشیعرەوە بکات،چونکە ئەگەر ئەمە بکات لە بەرچاوی خەڵکی دەکەوێ وئەو کاریگەرییە کۆمەلآیەتییەی نابێت کە لێی چاوەڕوان دەکرێت..هەڵبەتە هەندێك لە خودان نەزەران پێیان وایە شیعری جاهیلی لە باری پێکهاتەی زمانەوانیەوە بتەوە، پڕسۆزوبەجۆشە،بەلآم لە ڕووی ناوەرۆکی هزریی یان بەرزەخەیاڵیی هزر وڕۆژێنەوە لاوازە، بۆیە کاتێ بۆ زمانانی دیکە وەردەگێڕدرێ، بایەخی خۆی لە دەست دەدات..

ئەم بۆچوونە تا ڕادەیەکی زۆر دروستە،بەلآم دەبێت ئەوە ڕەچاو بکرێت کە شاعیری جاهیلی بە پێی پێوەری شارییان،شاعیر نییە،بەلکو جەنگاوەرێکە،زۆربەی مەبەستە شیعرییەکانی بە دەوری تەوەرەی دلاوەری وشانازی وستایش وداشۆریندا دەسوڕێتەوە.تەنانەت غەزەل و وەسفی تەبیعەتیش دەکاتە پردێك بۆ گەییشتن بە مەبەستە سەرەکییەکەی خۆی، دیاریشە ئارمانجی شاعیری جاهیلی بریتییە لە جاویدان کردن یان ستایشی خێڵەکەی خۆی.جا شیعری ستایش و شانازی و داشۆرین بە تەبیعەت وادەخوازێ، بە شێوازو زمانێکی بە ئاهەنگ وڕیتمداری جۆشداری وەها بێتە دەربڕین کە ئەزبەرکرن وگوتنەوەی ئاسان بێت ودەماو دەم بکات، ئیدی گرینگ نییە لە ڕووی ماناو دەلالەتەوە درۆ بێت یان دووبارە بێت..واتە ئاسانی وڕوونی، دیاردەو خەسڵەتی هەر زمانێکە کە مەدح یان زەمی تیادا زاڵ بێت.چونکە ئەو زمانە سۆزێکی تیادا زاڵەو بۆیە زەحمەتە بتوانێت ئەودیوی شتەکان بخوێنێتەوەو مانای تازەیان لێ هەڵێنجێ، هەڵبەتە ئەم جۆرە

شیعره پڕجۆشانه، پەنا دەبەنە بەر موبالەغەو تەنانەت درۆی شاخداریش، بۆیە ناکرێ ڕووداوی مێـژوویی لـە میانەی ئەم دەقە شیعریانەوە بخوێنرێتـەوەو هـەڵێنجرێ و بکـرێ بـە بەڵگـە، بـەڵام دەکـرێ ئـەو بـەهاو دابـە کۆمەڵایەتیانـەی لێـوە هـەڵێنجرێ کـە لـەو سـەردەمەدا بـاوبووە.چـونکە ئاسـاییە شـاعیر لـە سـتایش یـان سەرزەنشتەکەیدا درۆبکات و زیادی پێوە بنێت، بەڵام ئەستەمە لـە باسـی ئـەو بـەها ودابـە کۆمەڵایەتییانـەی کە لە ستایش وسەرزەنشتەکانیا پشتی پێ دەبەستێ درۆبکات، ڕەنگـە شـاعیر درۆ بکات،پیـاوێکی بودەڵـەو ترسنۆك، بە ئازاوسەنگین وەسف بکات، بەڵام لەم وەسفەوە ئەوە بەدیار دەکەوێت کـە ئازایـەتی وسـەنگینی لە کۆمەڵگەی زەمانی ئەو شیعرەدا،سیفەتێکی پەسند بووە،دیارە شـاعیر چـەند لـە وێنـە گرتنـی ڕووداوانـدا درۆ بکات، ناتوانێت لە وێنە گرتنی بەها کۆمەڵایەتییەکاندا درۆبکات، چـونکە ئـەو بـاوو بەهایانـە لـە کانگـای ڕۆح وناخیا ڕیشەیان داکوتاوەو بیەوێ و نەیەوێ دەکەوێتە ژێر کاریگەریانەوە.

"٢"

کـاتێ کـە شـاعیرانی عـەرەب، بـەهۆی فتوحاتـەوەو لەگـەڵ بزوتنـەوەی فتوحـات و وڵاتگیریـدا لـە سـنوورو کەوشەنی دوڕگەی عەرەبی،وچوارچێوەی پەیوەندییە خێڵەکییەکان دەرچـوون و هـەرێم و وڵاتـان وشـوێنانی دیکەیان بینی چاوەڕوانی ئەوە دەکرا لە سنووری بابەتە شیعرییە تەقلیدییەکەشیان دەربچـن وکرانەوەیـەکی شیعریی بەخۆوە بدینن وژیانی تازەی هەرێمە فەتحکراوەکان کاریـان تێبکـات و ئـەم تازەییـە لـە شـیعریاندا ڕەنگ بداتەوە..کەچی ئەم کرانەوە سیاسیە ئاینیە هیچ جۆرە گۆڕانێکی هونەریی لێنەکەوتەوە، بەڵکو تـەنیا بابەتەکانی برێك دەوڵەمەند کردن..ڕاستە وڵاتگیری ئیسلامی بەلای کەمـەوە لـە بـاری ئاسـۆییەوە وڵاتـانێکی گـۆڕی ومێژوویـەکی زۆری بـە تـەواوەتی گـۆڕی، بـەڵام نـە لـە ڕووی داسـتانییەوەو نـە لـە ڕووی هونـەریی شیعرییەوە نەبوو بە ئیلهامبەخشـی چامە یـان قەسـیدەیەکی گـەورە..ئـەوەی نـاونرا شـیعری فتوحـات، لـە هەموو لایەنێکەوە لە خوار ئاستی شیعریی جاهیلیەوە بوو..جا کە ئیسـلام بـۆ خـۆی نـەبوو بـە سەرچـاوەی شیعری بۆ ئەو شاعیرانەی هەر لە سەرەتاوە باوەڕیان پێهێنا،ئاساییە کـە فتوحـات و وڵاتگیریـش نـەبێت بـە ئیلهامبەخشیان..بۆیە شاعیری عەرەب لە ڕووی گوزارشتی هونەرییـەوە بـە دەقـی خۆیـەوە مایەوە،هـەر بـە حەساسیەتە بەدەوی وئەقڵیەتە جاهیلیەکەی خۆی پشت گەرم بوو..جا ئەو شیعرە عەرەبیەی لە سـەردەمی فتوحات نووسراوە، ئەگەر ئیلهامی لـە پرەنسـیپی ئیسـلام و زمـان وچـەمك ومانـای قورعـانیش وەرگرتبـێ، زۆربەی هەرە زۆری،ئەگەر نەڵێین هەر هـەمووی، شـیعری ڕاسـتەخۆو ڕاپۆرکـای وگوزارشـی بـووەو لـە ڕووی هونەرییەوە زۆر لاوازو خراپ بووە.

بەڵام ئەم شیعرە بایەخی مێژوویی ونرخی هزری خۆی هەیە..هـەر هـیچ نـەبێت شـیعری عـەرەبی لـە بازنـەی وابەستەگی خێڵایەتییەوە گواستەوە بـۆ بازنـەی وابەسـتەگییەکی تـازە:وابەسـتەگی مـەزەبی یـان سیاسـی: ئەمەش خۆی لە خۆیدا زەمینەی خۆشکرد بۆ سەرهەڵدانی شیعری ئایدۆلۆجی..قۆناغی فتوحات و وڵاتگـیری جیاوازیەکی چینایەتی گەورەی لێکەوتەوەو شاعیران کەوتنە گلەیی وگازاندەو ناڕەزایی لە وەزع وحاڵی ژیان و بژێوی خۆیان،دیارە چەکی دەستیان بۆ ئەم مەبەستە شیعر بووە،شیعریان،یا ستایش بووە یا داشـۆرین و زەم بووە کە یەکەمیان،واتە ستایشەکە ئەگەر مانای ڕەفزیشی لە خـۆ گرتبـێ ڕەفزێکـی نـەرێنی ونێگـەتیف بووە،ودووەمیـان ڕەفزێکــی ئــەرێنی وئیجـابی بووە،هــەردوو حاڵەتەکــە وا دەخــوازن کــە شــیعرەکەیان ڕاستەوخۆو بەڕادەیەك ئاسان وسادە بێت کە بە ئاسانی بکەوێتە سەر زاری خەڵکی..ئەمەش دەکاتـە کارێك

که دەقی شیعری قاڵبی هۆنراوەو هەڵبەست(نەزم)وجۆرە وشەبازییەك وەربگرێ و هیچ بایەخێکی هونەری تازە پەیدا نەکات ولە باشترین حاڵدا لاسایی کردنەوەیەکی باشی شیعرو زمانی کۆن بێت..بەلاَم لە نیوەی سەدەی دووەمی کۆچیەوە ژیان وپەیوەندی شارنشینی هاتە گۆڕێ..بەرەبەرە زەمینەی گۆڕانی شیعریش خۆش بوو وشاعیرانی وەکو بەشاربن بورد هاتنە مەیدان، بەشار ڕێچکەو ڕێبازی شاعیرانی پێش خۆی نەگرتە بەر،چونکە شیعر بەلای بەشارەوە هونەر بوو وهونەر تەنیا بەهرە نییە،بەڵکو چۆنیەتی گوزارشت کردنە لەو بەهرەیە، چونکە بەهرە مەرج نیە بەتەنیا هیچ بایەخێکی شیعری هەبێ، وەختێ بایەخ پەیدا دەکات کە بێتە هونەراندن.

بایەخی شیعری بەشار تەنیا لە لایەنە هونەرییەکەیدا نیە،بەڵکو لە هەڵوێستە ئایدۆلۆجیە گشتیەکەشیدایە..داب ونەریتە کۆمەلاَیەتیە باوەکانی ڕەفزکردووە،لێیان بە گومان بووە،گاڵتەی پێکردوون..گاڵتەی بە دەسەلاَت هاتووە..لە داب ونەریتە ئاکاریەکان لایداوەو بانگەوازی لەزەتخوازی وحەلاَڵی لەزەتخوازی کردووە..ئیدی دەسەلاَتدارانی کۆمەلاَیەتی و ئاینی وسیاسی لە خۆی هاڕوژاندو کرد بە دژمن و سەری کرد بە شاباشی هەڵوێستی شیعری و هزری خۆی و لە ساڵی ٧٨٥ز بە فەرمانی خەلیفە مەهدی لە ژێر شەلاقدا کوژرا.بەلاَم هەستیاری وگوزارشتی پەیوەندی وژیانی شارستانی زیاتر لە لای ئەبو نواس و ئەبوتەمام بەرجەستە بوو.هەردووکیان ڕێچکەی کۆنیان ڕەفزکرد،بەلاَم هەریەکەیان لە ئەفراندن و تازەگەریدا ڕێبازێکی تایبەتی گرتەبەر.. تازەگەری ئەبو تەمام مەوداو ڕەهەندی داهێنانی وەرگرت ، هی ئەبو نواس ڕەهەندێکی مەجازی و خوازەیی و ڕەمزی وەرگرت.یانی شێوەی ژیانی بیابان وشێوەی گوزارشت لەو ژینە ڕەفز دەکات،بانگەواز بۆ ژیانێکی دیکە، بۆ ژیانی شار دەکات، کە جۆرە گوزارشتێکی جیاواز دەخوازێ..یانی ئەبو نواس شتێکی تایبەت بە خۆی دادەمەزرێنێ، خۆی ڕێگە بۆ خۆی دەکاتەوە،دەیەوێ لە ئەزموونی خۆیەوەو بە ئەزموونی خۆی مامەڵە دەگەڵ دنیادا بکات و دژی هەر شتێك دەوەستێ کە ئازادی مرۆڤ سانسۆر دەکات..تەنیا بە گۆڕینی ژیان ناوەستێ و سوکنایی نایەت بەڵکو دەخوازێ مرۆڤیش بگۆڕێ، توانا پەنهان وسەرکوتکراوەکانی کەشف بکات، بۆیە نەك هەر تەقلیدوباوە شیعریە کۆنەکە ڕەفز دەکات بەڵکو تەقلیدە ئاینیەکەش ڕەفز دەکات.ئەگەر بە رایی وئەولەوییەت لای ئەبونواس بۆ ئەزموون بێت،ئەوا لای ئەبو تەمام بۆ زمانی شیعرییە..پێکگەییشتنی شاعیرو پەیڤ بە پێکگەییشتنی جووتە ئاشقێکی شەیدا دشوبهێنێ..جا وشە لێرەدا شتەکانی دنیا وەکو خۆی نانوێنێتەوە، بەڵکو شتەکان لە نوێ دەخولقێنێتەوە، واتە بە شێوازێکی مەجازیانە،بە ستایلی تایبەتی خۆی جیهان دەخولقێنێتەوە.بۆیە وشە لە کەرەستەیەکی فۆنەتیکی پترە، هەر وشەیەك بوونێکی تایبەتی، ڕیتمێکی تایبەتی کەشف دەکات..ژیان وەبەر زماندا دەکات،وشیعر دێنێتە زمان وهەر هەموو پەیوەندییە باوە فۆنەتیکی و دەلالیەکان دەگۆڕێت ومانایەك بە وشە دەبەخشێت کە پێشتر ئەو مانایەی نەبووە.زمانی شیعری لە گوزارشتی ئاسایی وسروشتیەوە دەگوازێتەوە بۆ گوزارشت ودەربرینی هونەری، واتە هونەراندنی زمان و پەڕاندنەوەی لە حەقیقەتی واقیعیەوە بۆ خەیاڵی مەجازی و خوازەیی،کە ئەمە بە تەواوەتی لە شیعری ئەبو تەمامدا بەرجستە بووەو بۆیە بە شاعیرترین ئەهلی شیعری ڕۆژگاری خۆی دانراوە..

بایەخی هەر دەقێك بە هونەرییەت وئەدەبییەتی دەقەکەوەیە.واتە دەق بەوە پێوانە ناکرێت کە لە ڕۆژگارێکی کۆندا یان تازەدا هاتبێتە نووسین،دەق بە خۆی ولە خۆیدا تەوەرەی هەڵسەنگاندنە، بێ ئەوەی گوێ بەسەردەمی نووسینی یان بە خاوەن و نووسەرەکەی بدرێت..دیارە هەموو کۆنێکیش تازەی سەردەمی خۆی بووە،واتە بایەخی دەقی شیعری لە خودی شیعرەکەدایە نەك لە دەرێی شیعرەکە،لێرەدا مەبەست لە شیعر یان دەقی شیعری یەکەیەکی یەکپارچەی هونەرییە، قەوارەیەکی ئەدەبی یەکگرتووەو هیچ دابەشبوونێك بەسەر نێوەرۆك وشێوەدا قەبوڵ ناکات.چونکە نێوەرۆك یان مانا بۆ خۆی و بەتەنیا قەوارەیەکی سەربەخۆی نییە، بەڵکو لەناو خودی زماندایە،وئەم ئاوێتەبوونە بە ڕادەیەکە دەشێت بگوترێ شێوەی گوزارشت و نیشاندان دەکاتە نێوەرۆك ومانا،بۆیە گۆڕانی شێوەی دەربڕین وگوزارشت،بە ناچاری گۆڕانی مانای لێدەکەوێتەوە. واتە لە دەقی شیعری ڕەسەندا جەوهەری شیعرەکە وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری گرینگە نەك ئەو ڕەگەزانەی کە دەقەکەیان پێکهێناوە.چونکە شیعر لەم حاڵەتەدا بریتی نیە لە کۆمەڵە یاساو ڕێسایەکی پێشوەختەو هەتا هەتایە دووبارە بکرێتەوە،بەڵکو ئەزموونێکی قووڵەو دەیەوێ پێواروپەنهانەکانی ناخ و دەروون کەشف بکات و بیان هونەرێنێ،کە ئەم پرۆسەیە بە هیچ جۆرێ بە قاڵب وڕێساو یاسای پێشوەختە قابیل نابێت و بەدەم چێبوونی هونەرییەوە، کە لە کرۆکدا پرۆسەیەکی قاڵبشکێنیە، یاساو ڕێساو قاڵبی خۆی بەرهەم دێنێ و دەقایەتی خۆی وەکو قەوارەیەکی هونەری سەربەخۆ ڕادەگەیەنێت..

پەراوێز:

*- بەشار بن بورد(٧١٤-٧٨٤ز):

لە خێزانێکی گومناو بووە،بەکوێری لە بەسرە گەورەو پەروەردە بووە، ڕاستە زەلیلی چاو بووە بەڵام بینای زیرەکی وئاوەزێکی لە ڕادە بەدەر بووە.لە تەمەنی دەساڵیدا شیعری گوتووە. هەڵبەتە بەهۆی مەحروم بوونی لە لەزەتی بینین تا ڕادەیەکی زۆر ڕقی لە کۆمەڵگە بووەو لەبەر ئەمە بێتر ڕووی لە شیعری داشۆرین بووە.لە کاتێکا سەرانسەری وڵات یەکپارچە داشۆرین و هەجووی جەریروفرزدەق و ئەختەڵ بوو.بەشار هەستا واسڵی کوڕی عەتای هەجوو کرد.ئەویش خەڵکی لێهاندا،لە تاوا بەسرەی بەجێهێشت و پەنای بۆ سلێمانی کوڕی هیشام کوڕی عەبدولمەلیك لە حەڕان بردو ستایشی کرد،بەڵام سلێمان وەکو پێویست پاداشی نەدایەوەو،ئیدی بۆ بەسرە زڤڕییەوە.کاتێ کە دەوڵەتی عەباسییەکان دامەزرا،لە سەرەتادا نەك هەر پشتیوانی لێنەکرد،بەڵکو هەجوویەکی زۆر توندی ئەبوجەعفەری مەنسوریشی کرد،کاتێ عەباسییەکان هێزیان پەیدا کردو جێ پێیان قایم بوو هەوڵیدا لە گەڵیاندا بسازێ.پەیوەندی بە خالیدی بەرمەکییەوە کرد، ئەویش بەخششێکی زۆری بۆ بڕییەوەودەستی پێوەی بوو.پاشان لەلای خەلیفە مەهدی بەختی کرایەوە،خەڵکێکی زۆر حەسوودیان پێ دەبردو خەلیفەیان لێ پڕکرد،ئەویش لە بەخششان بێ بەری کرد.ئەوە بوو بەغدای جێهێشت وبۆ بەسرە گەڕایەوەو شەڕە شیعرێکی توندی دەگەڵ حەمادی کوڕی عەجرەدا کەوتە بەینەوە.ئیدی هەجوویەکی توندی یاقووبی کوڕی داود،وەزیری مەهدی کرد.ئیدی تۆمەتی زەندەقەی درایە پاڵ ولەژێر شەلاقاندا کوشتیان و لە بەسرە بەخاك سپێردرا..

بەشار شاعیرێکی خۆڕسکی فرە بابەت بوو،مانای داهێنراوی زۆر بوو، لایەنی کۆمیدی و تراجیدی ئاوێتە دەکرد، لە تەشەروهەجوودا بالآدەست بوو،لە فەخروشانازی،غەزەل و هەجوو،وپەندو حیکمەتدا داهێنەر بوو،دیوانەکەی لە ساڵی ١٩٥٠دا لە قاهیرە بڵاوبووەتەوە.. پاشان لە بەیروت ولە شوێنانی دیکەش چاپ کراوەو لێکۆڵینەوەی لەسەرکراوەو دەیان باس ولێکۆڵینەوەو ماستەر نامەودکتۆرانامەی دەربارە نووسراوە..

*- ئەبونواس(٧٦٣-٨١٤ز):

ناوی حەسەنی کوڕی هانییە. لە ئەهواز لە دایك بووە،لە بەسرە گەورە بووە، زانستەکانی سەردەمی خۆی خوێندووەو بە پێی توانا لێی هەڵێنجاون.لەلای والیبەی کوڕی ئەلحوباب خوێندوویەتی کە پیاوێکی زمان شڕودەم پیس وبێ پەروا بووە و ئەبونواس لەو لایەنەوە گرەوی لە مامۆستاکەی بردووەتەوە. لە تەمەنی سی ساڵیدا هاتووەتە بەغداو بووە بە هاودەمی میرانی ماڵباتی عەباسیان.ئەبونواس هاودەمی هارونە ڕەشید بووە. پاشان ساردییەکیان کەوتووەتە بەین و هارونە ڕەشید حەپسی کردووە. کە ئەمین لە جێی بابی هاتە سەر حوکم،ئەبونواسی ئازاد کرد،وکردی بە هاودەم وشاعیری دەربارى خۆی، مەئموون ئەمەی لەبەرگران بوو وخوتبە خوێنانی خۆراسانی هاندا کە لۆمەی ئەمین بکەن بۆ شاعیرێك کە گرتوویەتی خۆی.ئەوەبوو بۆ ماوەی سێ هەیڤان دەزندانی پەستاوت، وەختێ ئەبونواس لە زیندان هاتە دەرێ نەخۆشی کەسیرەی کردبوو وزۆری نەبرد کۆچی دوایی کرد.هەڵبەتە بۆچوونی فرە جیاواز چ دەربارەی ساڵی لە دایکبوون وچ ساڵی مردنی ئەبونواس هەیە..

ئەبونواس لە کەڵە شاعیرانی عەرەبی زمانە وباشترین شاعیری بواری بادەو بادەنۆشییە و بە شاعیرو فەیلەسوفی ئەم جۆرە شیعرە دادەنرێ.هەڵبەتە لە مەیدانە شیعرییەکانی تریشدا خۆی تاقیکردووەتەوەو شاعیریەتی خۆی سەلماندووە.لە زمانزانیدا بێ هاوتا بووە.جاحیز لەمبارەیەوە دەڵێت:لە عەمراتما کەسم لە ئەبونواس زمانزانترو زار ڕەوانتر نەدیتووە..لە زانستیشدا هێندە زانا بووە کە یەکێکی میناکی ئیمامی شافیعی پەسندی داوەو گوتوویەتی ئەگەر مجوون و بێ پەروایی ئەبونواس نەبوایە، زانستم لێ وەردەگرت.

دیوانەکەی لە ساڵی ١٨٦١دا لە میسر چاپکراوەو زۆرجاری تریش لە وڵاتانی تری وەکو لوبنان و عێراق چاپ و چاپکراوەتەوەو بە دەیان لێکۆڵینەوە لەسەر ژیان و بەرهەمی ئەبونواس نووسراوە..

*- ئەبوتەمام(٨٠٤-٨٤٦ز):

حەبیب کوڕی ئەوس کوڕی ئەلحارس ئەلتائیە:لە شاعیرە هەرە بەناوبانگەکانی عەرەبە. لە گوندی جاسمی دەڤەری حوران،لە باشوری سوریا لە دایك بووە، لە دیمەشق گەورە بووە، بە منداڵی لە لای جۆلآیەك کرێکار بووە.لە هەوەڵی لاویدا رووی کردووەتە وڵاتی میسر، لەوێندەر لە مزگەوتی گەورەی میسردا بە گۆزە ئاوی فرۆشتووەو خۆی پێ ژیاندووە،گوێی لە باس وخواسە زمانەوانی وئەدەبیەکانی ئەوێ گرتووە،بە گوێرەی توانا کتێبی ئەدەبی وزانستی خوێندووەتەوە. لە میسر بووە بە موسوڵمان، ئەوجا بۆ دیمەشق گەڕاوەتەوە، ئیدی بەهرەو سەلیقەی شیعری بە تەواوەتی ڕسکاوەوخەملیوەو پوختە بووە.دیارە کاسبی بە شیعری خۆیەوە کردووەو لەم پێناوەدا ئەم میرو ئەو میری کردووە.کاتێ کە ئەستێرەی شیعریی کەوتە بەرزی ودرەوشایەوە، موعتەسەم ناردی بە شوێنیا کە بچێ بۆ بەغدا، لەوێ زۆری رێزگرت وخستیە ریزی پێشەوەی شاعیرانی سەردەمی خۆیەوە.ئیدی لە عێراقدا مایەوەو پاشان کرا بە بەرپرسی پۆستەی موسڵ ودوای

کەمتر لە دوو ساڵ کۆچی دوایی کرد. ئەبو تەمام چەند بەرهەمێکی هەیە لەوانە: دیوانی شیعر، کەڵە شاعیران، دیوانی حەماسەت، وهەڵبژاردەی شیعری خێڵان..

بەهەرحاڵ ئەبو تەمام خودانی شیعری بەرزو ئەدەبی باڵاو رۆشنبیریی وئەقڵ ومەعریفەتێکی دەوڵەمەند بووە. لە بواری لاوانەوەو ستایشدا وەستایەکی دەست ڕەنگین بووە. لە بواری وەسف و هەجوو وگلەیی وسکاڵاشدا خۆی جەڕباندووە،بەڵام نەگەییوەتە ئاستی لاوانەوەو ستایشەکانیا.. لە ساڵی ١٨٥٦دا لە بۆمبای دیوانەکەی چاپ کراوە.پاشان لە بەیروت و قاهیرەو بەغداش چاپ کراوەتەوەو دەیان لێکۆڵینەوەو باس و تۆژینەوە ی شایستە لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی، لە لایەن ئەدیبان وپسپۆڕان وباسکاران وتوێژەرانی عەرەبەوە کراوە..

بۆ زانیاری بێتر بڕوانە:

*- ادونیس، الپابت والمتحول ٣-صدمه الحداپه

*- شعرواندیشه، داریوش اشوری، چاپ پنجم ١٣٨٧ ،نشر مرکز

*- شیعرکوژی،چاپی ٢٠١٠ کەرکوك،حەمەکەریم عارف

*-موسوعه الادب والادبا و العرب-الجزو الخامس، العصر العباسی(١) اعداد: د. إمیل بدیع یعقوب ص١٧٦-١٧٧

*- هەمان سەرچاوە. الجزو السادس،العصر العباسی(٢) ص٣٥٠-٣٥١،ص٥٠٧-٥٠٨

# ١١- حەمەکەریم عارف...
# قەڵەمێکی بە ئەزموون و ڕەسەنی کوردستانی

## بەرزانی مەلا تەها

-١-

حەمەکەریم عارف چیرۆکنووس و نووسەرو وەرگێڕو ڕەخنەگر، قەڵەمێکی دیارو نێودارو ناسراوی دونیای ڕۆشنبیریی و ئەدەبیی کوردییە، بەرهەمگەلێکی زۆروزەبەند و بەقەدرو بەها وسەنگین و سەلاری هەیە، لە بوارەکانی چیرۆکنووسین و نووسین و وەرگێڕاندا خەمخۆرێکی بێ وێنەو خاوەن سەلیقەیەکی زۆرو توانایەکی لە ڕادەبەدەری زمانەوانی هەیە، لە پێچوپەناو کون و قوشبنەکانی زمانی کوردیدا وشەی مردووی دەرهێناوەو زیندووی کردوونەتەوەو تەڕیتی پێبەخشیون، (هەژار)ی وشە و بووژێنەرەوەی فەرهەنگی ڕەسەنی کوردییە، بە هەڵگێڕو وەرگێڕکردنی بەرهەمەکانی دەگەیتە ئەو قەناعەتە، لە بوارەکانی دیکەی هونەری، سیاسی، مێژوویی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی بەرهەم و نووسراوەی گرنگ گرنگ و بەپێزی هەیە، لێوانرێژن لە بیروبۆچوون و فیکرەو تەرحی بەرز، لە دونیای ڕۆژنامەنووسیشدا سەرنووسەری چەندین گۆڤارو بڵاوکراوەی ئەدەبی بووە لەوانە (گولآنی العربی، نەوشەفەق، گزنگ)، لە چیرۆکنووسیندا بەتواناو فرە بەرهەمە و چەندین چیرۆکی نایاب نایاب و فرەماناو فرە ڕەهەندی هەیە، چەندین چیرۆك و ڕۆمان و شاکاری گەورەی جیهانی کورداندووە و خەڵکانێکی زۆر عەوداڵی بەرهەمەکانین لەم ڕووە، دیسانەوە لەبارەی شیعرو شاعیری، چیرۆك و ڕۆمان نووسین و سەرنج و ڕەخنەی تایبەت بەخۆی هەیە کە دەکرێ ئیشی لە سەر بکرێ و بنیاتی شیعرو چیرۆك و ڕۆمانی کوردی لە سەر بکرێ، لەم پێناوەشدا دوو کتێبی پڕبایەخی خستۆتە بەر دەست ( دەربارەی شیعرو شاعیری، دەربارەی چیرۆك و ڕۆمان ).

هەموو تەکنیك و ڕەگەزەکانی چیرۆکی لە چیرۆکەکانیدا تاقیکردۆتەوەو بەرجەستەی کردووە، ڕۆمانەکانی کۆچی سوور و تۆڤلێتی بەیداخ و چیرۆکی داوەتی کۆچەرییان ئەم ڕاستییانە دەسەلمێنن و زیاترو زۆرتر قەدروبەهای دەردەخەن، لە ڕووی وەرگێڕانەوە بەدایم هەوڵی جدی داوە شاکارە جیهانییەکان بەکوردی بکاو کتێبخانەی داماوو سەرگەردانی کوردی پێ دەوڵەمەند بکات، بەجوانترین شێوەو گوزارشت و ڕێك و پێکترین شێوازی دیاریکردن بەرهەمەکانی پێشەکەش کردووەو تینوویەتی خوێنەرانی کوردی پێ شکاندووە.

(حەمە کەریم عارف)ی چیرۆکنووس و نووسەرو وەرگێڕ و ڕەخنەگر ساڵی ١٩٥١ لەشاری کەرکوك هاتۆتە ژیانەوە، لەساڵی ١٩٧٥ کۆلێژی ئەدەبیاتی لەبەغدا تەواو کردووە، یەکەمین بەرهەمی هەڵبەستێکی شیعرییە ساڵی ١٩٧٣ بڵاوی کردۆتەوە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو)، لەساڵی ١٩٧٧ وە تاوەکو ئێستا بەردەوام وبێ بچڕان خەریکی نووسینو وەرگێڕانە، سەری لە نووسینو

وەرگێڕاندا سپی کردووە، خاوەنی زیاتر لە (١٤٠) بەرهەمی ئەدەبی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، زۆرێکی بەرهەمەکانی وەرگێڕانن، خزمەتێکی بێ وێنەی پێشکەش بەکتێبخانەی کوردی کردووە، بەپێویستی دەزانم ئاماژە بدەمە هەندێ لەو بەرهەمانە (مەسەلەی کورد لەعێراق– کورد گەلی لەخشتەبراوی غەدر لێکراو– کورد لە ئەنسکۆپیدیای ئیسلامدا، کورد لەسەدەی نۆزدەو بیست دا، مێژووی رەگو رەچەڵەکی کورد– تیرۆژ (کۆ چیرۆك)– کۆچی سوور (چیرۆك)– بەیداخ (چیرۆك– جێ پێ (چیرۆك)–داوەتی کۆچەریان (کۆ چیرۆك)– نینا( ڕۆمان)– نامۆ( ڕۆمان– ڕێبەر(ڕۆمان)– شکست (رۆمان)– هاوماڵەکان (رۆمان)– بێناسنامەکان (رۆمان)– دوورە وولات (رۆمان)– ئازادی یامەرگ (رۆمان)– دادپەروەران (شانۆنامە)– بەدحاڵی بوون (شانۆنامە)– منداڵە دارینە (چیرۆك بۆ منداڵان)– شوانە بچکۆلەکە (چیرۆکێکی چینییە بۆ منداڵان)– دەربارەی شیعرو شاعیری (لێکۆڵینەوە)– دەربارەی چیرۆك و ڕۆمان (لێکۆڵینەوە)، خا فروخ لەشیعر دەدوێ– ڕیالیزمو دژە ریالیزم لەئەدەبیاتدا– ڕێبازە هونەرییەکانی جیهان، قوتابخانە ئەدەبییەکان، مەرگی نووسەرو چەن باسێکی دیکەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری، یەڵماز گۆنەی، سادقی هیدایەت نمونەی مەرگی نووسەر،...هتد، لەتەك چەندین بەرهەمی ناوازە و نازداری دیکە، ئەمساڵیش فەرهەنگێکی گەورەی بەنێوی (گۆڤەندو زنار)ەوە پێشکەش بەکتێبخانەی کوردی کردووە، لە زۆربەی زۆری ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بەرهەمو بڵاوکراوەی هەیەو ئێستاش سەرنووسەری گۆڤاری (گزنگ)ە لە شاری کەرکوك.

–٢–

## (نووسین موغامەرەی مان و نەمانە، موغامەرەی پاراستنی ئابڕووی ئینسانە...)

حەمەکەریم عارف

حەمەکەریم عارف... خاوەنی ڕا و بیرو بۆچوون و تەرحی تایبەتە دەربارەی ئەدەب بە گشتی و ئەدەبی کوردی بە تایبەتی، ڕای وایە لە ناو لێشاوی نووسینی دوای ڕاپەڕیندا نووسینی ڕەسەن و خۆڕسك کەمترین کات دەرکەوتووە و جگە لەوەی نووسینی دوای ڕاپەڕین کەمترین پرسیاری خوڵقاندووە، بێگومان نەبوونی ڕەخنەو پرسیار واقیع و بزووتنەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بەپاشدا دەهێنێتەوە، دیارە لەوکاتەوە گۆڕانێکی زۆر هاتۆتە کایەوە بەتایبەت گۆڕانی تەکنۆلۆجی، تاڕادەیەك سووکە وەرچەرخانێك لە بواری ڕۆشنبیریدا دروست بووەو واقیعی نووسین و نووسینکاری بەرەو ئایندەیەکی گەش بردووەو لە هەمان کاتیشدا بێسەروبەری و زۆروبۆری باڵی بەسەر ئەم واقیعەدا کێشاوە، چونکە هەر قۆناغێکی مێژوویی بگری پێویستی بە تازەگەری و نوێگەری هەیە لە گشت بوارەکاندا سیاسی، ئابووری، ڕۆشنبیری...، هەڵسوڕێنەران و بەدەستەوەگرانی ئەم تازەگەری و نوێکارییە دەبێ زادەی ئەو واقیعە بن و کۆمەڵ لە مەترسییەکانی ئاگادار بکەنەوە نەبادا لەچاڵێکەوە بکەونە بیرێکی قووڵ، بێسەروبەری و لامسەرلایی لە بواری نووسین و وەرگێڕاندا گەورەترین و خەتەرترین مەترسییە بۆ سەر کۆمەڵ و نەوە یەك لە دوا یەکەکان، زمانی نووسینی سەقەت وپەقەت و لاوازو وەرگێڕانی خراپ و نامەفهوم و ڕەکیك لە سیما دیارەکانی واقیعی نووسینی ئێستان، گەر بێتو

بەم شێوە بڕوات و بینای ئایندەی لەسەر بکرێ ئەوا خەتەرێکی گەورە لەبەردەم ئایندەماندایە کە ڕەنگە ئەوسەری دیار نەبێ.

لە ئێستادا واقیعی نووسین و نووسینکاری پێویستی بە کورتبڕی و دیقەت و ئامانج پێکان و هەروەها پێویستی بە پشت بەستنە بە مەنتیق و واقیعەوە، گومانیش لەوەدا نییە بابەت ئوسلوبی نووسەر دیاریدەکات و ئاڕاستەی دەکات، نووسینی ئێستای کوردی لەم خەسڵەت و سیمایانەوە دوورن ، بۆیە بە قۆناغێکی مەترسیداردا تێپەڕ دەبین و پێویستیمان بە چەندین ڕەخنەگر هەیە تا واقیعی نووسینمان بخەنەوە سەر ڕاستەڕێ، بەمانایەکی دیکە نووسین لە زەتی سروشتی لە دەستداوە، لە کاتێکدا نووسەر و خوێنەر لە نێو دونیای نووسین و تێگەیشتندا تێکەڵ بەیەکترن و هەر یەك لەلای خۆیەوە هەوڵی گەیشتن بە حەقیقەت دەدات، هەر کاتێکیش نووسین لەزەتی لەدەستدا خوێنەر دەتۆرێنێ و لە خوێندنەوەی دەخات و زەوقی شیرینی ڕۆشنبیری لێتاڵ دەکات، بە ڕاستی گرنگە خەڵکانێکی ڕەخنەگر لێیان بێنە دەست و شڕوشیتاڵی ئەو نووسینە بێ لەزەتانە دەربهێنن و حەیایان بۆ نەهێڵنەوە، وا لەخاوەکانیان بکەن سەریان پێ شۆڕ بکەن و دزی و فیزییەکانیان وەدەر بخەن ، چونکە دزی و دزیکاری باڵی بەسەر نووسینی کوردیدا کێشاوەو هەر یەك بە جۆرێك خەریکە، هەموو ئەم سیفەتانەش بەدەرن لە ئەخلاقیاتی نووسین و بە جۆرێك لە جۆرەکان بێئەخلاقیین، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە دیمانەیەکی بەندە لەتەك مامۆستا حەمەکەریم عارف لە ژمارە ٣٧ ی گۆڤاری (نووسەری نوێ).

خوێندنەوەی ورد ڕەخنە دەخوڵقێنێ و تاموبۆیەکی دیکە بەسەر نووسین و پرۆسەی نووسیندا دێنێ، نەبوونی ڕەخنە دەرگا ئاوەڵا دەکات بۆ هاتنەپێشەوەی خەڵکانی لاموبالات و هیچ لەبارا نەبوو، خەڵکانێك کە لە قەدرو بەهای نووسین کەمدەکەنەوە خۆیان دەکەنە خائینی دەرەجە یەك، زەروورەتی ڕەخنە ئالێرەدا وەدیار دەکەوێت، خوێندنەوەی هەر خوێنەرێك خۆی لە خۆیدا بە سەر سێ قۆناغی سەرەکیدا دابەش دەبێ، قۆناغی یەکەم: خوێندنەوەی سەتحی و سادەو ساکار، دووەم: خوێندنەوەی قووڵ و قاڵبوونەوە بەهەر دەقێکدا جا ئەو دەقە دەقێکی ئەدەبی یان فەلسەفی یان فیکری یان هەر دەقێکی دیکە بێ، سێیەم: خوێندنەوە بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە، خوێندنەوەیەك ئەمسەرو ئەوسەری دەق لە خۆ بگرێ و لە کون و قوشبنی دەقەکە حاڵی ببێ، تا ئێستا خوێنەری ئێمە لە قۆناغی یەکەمدایەو گیری خواردووە و چەقیوە، ئەم سیفەتەش کاریگەری خراپ لەسەر پرۆسەی نووسین دروست دەکات و بەرەو ئاقارێکی خراپ ڕەوانەی دەکات، گرنگە لا لە مەسەلەی ڕەخنەو ڕەخنەکاری بکرێتەوەو بایەخی زۆرترو زیاتری پێبدرێ، چونکە خوێنەری ڕاستەقینە دایمەن بە دووی کاری ئەدەبی سەرکەوتوودا دەگەڕێ و لە هەمان کاتیشدا زیندوویەتی بەدەقەکانی دەبەخشێ، بەداخەوە خوێنەری ئێمە لە ئاستێکی زۆر نزمدایەو لە حەقیقەتی خوێندنەوەوە زۆر زۆر دوورە، بە ڕای حەمەکەریم عارف (... خوێنەری بە ئاگا بە ئاسانی تەسلیمی دەق یان هەر نووسینێکی دیکە نابێ، بەڵکو بە کلیلی تێگەیشتن، قفڵی دەق دەکاتەوەو موناقەشەی جدی دەقەکە یان نووسینەکە دەکات، پاش گوێگرتن و پرسیار کردن، پاش وەرگرتنی وەڵام ئەوجا هەڵوێستی ڕەفز یان قبوڵ هەڵدەبژێرێ )، واتە خوێنەری ڕاستەقینەو جدی پاش خوێندنەوەی سەتحییانەو شکڵییانە یەکسەری ئیمان بە حەقیقەتی دەق ناهێنێ، بەڵکو دوای ئیستیقراکردن و حاڵیبوونی ئەو هەقە بە خۆی دەدات کە ئەو دەقە نەمرە

یان نا، زیندووه یان نا، بەڵێ خوێنەری کوردی دەبێ بگاتە ئاستی خەیاڵی بلاْوو دوورو قووڵ و مەنتیقیانە و لە حەقیقەتی دەقەکان وەك خۆی تێبگات و بە شوێن دەقەکاندا بڕوا تا ئەو کاتەی لەزەتی حەقیقی لێدەبینێ.

-٣-

" چەند هۆکارێکی سەرەکی هەنە بۆ ئاڵۆزی شیعر لەوانە نامۆبوون و لەبەریەك هەڵوەشانی پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵگاکان.. دەبینین ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی لە بارەی یەکێتی نێوان ئینسان و کۆمەڵگا نوێکانەوە دەدوێ، ئەم هۆکارانەش بوونەتە هۆی زیاتر نامۆبوونی شاعیران، ئەمەش سەردەکێشێ بۆ گۆشەگیریی زۆرترو زیاتر، وادەکات شیعرەکانیان ئاڵۆزو گرێیاوی بن، ئەم ئاڵۆزییەش دەبێتە بارێکی قورس بەسەر خوێنەرەوەو تێگەیشتن لە شیعری نوێ سەختتر دەکاو پەیوەندییەکان دەپچڕێنێ، لێرەوە دادوبێدادیی بەدەست ئەم ئاڵۆزییەوە زۆرترو زیاتر دەبێ، دواتر دەبێتە مەتەڵ و تەنها خودی شاعیر وەلاْمەکەی دەزانێ.."

شەوقی بەغدادی

" شیعر بە گوێرەی سروشتی هونەریانەی خۆی دەبێ هەندێ ئاڵۆز و تا ڕادەیەك تەم مژاوی بێ، بەلاْم ئاڵۆزی و تەم و مژاوییەکی ناسك و هونەریانە، هەڵبەتە ئەم ئاڵۆزییە وێڕای تەبیعەتی هونەریانەی خودی شیعر، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەرەستە زمانەوانییەی کە پێکیدێنێ و بۆ ئەو سەرچاوەی هەستە دەروونییەی کە لێوەی هەڵدەقوڵێت.. شیعر هەرگیز نایەتە دابڕان لە بیرو فیکر، بیری شاعیریش لە ژینگەو سەردەمی خۆیدایە، ئەگەر ژینگەو سەردەمەکە سادەو ساکاربێ ئەوا ڕەنگدانەوە شیعرییەکە سادەو ساکار دەبێت، خۆ ئەگەر ژینگەو سەردەمەکە ئاڵۆز بێ، تەژی نیگەرانی فیکری بێ و یەکپارچە ناسەقامگیری دەروونی و ڕۆحی بێ ئەوا ڕەنگدانەوە شیعرییەکە ئاڵۆزو تەمومژاوی و قورس دەبێ.. ئەفسانە وەکو مەوداو سەرچاوەیەکی ئەبستمۆلۆژی ڕۆشنبیری هۆیەکە لە هۆیەکانی ئاڵۆزاندنی شیعری نوێ.. شیعر ئەمڕۆکە لەوە دەرچووە ڕێژنە هەستێکی خۆبەخۆبێ بەداوی جوانترین وشەدا بێتە خوارێ و لەبارترین ڕستە بکات بە نیشتمان و ئاوەدانی بکاتەوەو سەروەری شیعری پێببەخشێت، شیعری ئەمڕۆکە ئەوە دەڵێت کە ناگوترێت.. فاکتەرێکی دیکەی ئاڵۆزاندنی شیعری نوێ دوورکەوتنەوەیە لە هەر ڕوونکردنەوەو شرۆڤەو گوتنێکی ڕاستەوخۆ چونکە شیعر ڕووت دەکاتەوەو لە شیعرییەتی دەخات.."

حەمەکەریم عارف

کتێبی (دەربارەی شیعرو شاعیری) یەکێکە لەبەرهەمە نازدارو سەنگینەکانی حەمە کەریم عارف، لێکۆڵینەوەیەکی شیعری و بابەتێکی ڕەخنەیی و تەرحێکی گرنگ و پڕ بایەخە دەربارەی شیعرییەت بوونی دەقەکانی شیعری نوێ، سەنگی مەحەکە بۆ جیاکردنەوەی شیعری ڕەسەن و زیندوو نەمر لە شیعری ناڕەسەن و خراپ و مردوو، ئەم کتێبە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، یەکەمیان نووسینی لێکۆڵەر خۆیەتی، هەتا بڵێی زمانی نووسینەکەی جوان و زیندووەو گەشتێکە بە نێو دونیای پڕ سەیرو

سەمەرەی شیعر و شاعیری، دووەمیان لێکۆڵینەوەیەکی ڕەزای بەراهەنییە و لێکۆڵەر کورداندوویەتی، چاپی یەکەمەو ئەمساڵ (٢٠٠٧) لە دوتوێی ٨٠ لاپەڕەدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە بە ژمارە سپاردنی ٣١٩ ی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

شیعر لە کۆنی کۆنەوە و لە ئەسڵدا لە پێناوی حەقیقەت و گەیشتن بە حەقیقەتدا وتراوە، وەڵامی ئەو پرسیارانەی داوەتەوە کە مرۆڤ هەمیشە عەودالی بووە بە دوویدا وێڵ بووە و لە پێناویدا عارەقەی ڕشتووە، هۆکارێك بووە بۆ گوزارشت کردن لە ناخ و ئازارو خەون و خەیاڵ و مەینەتییەکانی مرۆڤ، شیعر لەتەك گشت گۆڕانکارییەکاندا بووە هەر لە قۆناغی سەرەتایی، کشتوکاڵی، پیشەسازیی تاوەکونێ ئەم سەردەمە زێڕینەی تەکنۆلۆجیا هەنگاوی هەڵناوەو خۆگونجێن و خۆ ڕێخەر بووە، شیعر تیماری ئەو برینانەی کردووە کە مرۆڤ بەدەستییەوە ناڵاندوویەتی و پێوەی تلاوەتەوە، شیعر شۆڕش بووە لە پێناوی ئازادیی و پەیوەست بووە بە ئایندەی مرۆڤ ، بە ئازادی و ئایندەی ئازادی لە مرۆڤدا، شیعر گەشە بە ڕۆح و جەستەی مرۆڤ دەدا و خەیاڵ بڵاو و فراوان دەکاو سەربەرزی و ڕووسووری دەبەخشێ و دڵەکان تێراو دەکات، لێرەوە دایم سەنگ و قورسایی ڕاستەقینەی بۆ مرۆڤەکان گێراوەتەوە و سوکنایی، ئاسوودەیی، ئارامیی و فەرەحیی پێ بەخشیون، بەداخەوە شیعری ئێستا لە ڕاستە ڕێ لایداوەو و لەزەت و کاریگەری نەماوە، خوێنەر شەکەت و ماندوو دەکەن، ئاڵۆزو گرێدارو بەیەکداچوو و پڕ پێچ و پەنایە، حەمەکەریم عارف پێیوایە (... تای تەرازوو بەلای ئاڵۆزیدا قورسە، چونکە تەبیعەتی شیعر جۆرێك لە ئاڵۆزی تێدایە کە لە هونەرییەتی شیعرەکە نایەتە دابڕان، بۆیە زۆر کەس پێیان وایە شیعری چاك ئەوەیە کە برێك ئاڵۆز بێ و بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نەدات، تا درەنگتر خۆی بەدەستەوە بدات سیحرو ئەفسونی پتر دەبێت، تا پتر ڕوون و ئاسان بێ زیاتر لە هونەرییەت دەکەوێت و دەبێ بە شتێکی سواوی بازاڕی و بێتام و لەزەت..)، بە پێویستی دەزانم لەبارەی ئاڵۆزی شیعرەوە چەند سەرنجێك بدەم تا هیچ نەبێ بەرچاو ڕوونی بێ بۆ خوێنەر، بەب ڕوای من ئاڵۆزی لەکەیەکە بە شیعری تازەوە و هیچ جۆرە سیمایەکی هونەرییان لە خۆ نەگرتووە، شیعری ئێستای کوردی ناهەقییە گەر بڵێین هەموویان و ناوی هیچ شاعیرێکیش بەنمونە ناهێنمەوە جوگرافیای ئینسانی کاری لێیان نەکردووە، خۆشیان نازانن دەڵێن چی مەر خودا بزانێ دەڵێن چی و باسی چی دەکەن، شاعیر هەیە دیوانەکەی بە دەیەهای لێفراشراوە و شانازیشی پێوە دەکاو بەعەنعەنەو تەنتەنەوە لە ڕاگەیاندنەکانەوە خۆی نیشاندەدا لە کاتێکدا تاقە دێڕێکی تێدا نییە داهێنانی لە خۆ گرتبێ و لە هەمووشی سەیرتر خاڵییە لە هونەریی بەرزی شیعریی و هونەرەکانی دیکەی شیعر نووسین، موخاتەبەی لایەنێکی ژیانی تێدا کراوە کەخەڵکی ئێمە لێی مەحرومەو دەستی پێناگات، هەڵسەنگاندنی هەر دەقێکی شیعری بەوە نییە تاچەند لە نێو خەڵکیدا بڵاوەو ناوی هەیە ، بەڵکو کاتێ شیعرە ڕەهەندی دوورو قوڵی تێدا بەرجەستە کرابێ و خەڵکانێ هەڵیبسەنگێنن کە خاوەن ڕۆشنبیری شیعریی بن، سا شاعیر دەبێ بەمانا زانا بێ نەوەك جاهیلێك بێ قول و فول لەیەك جیانەکاتەوە و هیچی لەبارەدا نەبێ عەرەب گوتەنی ( الشاعر العالم أفچل من الشاعر غیر العالم)، سان جۆن بێرس دەڵێ پێویستە لەسەر فەیلەسوفان لە شاعیرانەوە فێر بن، واتە شاعیرێکی زانا بێ و مەهامی ئینسانی و ڕۆشنبیری لە شیعرەکانیدا بە تەواوەتی ڕەنگیدابێتەوە، یەکێکی دیکە لە سیما دیارەکانی شیعری

هەندێ بەناو شاعیر گرنگی دانە بە مەسەلە سێکسییەکان و خستنە ڕووی کۆمەڵێ وێنەی زانراوو بەرچاوە و خاڵییە لە وەعی و زیندوویەتی، شیعرێکی وشك و برینگەو مەبەست لێیان تەنها هوروژاندنە و هیچی تر، حانی ئەوە هاتووە پەنجە بخرێتە سەر شیعری ئەو بە ناو شاعیرانەو بە خەست و خۆڵی لە سەریان بنووسن و حەیایان بۆ نەهێڵنەوە، شیعر نمونەی ئەخلاقی بەرز بەرزە و پایەو بەهای مرۆڤ بەرزدەکاتەوە، گرێ و گۆڵەکانی نێوەخنی مرۆڤ بە شێنەیی دەکاتەوە و دەرسی دادەدات و بەلای خێرو کاری باشەدا ئاڕاستەی دەکات، بەواتایەکی دیکە شیعرو ئەخلاق بێ یەك نایانکرێ و هەڵناکەن.

سەرنجدان و وردبوونەوەو تێڕامان لە هەر دەقێکی شیعری چەندین خەسڵەتی شیعریانە بۆ خوێنەر وەدیار دەخات، بە تایبەت دەقێك مۆرکی تازەگەری و نوێگەری تێدا نەخشێنرا بێ، خوێنەر زۆر بە زوویی دەتوانێ هەڵیبسەنگێنێ و بە دەقێکی نەمرو زیندوو حوکمی بە سەردا بدات، بە تەبیعەتی حاڵ شیعر هەڵگری خەسڵەت و سیمای بەرز بەرزەو ڕەنگدانەوەی واقیع و ڕۆژگارە، ئەمە حەقیقەتەو نکوڵی لێناکرێ، شیعرو گوتاری شیعری مێژوویەکی فرە دێرینیان هەیەو پەیوەستن بە ژیاری مرۆڤایەتییەوە و لە گشت قۆناغەکاندا وەك گوتارێکی کاریگەر خۆی نیشانداوەو خۆی سەلماندووە، کەواتە شیعر پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سروشت و تەبیعەتی مرۆڤەوە هەیەو هەتا مرۆڤ بمێنێ شیعریش هەر دەمێنێ، هۆڵدەرلین واتەنی (إنما يحيى الانسان على هڤه الارچ شعريا)، خودا کاتێ مرۆڤی خوڵقاندووە بەگەورەیی و پڕ لە نهێنی بەدیهێناوە واتە سروشتی مرۆڤ زۆر ئاڵۆزەو شیعریش دەرهاویشتەی ناخی مرۆڤە بۆیە بەو شێوە ئاڵۆزو گرانە، ئیدی چەندە شاعیر تەجروبەی ژیانی قورس و ئاڵۆزبێ هێندەش دەقە شیعرییەکانی ئاڵۆزدەبن و کاریگەری دروستدەکەن.

هەر دەقێکی شیعری بگری خاڵی نییە لە هونەر، خاڵی نییە لە هەستی مرۆڤانە، خاڵی نییە لە ئاڵۆزی و نادیاری، واتە لایەنی هونەری ڕەگەزێکی سەرەکی داڕشتنی هەر دەقێکە و دەبێ ئیعتیباری بۆ دابنرێ، بە ناشکوری نەبێ شیعری ئێستای کوردی–ناڵێین هەموویان– بەدەوری تاقە شتێکدا خولدەخۆن، زەمەنیان یەك زەمەنە، گەر کۆیان بکەیتەوە یەك شت دەڵێن، جوگرافیایان یەك جوگرافیای تەسك و بێ مانایە، لە تەك ئەوەی جوگرافیای ئینسانی بە شێوەیەکی گشتی کاریگەرە لە نەمربوونی هەر دەقێکدا، دەبینین شیعری شاعیرانی کلاسیك لە ڕووی دەلالەت، حیکمەت، فەزیلەت، حەقیقەت لە ئاستێکی باڵادان و شیعرەکانیان جێی مشت و مڕو لێکدانەوە ولێوردبوونەوەی دوورو قووڵن، شیعری نوێ هێندە ئاڵۆز و گرێ گرێیاوی و ئاڵۆزکاوو بەملیەکدا چوو و بەیەکداچووە لێحاڵیبوونی قورس و گران و زەحمەتە، ئەم باسە بێنەو بەرە و ڕای جیاواز جیاوازی لەسەرە، ئاڵۆزیی بۆخۆی سیفەتێکی بەرزی شیعرە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ماناو دەلالەتی شیعرەوە هەیە و شیعری لە سەر بەندە، بەڵام دەبێ ئەو ئاڵۆزییە دیقەت و داهێنان لەخۆ بگرێ، نەوەك ئەرکی خوێنەر قورستر بکا و دنیای لێ بێنێتەوە یەك، کورت و موختەسەر نابێ شیعری ئاڵۆز تەرکیبەیەکی مردوو بێ و هیچ جۆرە زیندوویەتیی و هونەرییەتێکی تێدا نەبێ، بە بڕوای من شاعیر ناچار نییە لە هەر دەقێکی شیعرییدا ماناو مەبەست و نێوەرۆك بخاتە سەر سینی و بیڕازێنێتەوە و پێشکەشی خوێنەری بکات، کاری خوێنەرە دوای ئەو دەقە شیعرییانە بکەوێ و ماناو دەلالەتە شاراوەکانی ناوی ئاشکرا بکات، شەوقی بەغدادی (شاعیر و ئەدیب) ڕای وایە کۆمەڵگەلێك هۆکار هەنە بۆ زیاتر ئاڵۆز بوونی شیعری نوێ

" چەند هۆکارێکی سەرەکی هەنە بۆ ئاڵۆزی شیعر لەوانە نامۆبوون و لەبەریەك هەڵوەشانی پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵگاکان.. دەبینین ئەدەب بە شێوەیەکی گشتی لە بارەی یەکێتی نێوان ئینسان و کۆمەڵگا نوێکاندا دەدوێ، ئەم هۆکارانەش بوونەتە هۆی زیاتر نامۆبوونی شاعیران، ئەمەش سەردەکێشێ بۆ گۆشەگیریی زۆرترو زیاتر، وادەکات نووسینەکان ئاڵۆزو گرێیاوی بن، لە تەك ئەمەشدا بارێکی قورسە بەسەر خوێنەرەوەو تێگەیشتن لەشیعری نوێ سەختتر دەکاو پەیوەندییەکان دەپچڕێنێ، لێرەوە دادوبێدادیی بەدەست ئەم ئاڵۆزییەوە زۆرترو زیاتر دەبێ، دواتر دەبێتە مەتەڵ و تەنها خودی شاعیر وەڵامەکەی دەزانێ.."، لەتەك هەموو ئەمانەشدا زانست و تەکنۆلۆجیا ژیانی قورس کردووەو توانای بیرکردنەوەو تێڕامانی مرۆڤەکانیشی لەتەك خۆیدا سنووردار کردووە بۆیە وا پێویست دەکا بە شێوەیەك لە شێوەکان ڕوونیەتی پێوە دیار بێ، ئاڵۆزیی گەر داهێنان و هونەرییەتی لەخۆ گرتبێ شیعر جوانتر و قەشەنگتر دەکاو تاموبۆیەکی دیکەی بەسەردا دێنێ، ئاڵۆزیش سنووری هەیەو دەبێ نەگاتە ئەوەی سنووری ڕاستەقینەی ببەزێنێ، (عزالدين إسماعيل) ڕەخنەگری گەورەی میسری دەڵێ " ئاڵۆزیی لە شیعری نوێدا سیفەتێکی سەلبیی نییە بەڵکو سیفەتێکی ئیجابییەو بە تەواوەتی لە شیعری نوێدا ڕەنگی داوەتەوە، لەلایەکی دیکەوە ئاڵۆزیی بەتەنها تایبەت نییە بە شیعری نوێوە، بەڵکو تێکەڵە لە نێوان کۆن و نوێدا و بۆتە دیاردەیەکی ڕوون و ئاشکراو داوامان لێدەکا زیاتر ڕامان ئەنجام بدەین"، حەسان جودی شاعیرو چیرۆکنووس دەڵێ " شیعری نوێ ئاڵۆزو پڕ گرێیە، ئاڵۆزییە لە قووڵ بوونەوەو قاڵبوونەوەدا، زەرورییە ئاڵۆزیی لە قەسیدەدا بوونی هەبێ، مەبەستم ئاڵۆزیی ئیجابییە کە جوانی و زیندوویەتی و بە قەسیدە ببەخشێ".

گومان لەوەدا نییە مەعریفە خۆی بۆ خۆی کاریگەری تەواو لە سەر زیاترو زۆرتر ئاڵۆزبوون و سەختبوونی دەقە شیعرییەکان دەکاو ئەرکی خوێنەر قورس و گران دەکات، جاوەرە ئەو شیعرە پڕبێ لە مەعریفەی بەرز بەرز، هەر ئەمەشە وایکردووە شیعری نوێ لوغزاوی و مەتەڵاوی و گرێیاوی بێ و لە ڕووی دەلالەت و مەفهومەوەو درەنگ خۆی بدا بەدەستەوە.

ئاشکرایە ئەو زمانەی لە کاری ئەدەبیدا بەکاردەهێنرێ زۆر جیاوازە لەو زمانەی کەلە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاردێ، زمانی ئەدەب فرە ماناو فرە ڕەهەندە، مانای دوورو قووڵە، لێوانڕێژە لە تێڕوانین و جیهانبینی، ئالێرەدا زمانی ئەدەب و زمانی ژیان لێکدەترازێن، گومانیش لەوەدا نییە کۆنترین هونەرەکانی زمان هونەری شیعرە، پەیوەندی نێوان شیعرو فەلسەفە پەیوەندییەکی کۆن کۆنەو مێژوویەکی پڕشنگداریان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تۆمارکردووە، شیعرو فەلسەفە، کت و مت لە ڕووی چاوگەو کەرەسەوە یەك شتن، بەڵگەشمان بۆ ئەم قسەیە بوونی دەیەها چەمك و زاراوەی فەلسەفییانەیە لە شیعری شاعیرانی گشت گەلاندا، ئەفلاتون یەکەمین فەیلەسوفە کە توانی شیعر بگەیەنێتە لوتکە لە نێو جیهانی فەلسەفەدا، لە گفتوگۆو دەمەتەقێیەکانیدا تەنهاو تەنها پەنای دەبردە بەر شیعرو هەر لەم ڕێیەوە بیرە فەلسەفییەکانی پێشکەش دەکرد، ڕەنگە هوروژاوترین و کۆنترین پرسیاری فەلسەفییانە لە مێژوودا ئەوەبێت ئایا سەرچاوەو چاوگەی شیعر لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟، هونەرە یاخود ئیلهامی خواییە؟، بەڕای ئەفلاتون ئیلهامی خواییە، گەر بە وردی تەماشای مێژووی گشت ئەو داهێنانانە بکەین دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە پەیوەندییەکی حەقیقی لە نێوان

ئەدەب فەلسەفەدا هەیە، فەیلەسوفانیش لەم ڕوانگەیەوە داهێنان و چاکسازییان ئەنجامداوە، لەوانە نیتشە، جیۆ، جیبیریل مارسیل، ژان پۆڵ سارتەر، ئەلبێر کامۆ، گۆتە، باشلار، ئیبن توفەیل، ئەبو حەییانی تەوحیدی، ئیبن ڕوشد، ئیبن سینا، فارابی، غەزالی، ئیبن عەرەبی...، فەیلەسوفی ئینگلیزی هوایتهد پێی وایە زەرورە شاعیران پەنابەنە بەر فەلسەفە تاوەکو گوزارشت لە مانا فەلسەفییەکان بکەن، شیعری فەلسەفییانە بابەت و وێنەی وادەوروژێنێ کە ڕاستەوخۆ و بەڕاست وچەپدا کاریگەری لە سەدا سەد فەراهەم دێنێ، شیعری ڕەسەن و بەرزو فازیل خاڵی نییە لە ئاڵۆزی و ناڕوونی و تەمومژ، بەسروشت نێزیکە لە فەلسەفەو فیکر، بەڵام ئەو ناڕوونی و ئاڵۆزکاوییەی دەبێ مرۆڤانەو هونەراوی بێ تاوەکو حساوی دەقێکی نەمری بۆ بکرێ، ئالێرەدا شیعرو فەلسەفە ئاوێزانی یەکتر دەبن، فەیلەسوفان لە ڕێی شیعرەوە زیاتر لە دەرگای فەلسەفەو فیکریانداوە، چونکە هەر هونەرێ بگری بە جۆرێ لە جۆرەکان خاڵی نییە لە فەلسەفە، شیعر بە نمونە، شیعری فەلسەفی بە سروشت ئاڵۆزکاوو تەمومژاویی و ناڕوون و بەیەکدا چووە، هەموو ئەم سیفەتانەش بایەخ و خەسڵەتی بەرز بە دەقە شیعرییەکان دەبەخشن، مەژگی خوێنەر دەهێنن و دەبەن، وای لێدەکەن زیاتر خەیاڵ و هەست و هۆش وگرنگی بداتە ئەو دەقانە، فەلسەفە پەیوەستە بەمرۆڤەوەو وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە لە قالو بەلاوە مرۆڤ خەونی پێوە دیوە و دەیبینێ، فیکرە فەلسەفییەکانیش کاتێك ئاوێزانی ئەدەب دەبن زاتییەتی مرۆڤ دەگێڕنەوە بۆ سروشتە خواییەکەی و بەهێزی دەکەن، یەکێکی ترە لە سەرچاوەکانی ئاڵۆزبوونی دەقە شیعرییەکان.

یەکێکی تر لە سەرچاوەکانی زیاتر ئاڵۆزبوونی دەقە شیعرییەکان چەمکەکانی تەسەوف و مەسەلە ڕۆحیی و غەیبییەکانە، سۆفیگەری مێژوویەکی کۆن کۆنی هەیەو ڕۆڵ و پێگەی کاریگەرو گرنگی بینیوە، سۆفیزم بەندە بە ناخ و کرداری باوەڕیاران و شوێنکەوتووانی، تەسەوف مانای گرتنەبەری ڕێگای ڕاست و دروست و بێ پێچوپەنایە بۆ گەیشتن بەخوداو شتە لەبەرچاو ونەکان، کردنەوەی گرێ کوێرەکانە لە نێوان ئەو شتانەی هەستی پێدەکرێ و ئەوانەی هەستیان پێناکرێ، قاڵبوونەوەو قووڵبوونەوەو گەڕانەوەیە بۆ خود، کەواتە تەسەوف یەکێکی دیکەیە لەو هۆکارانەی کار لەسەر ئاڵۆزتربوون و ناڕوونتربوونی دەقە شیعرییەکان دەکا و ئەرکی خوێنەر قورستر دەکات و پێویستی بە شرۆڤەکردنی باتینی و ڕۆحی دەبێ، بەڵێ تێگەیشتن لە تەسەوف بە سروشت قورس و گرانە کاتێك ئاوێتەی شیعریش دەبێ قورسترو گرانتر دەبێ، شیعرە سۆفیگەرییەکانی شاعیرانی کلاسیك لێوانرێژن لە فیکرەی سۆفیانە و مەسەلە ڕۆحی و غەیبییەکان، مەلای جزیری، نالی، مەحوی بەنمونە، مەرجیش نییە شیعرە سۆفیگەرییەکانیان پڕاوپڕ بێ لە سۆفییەت یاخود خۆیان سۆفی ڕاستەقینە بن، کاریگەری گەورە سۆفیی و عاریفەکانی وەك جەلالوددینی ڕۆمی، حەللاج، ئیبن عەرەبی بە شیعرەکانیانەوە دیارە و خوێنەر بەو هاسانییە ناتوانێ ماناو مەبەستیان لێوە هەڵهێنجێ.

شاعیرە نوێخوازەکان لە گشت قۆناغ و گۆڕانکارییەکاندا سیمبول بوونەو خەباتی ئایدۆلۆژیی و شۆڕشگێڕیی و پێشکەوتوخوازییان ئەنجامداوە لە پێناو بیروباوەڕو هەستی بەرزی نەتەوایەتی و بەرزکردنەوە و زیندووکردنەوەو غیرەتدان بە گیان و خەبات و شۆڕشی ڕزگاریخوازان، هەموو ئەم هەوڵانەش پەیوەست و بەندبوونە بە کۆمەڵەوە، لەم ڕێیەوە شیعر ڕەنگدانەوەی ڕۆژگارو واقیعەو

چەندە واقیع سیحراوی و گرێیاوی بێ هێندەش دەقە شیعرییەکان سیحراویترو و ئاڵۆزکاوتر دەبن، واپێویست دەکا شیعری نوێ بە ئەقڵییەتێکی تازەو مۆدێرنانەوە لێی بڕوانرێ و لێکدانەوەی بۆ ئەنجام بدرێ، نرخی بەهای شیعریش لەوەدایە خوێندنەوەی تێرو تەسەل و چڕوپڕی لەبارەوە ئەنجام بدرێ تا بە زیندوویەتی و تەڕێتی بمێنێتەوە چونکە مەبەستی سەرەکی لە خوێندنەوەی هەر دەقێکی شیعری تاقە پێوەر تێگەیشتن و لێحاڵیبوونە نەوەك قووڵبوونەوە بە نێوەخن و دونیای تایبەتی شاعیر، بە پێچەوانەوە سروشت و لەزەتی ڕاستەقینە و تایبەتمەندی و کاریگەری لەدەستدەداو خیانەت لە خودی خۆی دەکات.

* بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوودم لەم سەرچاوانە بینیوە (أنماگ من الغموچ فی الشعر العربی الحر: د.خالد سلیمان، منشورات جامعە الیرموك، ١٩٨٧، لغە الشعر بین الجیلین: د.إبراهیم السامرائی، المؤسسە العربیە للدراسات–بیروت،١٩٨٠، ( فی نقد الشعر العربی المعاصر–دراسە جمالیە–: د. رمچان الصباغ، الگبعە الاولی، دار الوفاو، ١٩٩٨).

# ١٢-هەڤپەیڤینێك دەربارەی
# نووسین و وەرگێڕانی دوای ڕا پەڕین

سازدانی: بەرزانی مەلا تەها

ب.م. تەها: دیارە لە دوای ڕاپەڕینەوە کوردستان شێوە وەرچەرخانێکی بە خۆوە دیوە لە زۆر بواردا، بە تایبەت بواری ڕۆشنبیری، نووسین لەم کات و ساتەدا چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ خاڵە بەهێزو لاوازەکانی لە کوێدا دەبینیتەوە؟

ح. ك. عارف: راستە کوردستان لەدوای راپەڕینەوە (١٩٩١) هەندێ سووکە وەرچەرخانی بەخۆوە دیوەو زۆر بواریشی گرتۆتەوە.. هەڵبەتە هیچ وەرچەرخانێك لەفاکتەرە بابەتی و خودییەکانی سەردەمی خۆی بەدەرنابێ و لاوازی و بەهێزی ئەو فاکتەرانە لە چەندیەتی و چۆنیەتی وەرچەرخانەکەدا ڕەنگ دەداتەوە، بێگومان هەر گۆڕانکارییەکی گەورە، بەحوکمی ئەوەی گۆڕان لە کەمترین حاڵەتدا دەکاتە شکاندنی کۆمەڵێك قاڵب و چوارچێوەو بەزاندنی زۆر سنووری کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری، واتە جۆرە ئامادە سازییەکە بۆ گوێزانەوەی کۆمەڵ بەهەموو لق و پۆپ و بوارێکی مادی و مەعنەوییەوە لە قۆناغێکی مێژوویییەوە بۆ قۆناغێکی مێژوویی پێشکەوتووترو جیاوازتر، دیارە لەم حاڵەتەدا جۆرە پاشاگەردانی و ئەنارشیزمێك هەموو بوارەکان دەگرێتەوە، ڕەنگە ئەمە لە قۆناغی یەکەمی پرۆسە گۆڕانکارییەکەدا ئاسایی بێ و پاساوو پاکانەی خۆیشی هەبێ، بەڵام بەردەوام بوونی ئەم ئەنارشیزمە زۆر مەترسیدارەو نیشانەیەکی زەقە بۆ لەبارچوون و پاشەکشەی ئەو قۆناغە رەخساوەی کە بەگۆڕانکاری ئاوسە.

هەڵبەتە هەر قۆناغێکی مێژوویی پێداویستی و داخوازی تازەی خۆی هەیە، دەنگو سیماو نوێنەرانی تایبەتی خۆی بەرهەم دێنێ و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەدەر دەکەون و هەوڵ دەدەن ڕەسەنایەتی خۆیان لە بواری پراکتیکیدا تاقی بکەنەوەو دیاردەو ڕووداوە تازەکان بە کەرەستەی تازە مالیجە بکەن..

جا بالێرەوە بێینە سەر نووسین و دنیای نووسین، ئەمیش لەکاریگەری وەرچەرخانەکە بەدەر نەبوو، هەڵبەتە پێویستە نووسین فاکتەرێکی هەرە گرنگی ناو پرۆسەی گۆڕین و گۆڕان بێ. بە هەرحاڵ نووسین و کاری ڕۆشنبیری لە هەموو کات و سات و قۆناغ و سەردەمێکدا مەسئولیەتێکی گەورەیە، هەرکە نووسەر ڕێی بەخۆیدا بەرهەمەکەی لەنێو خەڵکیدا بڵاو بکاتەوەو هەر بەوەندەوە نەوەستا کەبەرهەمەکەی تەنیا بۆ خۆی و بۆ سەرگەرمی خۆی تەرخان بکات، ئیدی دەکەوێتە ژێر باری ئەو مەسئولیەتە گەورەیەوە، بۆیە دەبێ لە سەر شوێنەوارو کاریگەری بەرهەمەکەی بەسەر کۆمەڵەوە موحاسەبە بکرێ.

زۆربەی نووسەرو ڕۆشنبیران لەوەدا یەك دەگرنەوە کەبابەتی هەرە سەرەکی و کاری ڕۆشنبیری ، مرۆڤ و ئازادی مرۆڤە، ئیدی جۆری چارەسەرو مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتانەدا لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێك دەگۆڕێ.. کەواتە سارتەر گوتەنی: (نووسین ڕێگەیەکە لە ڕێگەکانی ئازادیخوازی هەرکاتێ گرتتە بەر- بتەوێ و نەتەوێ- مولتەزیمی و دەبێ مولتەزیم بی) ئیلتیزامیش دڵسۆزی و وەفادارییە دەرهەق بە ئامانجێك، ئامانجی کاری ڕۆشنبیریش مرۆڤ و ئازادی مرۆڤە.

جوانترین ئیلتیزام ئەوەیە لە ناخی خاوەنەکەیەوەو بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانەو مرۆڤانەی خۆڕسك هەڵقوڵابێ، دزێوترین ئیلتیزامیش ئەوەیە لەدەرێڕا سەپێنرابێو بەخوتو خۆڕایی تەلبەندی هەمەجۆری عەنتیکەی لەدەوری نووسەر کێشابێو بەملاو بەولادا ئاڕاستەی بکات، قەڵەمی ئاڕاستەکراو هەمیشە لە قەڵەمی بەکرێگیراو خەتەر ترە، چونکە ئەگەر تاسەریش نەتوانێ، ئەوا بۆ ماوەیەك دەبێتە دێوجامەی ڕاوە جەماوەرو تەفرەدانی خەڵکانی سادە.. نووسینو کاری ڕۆشنبیری لە کەشو هەوای ئازادا دەڕسکێو ئازادی لە ڕۆحی مرۆڤدا بێدار دەکاتەوەو ئیدی مرۆڤ دەکەوێتە سەر ڕاستە ڕێگەی بیرکردنەوەو بە ئاسانی چەواشەو دەسخەڕۆ ناکرێت، کەواتە نووسین چرایەکە ڕێگەی بیرو بیرکردنەوە ڕۆشن دەکاتەوەو نابێ ئەشکەوتێك بێ کۆمەڵێك دەنگی ناڕەسەن عەکس بکاتەوە.. هەڵبەتە گەلێك لە نووسەرو شارەزایانی بواری نوسینو کاری ڕۆشنبیری پێیان وایە نووسین هۆیەك نییە بۆ گوزارشت کردنو دەربڕین بەڵکو هۆی هەرە کاراو کاریگەری گەڕانو پشکنینو کەشف کردنو ڕۆچوونە بە ناخی دیاردەو ڕووداوەکاندا.

یانی نووسین نابێ لەڕەخنە بەدەربێ.. کەواتە نووسین دەبێ راستگۆیانە بێو حورمەتی زمان بگرێ کەبنەمای هەرە سەرەکی نووسینەو، بە ناچاریو بەتۆبزی شتی لێ بار نەکاتو نەیهێنێتە گۆ.

هەڵبەتە نوڤالیس گوتەنی هەر کەسێك حورمەتی زمان پێشێل بکاتو ناچاری بکات بە نابەدڵیو ناچاری شتێك بڵێ، ئەوا زمان تۆڵەی خۆی لێدەکاتەوەو دوچاری گەوجە گەوجێژی دەکات.. هەڵبەتە لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە زۆربەی نووسینی نووسەرانی پاش ڕاپەڕین لە ڕووی زمانەوە مایەی گلەییەکی زۆرن و ، زمانی سەقەت بووە بەدیاردەیەکی زەقو پێویستە بخرێتە بەر باسو لێکۆڵینەوەی زانستیانەو چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە.

بێ چەندو چوون مرۆڤایەتی قەرزارباری وشەیە، وشەش ئەو داهێنراوە هەرە مەزنەیە کە گەورەترین وەرچەرخانی لە ژیانی مرۆڤدا تۆمار کردوو، لە هەموو بوونەوەرانی ئەم گەردوونەی جیاکردەوە، وشە بوو بەهەوێنی (بوون)و بناغەی شاکارە فیکریو حسییەکانی بنیادەم. هەڵبەتە وشەو بایەخو چەمکی وشە لەب وارێکی ژیانەوە بۆ بوارێکی دی دەگۆڕێ. بۆ نموونە وشە لە دنیای ئەدەبیاتدا هێندە سەرەکیە دەکرێ بگوترێ: نووسین بە تایبەتی ئەدەبیات دەکاتە بەکارهێنانێکی ئەفسوناوی وشە... بەداخەوە زۆر نووسینی ئێمە لەو ڕووەوە تەواو شێواوەو کاریگەرییەکی ڕۆشنبیری ئەوتۆیان بەسەر جەماوەری خوێنەرەوە نییەو بێ ناسنامەیەو لەنێوان لاسایی کردنەوەی کاڵو کرچو ڕەسەنایەتیدا لە مۆڵەقدان.

دیارە خراپترین نووسین، یان یەکێك لە ئافەتەکانی نووسین ئەوەیە کە هیچ دەنگدانەوەیەکی نەبێ، خەڵکانێك نەوروژێنێ چ بە قەبووڵ کردنی چ بەڕەفز کردنی، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو کارە ڕۆشنبیرییەمان ئەدەبی گوتاری نییە، یان گوتاری زۆر لاوازی هەیەو بستێك لە خاوەنەکەی دوور ناکەوێتەوە، واتە ئاوێتەی ژیان نابێ وخۆی بۆ گەشاندنەوەی ژیان تەرخان نەکردووەو دوورە لە گیرو گرفتەکانی ژیانو ناوێرێ خۆی لە قەرەی ئەو گیروگرفتو نهێنیانە بداتو ئیدی نوسینەکە خودی خۆی پێ نایەتە دیو لەبار دەچێ.

هەڵبەتە یەکێك لەخەسڵەتەکانی نووسینی ڕەسەن ڕوانینی ئەقڵیو میتۆدی ڕەخنەییە، واتە جیهانبینی ئەقڵانیو میتۆدی ڕەخنەیی کۆڵەکەی نووسینی ڕەسەنن، ئەقڵو ڕەخنە لێکدی نایەنە دابڕان، کە ئەقڵ هەبوو دەبێ ڕەخنە هەبێ، غیابی ڕەخنە کە لە ئەقڵو بیرکردنەوەوە هەڵدەقوڵێ، نیشانەی لاوازیو سستی

ئەقڵە، ئەقڵ دەبێ ڕەخنەیی بێو هەر ئەقڵێك بە ڕوانینێکی ناڕەخنەییەوە خۆی لە گرفتەکانی فیکرو بارودۆخی کۆمەڵو خەڵکی بدات، خیانەت لە تەبیعەتی خۆی دەکاتو خۆی لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی دەدزێتەوە، چونکە خەسڵەتی بنەڕەتی ئەقڵ، خەسڵەتێکی شۆڕشگێڕانەیەو کار بۆ بەزاندنی شتە باوەکان دەکات، بۆیە ڕەخنە باڵاترین وارە کە فیکر خۆی تێدا بنوێنێ، خۆی تێدا تەحقیق بکات.. کەواتە نووسینی ڕەسەن دەبێ دەسەڵات، هەر دەسەڵاتێك بێ سەغڵەتو تەنگەتاو بکات.

کە مخابن ئەمە لە ناو لێشاوی نووسینی دوای ڕاپەڕیندا بەکەمی دەبینرێ. ئەمە جگە لەوەی لە زۆربەی نووسینی پاش ڕاپەڕیندا پرسیار یان هەر نییە، یان زۆر کزە.. کە دیارە پرسیار کز بوو نووسین لە چوارچێوەی ئینشاکارییەکی نامەفهوم تێناپەڕێو گوتاری چالاکو کاریگەری نابێو، نابێ بەچراو لەوە تێناپەڕێ کە دەنگدانەوەیەکی کزی تەمەن کورتی کۆمەڵگەیەکی نووستوو بێ.. چونکە پرسیاری بەجێو ماقووڵ لە ناو مێژووی فیکردا لە وەڵامەکەی کاریگەرتر دەبێ، پرسیاری بەجێو دروست خۆی لەخۆیدا نوقڵانەو بانگەوازی دەستپێکی ڕابوونێکی هزرییە، ئیدی ئەو ڕابوونە گەورەو بەربڵاو بێ یان بچووكو سنووردار بێ.. پرسیار وەڵامو وەڵامانی لێدەکەوێتەوە، ئیدی وەڵامی جیاوازبن یان چوونیەك، بەڵام وەڵامەکان یان کۆی وەڵامەکان بە کۆك و بە ناکۆکییانەوە مادامێکی بەدەوری یەك تەوەردا دەسوڕێنەوە، جۆرە ڕابوونێکی ڕۆشنبیریو فیکری چێدەکەنو گەر بگوترێ هەر قۆناغێکی تازەی ڕۆشنبیریی زادەی پرسیارو پرسیارێن تازەو بەجێیەو هەر پرسیاریش ئەقڵ دەمەزەرد دەکاتەوەو لە تەمەڵی دەخەلەسێنێ ، ناکاتە زێدەڕۆیی.

بۆیە ئەگەر بتەوێ بۆ خەسڵەتی تازەی هەر قۆناغێك بگەڕێی، دەبێ پرسیارە ڕیشەییەکانی ئەو قۆناغە بخوێنیتەوە، کە مخابن لای ئێمە هێشتا بە تەواوی نەخەملیوەو لە ڕەشبینیشەوە وانالێم، چونکە من قەناعەتم نە بە نەزۆکی میللەت هەیەو نە بە نەزۆکی هیچ قۆناغێكو ئەم قۆناغەش دەنگو ڕەنگ ونوێنەری خۆی بەرهەم دێنێو ڕۆژگاریش ڕەسەنو ناڕەسەن لەبێژنگ دەدات.

– ب.م تەها: نووسین دەبێت لەزەتی خۆی لێ وەربگیرێ ئەوسا نووسینە، بەو پێیەی بەشێکە لە مەعریفە، لە زەتی عەقڵیش مەعریفەیە، غەزالی واتەنی(لڎە العقل المعرفە کلما کانت المعرفە اکبر کانت اللڎە اکبر)، بێگومان بەرهەمی عەقڵیش فیکرە، ڕای بەرێزت چییە؟

ح.ك. عارف: هەر گوتارێك بگری خەڵکێك یان خەڵکانێك دەدوێنێ، هەر کارێکی ڕۆشنبیری کە مەبەستم نووسینە بەلای کەمەوە دوو لایەنی سەرەکی هەیە، یەکەمیان نووسەرەو دووەمیان ئەو جەماوەرەیە کە گوتارەکەی، واتە نووسینەکەی ئاڕاستە دەکرێت.. کەواتە لێرەدا هاوکێشەیەکو لایەنەکانی هاوکێشەیەك دروست دەبێ، نووسەر، پەیام، وەرگر. جا بۆیە نووسەر لە سەرێتی لە ئاستێکی هەرە بەرزدا پەیام یان گوتارەکەی بگەیەنێ، لێرەدا چۆنیەتیو ئاستی گوتارەکە، هاوسەنگی هاوکێشەکە ڕادەگرێ، لەزەتەکە، یانی لەزەتە ئەپستمۆلۆجییەکە ئاسانتر دەگەیەنێ. جا نووسەر لە بەرئەوە نووسەر نییە کە لێبڕاوە هەندێ شتی دیاری کراو بڵێ، بەڵکو لە بەرئەوەیە کە لێبڕاوە بەشێوازێکی تایبەتی بیڵێو گومانیش لەوەدا نییە کە شێواز بەها بەپەخشان دەبەخشێتو نووسەر دەزانێ کە وشە کارو کردەوەیە، وشە کەشف کردنە، کەشفیش گۆڕینە، جا ئەرکی نووسەر لەچوارچێوەی ئەو زنجیرە کارو کارلێکەدا ئەوەیە بەجۆرێ کاربکات کە کەس نەتوانێ ئەم جیهانە فەرامۆش بکاتو خۆی لە مەسئولیەت بدزێتەوە.

هەڵبەتە نووسەرو خوێنەرو بابەت لەم پرۆسەی نووسینەدا بەجۆرێ ئاوێتە دەبنو دەکەونە کارلێکەوە، مەگەر هەر لەزەتە ئەپستمۆلۆژییەکە یەکیان بخات.. نووسەر بە ڕاستگۆییو لەزەتەوە وشە بەکاردێنێ، ئەو وشانەی لە سەرەتاوە هەڵیاندەبژێرێ، لە هەوەڵەوە بابەت نین، بەڵکو جۆرە ناونانێکە لە بابەتان.. بەرەبەرە لە سیاقی سەرلەبەری پرۆسەی نوسیندا دەبن بەدەلالەت، دەلالەت لە شتێکی دیاری کراو، دەلالەت لەچەمکێکی دیاری کراو، پاشان دەبێ بە هەڵوێستی فیکریو کەشفو گۆڕینی بە دوادا دێ.. ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەکاتە بەرهەم هێنانی مێژوو دەکاتە خۆگێڕانەوەو خۆسەلماندن لە ناو ئەو بوارەدا کە تیایدا دەژینو بەشداری لەبەرهەم هێنانو دروست کردنی دەکەین..

بە هەرحاڵ ئەمە هەندێ لایەنی ئەو لەزەتە ئەبستمۆلۆجییەیە کە لە نووسینی ڕەسەنو ڕیشەییدا هەیە.

– ب.م. تەها: نووسینێك نەتوانێت شۆڕشێکی فیکری دروست بکا یاخود بڵێین وەك پەیامێکی مرۆڤانە خۆی نەنوێنێو نەتوانێ ژیاری ڕۆشنبیریو ئینسانی بەرجەستە بکا، بزوێنەری واقع نەبێ، ئەبێ چ جۆرە نووسێنێك بێ!، واتە دەبێ نووسین هەڵقولاوی کەشو هەوایەکی لێوانڕێژبێ لە بەهاکانی مرۆڤبوونو پەیوەست بێ بە بەها شارستانییەکان، نووسین پەیامو عیشقو لەزەتە، بە هەرحاڵ لە واقیعی ئێستای نووسیندا وا دەبینم گرنگ نەبێ چ بنووسی بەڵکو گرنگ ئەوەیە بنووسی، ئەی بە ڕێزت پێت وانییە؟

ح. ك. عارف: نووسینی ڕەسەن خۆی لەخۆیدا پرۆسەیەکی شۆڕشگێڕانەیەو هەر نووسینێك بگرێ ئاوسە بە هزرو بیر، هزرو بیر وەختێ بڵاودەبێتەوەو تەشەنە دەکات کە زانستیانەو مەنتیقی بێ، پابەندی ڕوانینو جیهانبینی ئەقڵیو میتۆدی ڕەخنەیی بێ، وەرگریش، ئیدی هەر کەسو گروپو چینێك بێ تاڕادەیەکی باش هۆشیار بێو بایەخی ئەو نووسینە بزانێو کاریگەرییەکەی لە سەر ڕزگاری خۆیو پەرەسەندنی کۆمەڵەکەی بخوێنێتەوەو لەدوا ئەنجامدا ببێ بە فاکتەرێك لە فاکتەرەکانی گۆڕین بە ئاڕاستە ئیجابییەکاندا.

هەڵبەتە ئەوەی سەردەمێکی فیکری دەکات بەیەك سەردەم، یەکێتی یان نزیکی پرسیارەکانە، نەك چوونیەکی وەڵامی هزرڤانان. هەر نووسینێك بەپرسیاری زۆر جدیو ڕیشەیی ئاوس نەبێو وەرگر عەودالو تامەزرۆی وەڵامان نەکات ناتوانێ شۆڕشگێڕانە بێ، بۆیە (چی) نووسینو ئاستی نووسین زۆر گرنگەو تەنیا لەو حاڵەتەدا کاریگەری ڕۆشنبیریو فیکری خۆی دەبێت.. دەنا وا نەبووایە ئەو لێشاوە نووسینەی ئەمڕۆ لە بازاڕی نووسینی کوردیدا دەبینرێ، دەبووایە کاریگەرییەکەی زۆر بەزەقی لەوارەکانی ژیانی کوردەواریدا ڕەنگی بدایەتەوەو ئەم پاشا گەردانییە بەم جۆرە بەردەوام نە دەبوو، ڕاستە لێرەو لەوێ، لە توێی کتێبانو بڵاڤۆکاندا هەندێ بریسکەی پەراگەندە دەبینرێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە بکرێن بەچرا.. فیکر بەدیالۆگ دەوڵەمەند دەبێ، ئەهلی فیکرو ڕۆشنبیری لە لای ئێمە زۆر دوورن لە یەکترەوەو کەس دەفتەری کەس ناخوێنێتەوە، هاوبەشی کردن لە بەرهەم هێنانی فیکریدا نییە، دیالۆگ قاتییە.. فیکر دەنگدانەوەی نییە، ڕەنگدانەوەی نییە، بێدەنگی کوشتویەتی.. پێویستە دەنگ چ بە ڕەفزو چ بە قەبوولْ هەبێ،چونکە ئەو ڕەفزو قبووڵە سەرچاوەی گەشەکردنو پەرەسەندنە.. دیارە ئەم پەراگەندەییە هەرگیز نایەڵێ کەشو هەوایەکی فیکریو ڕۆشنبیری هاوبەشی ئەوتۆ دروست ببێ کە سیمای دەڤەرێك یان قۆناغێك یان سەردەمێکی فیکریو ڕۆشنبیری دیاری کراوی پێوە بێ..

– ب. م. تەها: بەلای بەڕێزتەوە خوێنەری کورد لە چ ئاستێکدایە؟ لە کاتێکدا خوێنەر دیاریکەری ماناو ڕەهەندی دەقەکانە، خوێنەری جیدی دوای نووسەرو نووسینی باشدەکەوێ بەشکەم بەرهەمی مەعریفی

زۆرترو زیاتری پێببەخشێو بیخاتە نێو دونیای مەعریفەو جووڵە بداتە ئەقڵی، وەلێکان لای ئێمە خوێنەر لە ئاستێکی زۆر ساردو سەتحیدایەو هیچ قەوەتێکی ئەوتۆی تێدا نییە بگاتە نێوەرۆکو مەبەستی نووسراوەکان، ئیدی خوێنەری ڕاستەقینە ئەرکی زۆر زیاترە لە نووسەر بەو پێیەی ڕەگەزی یەکەمە لە بواری خوێندنەوەدا، ئەلیوتی شاعیر لە یەکێك لە وتەکانیدا دەڵێت (خوێنەر بە هەمان ئەندازەی خودی شاعیر مانای شیعرێك دیاری دەکات)، لێرەکانەوە وا پێویست دەکا دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە خوێنەری کورد لە مێژەوە تاوەکو ئێستا هەمیشە لە مەرگدا بووە و نووسەریش نیوە مەرگ، ئایا ئەمە کارەسات نییە؟

ح.ك. عارف: خوێنەر وەکو نەوعییەت دەتوانێ ڕۆڵی یەکجار کاریگەر لە گەشەکردنو نەشونمای ڕۆشنبیریو ئەدەبیدا ببینێ، هەر دەقێك یان نوسینێك بەندە بەخوێنەرەکەیەوە، واتە نووسین بەخوێنەر تەواو دەبێت. وەکو چۆن پەیام دەبێ پەیامبەری هەبێ، بە هەمان شێوەش دەبێ وەرگری هەبێ، واتە قەدری دەقێك، بەهای دەقێك لەڕێگەی خوێنەرەوە، بەهۆی خوێنەرەوە دەردەکەوێو بەرجەستە دەبێ.. بە هەرحاڵ خوێنەری جددی چی وای لە ڕەخنەگر کەمتر نییە، چونکە خوێنەری چاكو جددی هەرگیز ئەوە لە نووسەر قبوڵ ناکات، بەرهەمی بێ پێزی دوور لەدیدو بۆچوونی مێژوویی نوێخواز، دور لەجیهانبینییەکی قووڵ دەربارەی، بەلای کەمەوە، ئەو بابەتەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، پێشکەش بکاتو کاتی بە فیڕۆ بدات.
خوێنەری هۆشیار، بایەخی کاری ئەدەبیو ڕۆشنبیریو هزری هەر لەوەدا نابینێ کە چەند زانیاری تازەی پێ دەبەخشێت، چونکە ڕەنگە نووسینێك زانیاری یەجگار وردی دەربارەی ژیان تێدابێ، وەکو ڕواڵەت وێنەیەکی دەقاو دەقی ژیان بێو نووسەرەکەشی زۆری پێوە بنازێ.. بەڵام خوێنەری وریاو بە ئاگا قەناعەت بەمە ناکات، چونکە ئەو هەستەی کاری هونەریو دەقی ئەدەبی نەقڵی دەکاو لای خوێنەر دەیهاڕوژێنێ، زۆر جیاوازە لەو هەستانەی کە ژیانی ئاسایی ڕۆژانە دەیوروژێنێ.
ئەگەر هەستە ئەدەبیو هونەرییەکە، گەلەك باڵاتر نەبێ ئەوا لای خوێنەری وریا ناچێتە خانەی هونەرەوە، بەڵکو دەکاتە جوینەوەو کاوێژ کردنەوەیەکی بێهودەی ژیان. خوێنەری بە ئاگا لای عەیانە داهێنەر لە هەر بوارێك دابێ، فیکری، ئەدەبی، هونەری، ڕۆشنبیری، تەنیا کەرەستە خاوەکان لە ژیانەوە وەردەگرێ. تاوتوێیەکی وردی دەکات، هەڵیدەسەنگێنێو پاشان (گوراوێکی) تازەی ناسكو جوانی لێدروست دەکاو دەخولقێنێ، رەگەزەکانی کەرەستە خاوەکان بەجۆرێ لێکدی دەداو مونتاژی دەکاو دەیکات بە یەکەیەکی یەك پارچە کە هەرگیز لە ڕەگەزەکانی جارانی ناچێت.. واتە خوێنەری بە ئاگا بە ئاسانی تەسلیمی دەق یان هەر نووسینێکی دیکە نابێ، بەڵکو بەکلیلی تێگەیشتن، قفڵی دەق دەکاتەوەو موناقەشەی جددی دەقەکە یان نووسینەکە دەکات، پاش گوێگرتنو پرسیار کردن، پاش وەرگرتنی وەڵام ئەوجا هەڵوێستی ڕەفز یان قبوڵ هەڵدەبژێرێ.
بەڵام سەبارەت بە ئەدەبو بەنووسینی کوردی وێڕای ئەوەی خوێنەری جددیو بە ئاگا زۆر کەمە، دەبێ ئاوڕێك لەو حەقیقەتە بدەینەوە کە دەقی کوردی لە ئاستەنگدایەو هەندێجار وادێتە بەرچاو کە لەکوێرە کۆڵانێکدا گیرۆدە بووە، هەڵبەتە ئاستەنگەکەش پتر ئاستەنگو قاتی هۆشیاری نووسەرانە، قاتیو

ئاستەنگی جیهانبینیو زمانە لای زۆربەیان، غیابی جیهانبینی ئەقڵیو میتۆدی ڕەخنەیی، کزی خوێندنەوەی فیکریو فەلسەفیو هونەرییە.

دیارە غیابی مەعناو چەمکی قووڵو خەیاڵی ناسکو.. ئاشکراشە هەر دەقێك داهێنەرانە مامەڵە لەگەڵ ڕەگەزەکانی خۆیدا نەکات زۆر برناکاتو تەمەنی لەو چەند ساتانە تێناپەڕێ کە خوێنەرێکی تەمەڵ بۆ بێتاقەتی دەیخوێنێتەوە. بە هەرحاڵ هیچ گوتارێکی فیکری، ڕۆشنبیری، هونەری ، لە دەرێی خوێنەردا ناژی.. خوێنەری ئێمە زۆربەی کات ناهۆشیارو تەمەڵ بووە.

– ب.م. تەها: نووسەر کاتێ سەرقاڵی هەر بەرهەمێ دەبێ ئەوکاتە خاوەنی نووسینەکەیەتی کە لە ژێر دەستیدایە، دوای بڵاوبوونەوەی خوێنەر خاوەنیەتی، ئەتوانیت پێوەندی نێوان نووسەرو خوێنەرمان بۆ باس بکەیت، لە کاتێکدا نووسەرو خوێنەر دوو کاراکتەری بەقەوەتن بۆ دۆزینەوەی حەقیقەتەکانی نووسین، واتە وەك دووکاراکتەر یارمەتی پرۆسەی خوێندنەوە دەدەنو بەسەرکەوتنی دەگەیەنن؟

ح.ك. عارف: بێگومان پەیوەندییەکی ئۆرگانی لە نێوان نووسەر، نووسین، رەخنەگر یان خوێنەردا هەیەو هەموو ئەو لایەنانە لەحاڵی کارلێکدانو هەر لایەنەو نەخشو دەوری خۆی لەپێکهاتەی بەرهەمەکەدا هەیەو بەزمانی تازەی ڕەخنەیی دەبێ بگوترێ کە هەر یەکێك لەو لایەنانە تاڕادەیەك دەور لە نووسینو زیندوو ڕاگرتنو خوڵقاندنی نووسین یان دەقدا دەبینێ.

جالەم پرسیارەداو لە پرسیاری پێشووتریشتاندا مەسەلەی مەرگی نووسەر هاتۆتە گۆڕێ. ئەمە زاراوەیەکی ڕەخنەیی تازەیەو دەگەڕێتەوە بۆ بونیادگەراو بونیاد شکێنەکانو، ئەوە ناونیشانی نووسینێکی رۆلان بارتە.. هەر ئەو مانایە دەگرێتەوە کە ئێوە لە پرسیارەکەدا خستووتانەتە ڕوو، بۆیە بۆ دەقێکی نووسراو نووسەرەکە گرنگ نییە، هەر کێیەك دەبێ بابێ،بۆ نموونە شەکسپیر خاوەنی ئەو کەلەپورە شانۆییە بێ کە بە ناوی ئەوەوەیە یان کەسێکی دی، یان خاوەنی هەر نەبێ گرنگ نییە، گرنگ بەرهەمەکەیە کە پەیوەندی تەواو لەگەڵ خوێنەردا پەیدا دەکاتو بوونی بەند دەبێ بە خوێنەرەوەو ڕەنگە لە ئاکامدا پێویست بەڕەخنەگریش نەمێنێو ئەویش وەکو نووسەر بچێتە خانەی مەرگەوە، هەڵبەتە لێرەدا مردنەکە مردنی مەعنەوییەو دەرهەق بەدەقی نووسینەکەیە.. بە هەرحاڵ لە میتۆدی بونیادگەرییو هەڵوەشانەوەگەریدا بایەخو گرنگی نووسەرو هاندەرەکانی نووسەر بە ڕادەیەك لە تۆژینەوەی بەرهەمێکدا کەم دەبێتەوە دەگاتە ڕادەی سڕینەوەو نەمانو بەمەش دەگوترێ (مەرگی نووسەر).

وەکو گوتمان ئەوە ناوی گوتارێکی رۆلان پارتە دەربارەی ئەو مەسەلەیە.. واتە هەرکە پرۆسەی نووسین دەست پێدەکاتو نووسەر تەواو دەبێ ئیدی پەیوەندی نووسەرو خوێنەر دەپچڕێ. ڕەنگە ئەمە لە کۆنیشا بەشێوەی دیکە هەبوو بێ، بۆ نموونە ئەو حیکایەتو نەقڵو ئەفسانانەی لەکۆڕو مەجلی ساندا هاتوونەتە گێڕانەوە، خاوەنیان نەبووە، گوتیار (ڕاوی) دەوری خاوەنی ئەو بەرهەمانەی گێڕاوەو گوێگری کردووە بە شەریکی خوڵقاندنی ئەو بەرهەمانە.. هەڵبەتە نووسین، بە تایبەتی دەقی هونەری سەرچاوەی جیاوازی هەیەو هەموو ئەم جۆگەلە جیاوازانە لە یەك ڕووباردا دەگیرسێنەوە کە ئەویش خوێنەرە خوێنەر.. بە هەرحاڵ یەکێتی نووسین بە تایبەتی دەق لە دەستپێکدا نییە، بەڵکو لە ئەنجامو ئاکامدایە. یانی یەکێتی بەرهەمێك لە خوێنەردا بەرجەستە دەبێ نەك لە نووسەردا.. جابۆ ئەوەی ئایندەی نووسین دروست ببێ پێویستە ئەفسانەی نووسەر سەرنگوون بکرێو، بە بەهای مەرگی نووسەر، خوێنەر لەدایك ببێ. بە هەرحاڵ

ئەمانە روانگەو بۆچوونو یاسای بنجبڕو پیرۆز نین. ئەم بۆچوونانە زیاتر هی سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەو لە ئاخرو ئۆخری سەدەی نێو براوداو لە هەڕەتی برەوەی بونیاد گەریو بونیادشکێنیدا گەییووەتە لوتکەی خۆیو ڕەواجی پەیدا کردووە.. دیارە ئەمەش پاپەندی پرۆسەی گۆڕانەو هەر بەو دەقەوەو تاسەر نامێنێ.

بەم پێیەو لەبەر رۆشنایی بۆچوونەکانی رۆلان پارتدا ئەوە ساغ دەبێتەوە تا ڕۆشنبیریو چالاکیە هزریو هونەرییەکان لە کۆمەڵگەدا بەرینترو گشتی تر بێ، واتا دیموکراتیتر بێ، ڕۆڵی ڕێژەیی وەرگر (خوێنەر) لەپێکهێنانو پێناسەی چالاکییە هزریو هونەرییەکاندا زیاتر دەبێو دەوری نووسەر کەمتر دەبێ.

بە هەرحاڵ کە نووسین بە وشە سپێردرا، وشە لە ناو پێکهاتەی نووسیندا بوو بە تانوپۆی زمانو خوێنەر پەی بە ڕەمزو ڕازی برد، ئیدی دەستکراوە تر دەبێ لە چۆنیەتی مامەڵە کردن لە گەڵ دەقەکەداو پێویستی بە نووسەر نامێنێو نەمانی نووسەریش ڕەنگە نەمانی ڕەخنەگری بەدوادا بێو ئیدی هەم دەسەڵاتی نووسەرو هەم دەسەڵاتی ڕەخنەگر هەرەس دێننو خوێنەری جددی لەدایك دەبێو بەخۆی هەموو بۆشاییەکان پڕ دەکاتەوەو بایەخی نووسینەکە دیاری دەکات.. جا لەم قۆناغەدا پێم وایە ڕەخنەگریش، هەڵبەتە بەمانا ئیستیعارییەکە، دەمرێو کەس پێویستی پێی نامێنێ.

– ب.م. تەها: نووسین بە مانا گشتییەکەی هەڵگری کۆمەڵێك ئەخلاقیاتە، واتە نووسینێك نییە بەدەربێ لە ئەخلاق، سەرپاکی بوارەکانی دیکەش پەیوەستن بە ئەخلاقەوە، بۆیە وا پێویست دەکا نووسەر پابەند بێ بە ڕێساکانی نووسینەوە تاوەکو مەهامە ڕاستەقینەکانی نووسین بەرجەستە بکا، واتە دەبێ بەجۆرێ لە جۆرەکان پێوەست بێ بە و ڕێسایانەوە، ئەخلاقیاتی نووسین وەك چی؟

ح.ك. عارف: نووسین شێوەیەکە لە شێوەکانی ئازادیخوازیو مرۆڤپەروەری هەرکە دەستت دایێ ئیدی بتەوێو نەتەوێ دەبێ مولتەزیم بی. واتە یەکێك لە ئەخلاقیاتی نووسین پاپەندییە بەمرۆڤو ئازادی مرۆڤەوە،بە دۆزەکانی مرۆڤەوە ، چونکە ئەم گەردوونە لە مرۆڤدا بەرجەستە دەبێو لەدەرێی مرۆڤدا هیچ حەقیقەتێك بوونی نییەو هیچ شتێك بایەخی نییە.. یەکێك لە ئەخلاقیاتەکانی دیکەی نووسین بریتییە لە نەدۆڕانی متمانەی خوێنەر، چونکە لە ئەنجامدا لەخوێنەرداو بەخوێنەر بەرجەستە دەبێو لەخوێنەردا بەردەوامی پەیدا دەکات، بۆیە نووسەر دەبێ ئەو خاڵە دەرك بکاتو ڕاستگۆیانەو دوور لە هەر ڕیاو ڕیاکارییەك خوێنەر بکات بە شەریکی پێکهێنانی نووسینەکەیو متمانەی خوێنەر نەدۆڕێنێ.. کاری نووسین، قاڵب شکێنیو شۆڕشگێڕاندنە، واتە شۆڕش لە دەروونو سایکۆلۆژیەتی خوێنەردا بەرپا بکاتو ئەقڵی بوروژێنێو لەزەتێکی ئەقڵی گەورە، واتە لە زەتێکی ئەبستمۆلۆژی پێ ببەخشێو تاك لە درێژایی زەمەندا هەست بەبوونی خۆی بکاتو هەرگیز بەوە قاییل نەبێ دیکتاتۆریەت ببێ بەشتێکی هەمیشەییو جیهانگیر، بۆیە نووسین موغامەرەی مانو نەمانە، موغامەرەی پاراستنی ئابڕووی ئینسانە، نووسەر دەبێ بە تەواوەتی پاپەندی بێو بەیەکێك لە ئەخلاقیاتی نووسینی بزانێ.. بەهەرحاڵ..

– ب.م. تەها: بیریارو زاناو نووسەری گەورە (مەسعود موحەممەد) لە یەکێك لە وتەکانیدا دەڵێت (گرتنی قەڵەمی نووسەرێك لە بڕینی زمانی باشترە)، واتە نووسەری خاوەن هەڵوێست و داهێنان، واتە نووسەرێ سیمبولو پێشەنگ بێو ئازادی مەبەست بێو کۆمەڵگە لە مەترسییەکانی دواکەوتوویی و دەردە کۆمەڵایەتی

و سیاسییەکان وەئاگا بهێنێ، نووسینەکانی بە جۆرێ بن وەعی ڕۆشنبیری و ئینسانی بخولقێنن، بەڕێزت چۆن لەم وتەیە دەڕوانیت؟

ح.ك. عارف: (گرتنی قەڵەمی نووسەرێك لە بڕینی زمانی باشترە).

هەرچەندە پێم وایە ئەو ڕستەیە لە سیاقی خۆیو لە مەتنی خۆی دابڕێنراوەو بەم ڕووتیو قووتییە وەکو پێویست چەمكو مانای خۆی ناگەیەنێ، بەڵام گومان لەوەدا نییە ئەم ڕستەیە زادەی هاماجێکی دکتاتۆریەت زەدەیەو جۆرە تاریخیەتێکی لە خۆگرتووەو ڕەمزیەتی پەیدا کردووە.. بە شێوەیەکی گشتی دادو بێدادە لە دەست ستەمو زۆرداریو نەبوونی ئازادی کە بۆ نووسەر لە ئاوو هەوا فەرزترە. هەڵبەتە من پێم وایە گرتنی قەڵەمی نووسەرو بڕینی زمانی هیچیان ڕەواو باش نین، بەڵام لە کەشوهەوای دکتاتۆریەتدا، کە مرۆڤ ناچاری بە راورد یان هەڵبژاردن بکرێ، ئەوا پێم وایە چاری ناچارە دەبێ بە راورد کردنەکەی یان هەڵبژاردنەکەی بە تۆبزی لە نێوان خراپو خراپتردا بێ، دیارە لەو حاڵەتەدا خراپەکە هەڵدەبژێردرێو پێشی دەگوترێ هەڵبژاردن!! بۆیە لەو جۆرە کەشو هەواو هامەجەدا، نووسین دەبێ بە جۆرێك لە موغامەرە، موغامەرەی مانو نەمان، موغامەرەی پاراستنی ئابڕووی ئینسان، واتە دەبێ بە خەباتێکی شارستانیانەو هیچ خەباتێکیش بێ باج نابێ.

بێگومان وشە لە دوای پەیامبەران هی نووسەرانەو نووسەران بۆشایی ئەوان پڕ دەکەنەوەو ئەرکی هەرە سەرەکی نووسەر مرۆڤو ئازادی مرۆڤە.. کە ئەمە ئەرکی نووسەر بێ، دەبێ بێ هیچ ترسو دوو دڵییەك ئازادی بێ قەیدو شەرتو ئازادی موتڵەقی بدرێتێ، چونکە پیشەی نووسەری خۆی لە خۆیدا جۆرە عیبادەتێکەو ڕاستگۆیانەو دوور لە هەر دوو ڕووییەك لە پەرستگەی ئەفراندندا دێتە ئەنجامدانو هەوڵدانە بۆ وەدەست هێنانی جۆرە نەمرییەك. نووسین خۆراکی ئەقڵو ڕۆحە، هزر دەخەملێنێ، سۆزی مرۆڤایەتی جۆش دەدا، خودو ئاستی خود بەرز دەکاتەوە، زەوق دەپاڵێویو مشتوماڵی دەدا، دیارە ئەم کەڵکەڵەی وەدەست هێنانی نەمرییە، لەچوارچێوەی تاقە کەسو تاك تاکی کۆمەڵدا نامێنێو کۆمەڵگەش دەگرێتەوە. چونکە نووسینی ڕەسەنو دوور لە ڕییا ڕێگە بۆ ئاوێتەبوونی خودی پاکیزەو پاڵێوراو لە گەڵ کۆمەڵدا خۆش دەکات. دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە..لە سایەی سیستەمی پۆلیسیو سەرکوتکەردا کەشوهەوای سامناك دەخولقێو بەرەبەرە خەڵکەکە خووی پێوە دەگرێو لەسەری ڕادێو هەموو قسەکردنو ئازادی دەربڕینێك دەبێ بەبڤەو قسەش کە قافی هاتو نەکرا، زەین کوێر دەبێ. نووسەریش لەکەشو هەوای ئاوا خنکێنەردا زەینی قەڵەمەکەی کوێر دەبێ، چونکە چەند یاخیش بێ، ئەوا هەندێ درەنگتر لە گەڵ بارودۆخەکەدا ڕادێ. کە ڕاشهات یادەبێ بکەوێتە سازشو تەسلیم بوون، یادەبێ قوڕو قەپی لێبکاتو زمانی خۆی کۆتو زنجیر بکات. هەردوو هەڵوێستەکە زۆر خراپنو دوژمنی قەڵەمو داهێنانو نووسینن...

جا پێم وایە وتەکەی مامۆستا مەسعود محەمەدی ڕەحمەتی بانگەوازێکی بێ چەندو چوونە بۆ ئازادی، لە کەشو هەوایەکی خنکێنەردا، پەیڤی خۆی گوتووە.

بۆیە نووسەری ڕەسەنو خاوەن گوتاری مرۆڤانی لە سەرێتی لە هەر کەشو هەوایەکدا بێو بە هەر شێوەو شێوازێك بێ ئاوێکی وەها بڕێژن کە دەسەڵات پێیان نەوێرێو هەمیشە وەها سەیر بکرێن کە لە سەرووی دەسەڵاتەوەنو لەوێندەرەوە بەردەوام بن لە سەر شۆڕشگێڕاندنی هەموو لایەنەکانی ژیانو مەحەبەت بکەن بە ئایینی سەر لەبەری مرۆڤایەتی.

ب. م. تەها: ڕای بەڕێزت چییە بەرامبەر بەو قەڵەم ڕەشانەی کە بە قەڵەمەکانیان ئاگری شەڕی ناوخۆیان تاوداو و بوونە ئاگر خۆشکەری ئەو شەڕە براکوژی و کوردکوژییە، کۆمەڵی کوردییان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسیو ڕۆشنبیرییەوە تووشی هەزار دەردو ئافەتان کرد، تا ئەمڕۆکەش کۆمەڵی کوردی وەدەست ئەم دەردانەوە دەناڵێنێو تاکی کوردییان تووشی دەیان گرێی کۆمەڵایەتی خراپ کردووە؟

ح. ک. عارف: خەڵکانێکی زۆر لە ئەهلی قەڵەمو وشە پێیان وایە نووسین هۆیەك نییە لە هۆیەکانی گوزارشت کردنو بەیان، بەڵکو ئامرازی هەرە کاراو کاریگەری گەڕانو پشکنینو کەشفکردنو ڕۆچوونە بە ناخی دیاردەو ڕووداو وشتەکاندا، بە مرۆڤانی کردنێکی هەرەجوانی شتەکانە. کەواتە نووسین دەبێ زۆر ڕاستگۆیانە بێ، حورمەتی زمان بگرێ کە بنەمای هەرە سەرەکی نووسینەو بە تۆبزیو ناچاری شتی لێبار نەکاتو نەیهێنێتە گۆ، چونکە ئەو کەسەی حورمەتی زمان نەگرێو ناچاری بکات بە نەبەدڵی شتێك بڵێ، ئەوا تووشی گەوجە گەوجێکی زۆر دەبێو وردە وردە دەکەوێتە سازش لەگەڵ دەسەڵاتداو بەرەبەرە تەسلیم دەبێو بەخۆی فەرمانی لە سێدارەدانی نووسەرایەتی خۆی مۆر دەکاتو ناسنامەی (نۆسەر)ی هەڵدەگرێ. جائەو (قەڵەم ڕەشانە)ی کە ئێوە باسیان دەکەن خەڵکانێکن هەموو پێوەرە مرۆڤانیو ئەخلاقییەکانیان بەزاندووەو بوون بەکەسێکی دیکتاتۆرسازو شەریکی هەر هەموو ئەو تاوانانەن کە لە شەڕی ناوخۆدا ئەنجامدراون.

دیارە دیکتاتۆرساز زۆر تاوانبارترو خەتابارترە لە خودی دیکتاتۆر.. چونکە ئەوانە دەبن بەخەڵکێکی درۆزنی ڕمۆزنی زمان لووسی عەوام خەڵەتێنی، ریبابێژی هەرزەوێژی خوازەلۆکی پولەکی چاوچنۆکی وێڵی دەرێی مێژوو.. هەقە ئەوانە بەبەڵگەی دروستو بنجبڕەوە لە قاو بدرێنو . ئەلبێر کامۆ قسەیەکی جوانی هەیە کە دەڵێ لە دنیادا هیچ ئابڕووچوونێك لەوە گەورەتر نییە کە مرۆڤێ بدینی مامەڵەیەکی نامرۆڤانەی لەگەڵدا بکرێ.

جاوەرە تۆ نووسەر بەو کار بۆ ئابڕوو بردنی هاوڵاتیو هاونەژادی خۆت بکەی، فەتوای کوشتنو بڕینو ڕەهەندە کردنو دەربەدەرکردنی بدەیو دیکتاتۆرانی لێ هانبدەی.. دەبێ ئەمە چ ڕیسواییو ئابڕووچوونێك بێ خودایە!!

ب. م. تەها: بەڕێزت زیاتر مەیلت بەلای وەرگێڕاندایە ، ئەمەش لە بەرهەمەکانتدا بە ڕوونی ڕەنگیداوەتەوە، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە ؟

ح. ک. عارف: گومان لەوەدا نییە کە پەیوەندی نێوان میللەتان بەجۆرێ فراوان بووەو بە ڕادەیەك تێکڕژاوە، هەموو میللەتان خەریکە دەبن بە شەریك لە بەرهەمهێنانی هزرو فەلسەفەو هونەرو ڕۆشنبیریو ژیارو شارستانیەتدا، هەر ئەم دیاردەو ڕووداوانەو لقو پۆپی ئەو دیاردەو ڕووداوانە کردوویانەتە کارێك کە وەرگێڕانو پرۆسەی وەرگێڕان ببێ بەکارێکی زۆر پێویستو دەبێ لە زانکۆکانی کوردستاندا کۆلێژی تایبەتی بۆ بکرێتەوەو بە شێوەیەکی ئەکادیمیانە بخوێنرێ.. چونکە هیچ میللەتێك ئەمڕۆکەو لەم ڕۆژگارە جەنجاڵەدا ناتوانێ بە تەنێ هەموو بوارەکانی ڕۆشنبیریو ژیاریو شارستانیەت بەرهەم بهێنێ، بۆیە وەرگێڕان بووە بەکارێکی هەرە پێویستو فاکتەرێکی هەرە گرنگی پەرەپێدانی پەیوەندی ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووری میللەتان پێکدێنێ، بە هەرحاڵ کتێبخانەی نیشتیمانیو نەتەوەیی هیچ میللەتێك، ناتوانێ بەبێ وەرگێڕان دەوڵەمەند ببێو ڕەونەق پەیدا بکات.

ڕەنگە ئەو خاڵانەی بە خێرایی ئاماژەم پێکردن هاندەرێك بووبن کە تاڕادەیەك بایەخم بەکاری وەرگێڕان داوە. هەڵبەتە بەرنامەداری لە وەرگێڕاندا کارێکی گەلێك پێویستەو دەبێ لەو بەرهەمو کارە فەلسەفیو هزریو هونەریو زانستیانەوە دەست پێبکرێ کە لەگەڵ باری واقیعی کۆمەڵایەتیو مێژوویی ئەو قۆناغەدا کە میللەتی تێدایە بگونجێو خێرایی بە ڕەوتی گەشەسەندنو بەرەو کامڵ چوونو پێگەیشتنی ئەو قۆناغە کۆمەڵایەتیو مێژووییە ببەخشێتو ئەمە خۆی لە خۆیدا جۆرە کارلێکێکی ڕۆشنبیریو شارستانی چێدەکات. بۆیە پێویستە پرۆسەی وەرگێڕان کە بریتییە لە گوێزانەوەی شیلەی ئەزموونی گەلان بۆ یەکتری لە چوارچێوەی جۆرە بەرنامەیەکی ڕێكو پێکدا ئەنجام بدرێ : ڕوو لەوەرگێڕانی ئەو کتێبو شاکارانە بکرێ کە بایەخی ڕۆشنبیری پێشڕەوانەیان هەیەو دەبنە بەشدارییەك لە کاروانی بەرەو پێشڤە بردنی ژیارو شارستانیەتی مرۆڤایەتی.

ب.م. تەها: بەڕێزت بەو پێیەی ئەزموونێکی ئێکجار زۆرت هەیە لە بوارەکانی وەرگێڕاندا، خەسڵەتەکانی وەرگێڕی سەرکەوتوو کامانەن؟

ح.ك. عارف: دیارە وەرگێڕی چاك پێویستە بەلای کەمەوە کۆمەڵێك خەسڵەتی تێدابێ، کە ڕەنگە بە شێوەیەکی گشتی لەم خاڵانەدا چڕ بکرێنەوە. وەرگێڕ دەبێ کەسێکی بەهرەداری ئەوتۆ بێ، کە تواناو بەهرەکانی لە ئاستی تواناو بەهرەکانی خودی نووسەری بەرهەمە ئەسڵییەکەدا بێ، واتە بەم پێیە وەرگێڕ دەبێ بەخۆیشی نووسەر بێو نووسەرێکی چاك بێ تابتوانێ بەرهەمێکی چاك وەربگێڕێو نووسەرانە بتوانێ ژیانو جووڵە وەبەر ئەو بەرهەمەدا بکات کە وەری دەگێڕێت.. دیارە تواناو بەهرەی وەرگێڕ پتر لە وەرگێڕانی گەورەدا دەردەکەوێ، ئاشکراشە کە کاری گەورە هیمەتی گەورەی دەوێ.. وەرگێڕ دەبێ کەسێکی زمانزان بێ، تایبەتمەندییەکانی زمان هەڵبێنێ، کەلتوور دۆست بێ، وردو تیژسەرنجو زیرەكو بەزەوقو خۆش سەلیقە بێ، ویژدانی کاری هەبێ، پشوو درێژو پرسا بێ، هەمیشە فەرهەنگی لە بەردەستدا بێو لە بچوکترین دوودڵیو گوماندا بگەڕێتەوە سەری.. وەرگێڕان مەسئولیەتێکی گەورەیە، جۆرە کەشفێکی داهێنەرانەیە، وەرگێڕان کارێکی یەجگار قورسەو وەرگێڕ نە لەبەر بێتاقەتی پەنای وەبەر دەباتو نە لەبەر ئەوەیە کە خۆی ناتوانێ بنووسێت. وەرگێڕ نابێ دەست بداتە وەرگێڕانی کارێك کە دەرەقەتی نەیات، چونکە لە حاڵی وادا زۆر گەورە نووسەر دەبنە قوربانی وەرگێڕ.. وەرگێڕی سەرکەوتوو دەبێ خوێنەرێکی زۆر جدی بێو جیهانبینییەکی ڕەخنەیی هەبێو بە تەواوەتی چەمكو ڕۆحی نووسینە ئەسڵییەکە بگوازێتەوە، ریتمو ئاهەنگی نووسەر بپارێزێو تایبەتمەندییەکانی زمانی دەقەکە کەشف بکاتو ڕەمزو ڕازەکانی بپارێزێ.. زەمەنو کاتی ئەو فرمانانەی بەکار هاتوون سەدی سەد بپارێزێ، چونکە کە زەمەنەکە شێوا، ئیدی دەقەکە تەواو دەشێوێو لە سکەی زەمەنی خۆی دەردەچێت.

وەرگێڕی سەرکەوتوو، دەبێ بونیادی ڕستەکانی نووسەر، بە تایبەتی ڕستە لێکدراوو ئاڵۆزەکان بپارێزێ.. خاڵبەندی، بەشێکە لەپێکهاتەو بونیادی دەقو شێوازی هەر نووسەرێك، واتە بەشێکە لە قوڵایی دەق، بۆیە وەرگێڕی چاك دەبێ زۆر بەجدی ڕەچاوی بکات، دەنا ئاهەنگو چەمكو مانای دەقە ئەسڵییەکە دەشێوێ.. لە وەرگێڕاندا، وەرگێڕ نابێ بێت بەرگێکی خۆماڵی ئەوتۆ بەبەر دەقە وەرگێڕاوەکەدا بکات کە خوێنەر بڵێ لە تۆ وایە لەبنەڕەتدا بەکوردی نووسراوە، واتە کوردانادن نیشانەی سەرکەوتنی وەرگێڕان نییە، چونکە پاراستنی دابو نەریتو تایبەتمەندیو ڕەنگو بۆی ئەو ژینگەیەی کە کارە وەرگێڕدراوەکەی تیادا

بەرهەم هاتووە، نیشانەی ئەمانەتداری وەرگێڕە، کە یەکێکە لە خەسڵەتەکانی وەرگێڕی سەرکەوتوو، ئیدی نازانم....

ب.م. تەها: شارستانیەتی ئەوروپا لە پێش بەرقەرار بوونی لە گشت بوارەکاندا سیاسی، ئابوری، ڕۆشنبیری..، بزوتنەوەو قوتابخانەگەلێکیان پێك هێنا بۆ وەرگێڕانی کتێبە یۆنانیو ئیسلامییەکان، لەم ڕووەوە تەعزید کردنی ماددیو مەعنەوی نووسەرانو وەرگێڕەکانیان کردە پیشەی خۆیان لە پێناو دروست بوونی بزوتنەوەیەکی ڕۆشنبیری و بە مەرکەزبوونی، لە سەردەمی عەبباسییەکانیشدا بە هەمان شێوە، ئیدی لێرەکانەوە وەرگێڕان پردی پێوەندی ڕۆشنبیری نێو میللەتانە، لەم ڕوانگەیەوە ئاستی وەرگێڕان لە کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنی، لەم پێناوەدا چ بکرێت باشە؟

ح.ك. عارف: ببورە ئەگەر لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا هەندێ درێژدادڕی بکەم، چونکە پرسیارەکە ئەوە هەڵدەگرێ. بە هەرحاڵ ئەگەر بگوترێ مرۆڤ بە وشەوە مرۆڤایەتی پەیداکردووە ڕەنگە نەبێتە زێدەڕۆیی. هەموو دەزانین وشە خۆی لە خۆیدا جفرەو ڕەمزە، مرۆڤ خۆیو دەستکەوتەکانی خۆی پێ دەگێڕێتەوەو تۆمار دەکات. مرۆڤ بەر لە وشەو بەر لە بەکارهێنانی وشە بوونەوەرێکی بێدەنگ بووە.. پاشان لە ڕێگەی وشەوە زمانی کراوەتەوەو نوتقی پەیدا کردووە، ئەمەش وەرچەرخانێکی یەجگار مەزن بووە.. هەر وشەیەك بگری ئاوسە بە هزر، هزریش دەلالەت لە شتێك یان کۆمەڵێك شت دەکات.. واتە هزر لە بنەڕەتدا پرۆسەیەکی ڕەمزیو ڕەمز ئامێزی گەورەیەو دەلالەتی دوور بوردی خۆی هەیەو لەو ڕێگەیەوە مرۆڤ گۆڕاوەو مرۆڤایەتی پەیدا کردووە. ئیدی مرۆڤ بەرەبەرە هەموو چالاکییە فەلسەفیو هزریو زانستیو هونەریو ڕۆشنبیرییەکانی خۆی بە وشە سپاردووەو خۆیو ڕابووردوی خۆی تۆمار کردووە، لە نزیکەوە ئێستای گێڕاوەتەوەو نەخشەی ئایندەی داڕشتووە..

بەهەرحاڵ وەرگێڕان شەرعیەتی خۆی لە پێداویستییە مرۆڤایەتییەکانەوە وەرگرتووەو هیچ میللەتێك ناتوانێ فەرامۆشی بکات. ئەگەر فەلسەفەو هزرو هونەرو ڕۆشنبیریو زانست لە چوارچێوەی یەك زماندا قەتیس بمێنێ هەرگیز مەدای ڕاستەقینەی خۆی وەرناگرێت، چونکە گوتاری چالاکییە هەمەجۆرەکانی مرۆڤ، گوتارێکی دووربوردەو هەموو تیرەی بەشەر دەدوێنێ.و لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە بوردی ئاسایی خۆی وەردەگرێتو دەبێ بەمولکی خەڵکانێکی دیکەو بەپێی پێویستی مامەڵەی لەتەکدا دەکەن، لێی وەردەگرن، دەستکاری دەکەن، دەیگۆڕنو بەم جۆرە سەر لەبەری تیرەی بەشەر ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دەبن بە شەریکی بەرهەمهێنانی ژیارو شارستانیەتی مرۆڤایەتی، شارستانیەت لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەچێتو بەرەبەرە هەموو دنیا دەگرێتەوە..

جا بەمەدا بۆمان بە دیار دەکەوێ کە وەرگێڕان خۆی لە خۆیدا داهێنانێکی گەورەیەو تەعاروفێکی شارستانیانەی میللەتانە لە گەڵ یەکتردا، فاکتەرێکی گرنگی پەرەپێدانی پەیوەندی ڕۆشنبیریو هزریو هونەریو زانستیو کۆمەڵایەتیو سیاسی میللەتان پێکدێنێو شەرعیەتی خۆی لە زەرورەتە مرۆڤایەتییەکانەوە وەردەگرێو هیچ میللەتێك ناتوانێ دەستبەرداری بێ. جا با بێینە سەر وەرگێڕان لەلای خۆمانو چەند سەرنجێکی خێرای بدەین.

* – گومانی تیدا نییە کە کتێبخانەی کوردی، یەکێکە لەکتێبخانە هەژارەکانو بەو حاڵەشەوە دەبینی ئاستی هۆشیاری خەڵکی کورد تاکو ئێستاش هێندە نزمە کە کاری وەرگێڕان بەکارێکی کەمو سووك تەماشا

دەکەن. ڕەنگە زۆر کەس- هەڵبەتە لەڕووی نەفامییەوە- نامیلکەیەکی ناشیعری کاڵو کرچی پێ پەسەندتر بێ لە وەرگێڕانی شاکارێکی هزری یان فەلسەفی یان هونەری یان زانستی جیهانی!!

* - بێ بەرنامەیی لە وەرگێڕاندا زاڵە، دیارە ئەمە زۆر مەترسیدارە، چونکە لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا هیچ شتێك بەبێ بەرنامە نابێ، گەر بگوترێ هیچ شتێك لە دەرێی بەرنامەو بەرنامەداریدا وجودی نابێ، زێدەڕۆیی نییە. بۆیە بەرنامەداری بۆ کاری وەرگێڕان گەلەك پێویستەو دەبێ لەو بەرهەمە فەلسەفیو کارە هونەریو زانستیانەوە دەست پێبکرێ کە خێرایی بە ڕەوتی بزاڤی کەلتووریمان دەداتو دەوڵەمەندی دەکات. بۆیە پێویستە بەپێی بەرنامەیەکی ڕێكو پێك ، ڕۆشنبیری ئینسانیو فەلسەفیو هزریو هونەریو زانستیو ژیانی تۆمارکراوی میللەتان بۆ زمانەکەی خۆمان نەقڵ بکەین، تا لە لایەکەوە زمانەکەمان دەوڵەمەند بکەینو سەدان زاراوەو وشەی هاوچەرخ بڕژێتە ناو زمانەکەمانەوەو ببێ بە زمانی بەرهەمهێنانو بەخششی ڕۆشنبیریو زانستیو هونەریو لەلایەکی ترەوە بیرو بیرکردنەوەی خۆمان بە ئەزموونی پێشکەوتووانەی میللەتانی دی موتوربە بکەین.

* - دیارە ئەم نەفەس کورتیو بیرکردنەوە سەقەتە داخراوە وای لێکردووین بە زۆری پەلاماری شیعرۆکەیەك یاکورتە چیرۆکێك یا گوتارۆکەیەك یانووسینێکی سەرڤە سەرڤەی نەرمە قووت بدەینو خێراو بەکاڵوکرچی تەرجومەی بکەینو لەم بڵاڤۆكو لەو ڕۆژنامەو غەزەتەدا بیان کەین بە ئاردی نێو دڕکانو چ کاریگەرییەکی ڕۆشنبیریو ئەدەبیو هونەرییان لێنەکەوێتەوە.

هەڵبەتە ئەم جۆرە پاشاگەردانییە خزمەتێکی ئەوتۆ بەکتێبخانەی کوردی ناکات، چونکە چ کرانەوەیەك بەسەر ئەدەبیاتو ڕۆشنبیری میللەتاندا، بۆ هونەرو ڕۆشنبیری کوردی دەستەبەر ناکاتو چ هەناسەیەکی تازەی بەبەردا ناکاتو نابێتە هۆی تەقاندنەوەی سەرچاوە خۆماڵییەکانی داهێنان.

* - وەرگێڕانی شاکارەکانی جیهان یەکێکە لە ئەرکەکانی وەرگێڕ، مخابن ئەم کارە تائێستا لەلای ئێمە نەکراوەو شاکارە ڕۆشنبیریو فیکرییەکانی جیهانمان بە جەماوەری خوێنەری کورد نە ناساندووەو نەمانتوانیوە بە ئەمانەتو وەفادارییەوە وەریان بگێڕینو بیان خەینە بەردەست خوازیارانی ڕۆشنبیری.. بۆیە پێویستە تازووە ڕوو لە وەرگێڕانی ئەو کتێبو شاکارانە بکرێ کە بایەخی ڕۆشنبیری پێشڕەوانەیان هەیەو دەبنە بە شدارییەك لە کاروانی پێشڤەبردنی ژیارو شارستانیەتی مرۆڤایەتی.

وازهێنان لە وەرگێڕانی پەراگەندەو بەرهەمی کەم بایەخو نیمچە مردوو.. ڕەچاوکردنی پسپۆڕیو حەزو زەوق لە وەرگێڕاندا، واتە هەر بابەتێك پێویستە خەڵکی پسپۆڕو شارەزای خۆی وەری بگێڕێ، پزیشك نەچێ بەلای بابەتی ئەندازەوە، ئەدیب نەچێ بەلای بابەتی تەکنیکییەوە، چونکە ئەمە جگە لە سەقەت بوونی بابەتەکە پاشاگەردانیو کێشەی دژواری زمانەوانیشی لێدەکەوێتەوە.

پێویستە ڕێز لە کاری وەرگێڕ بگیرێو وەرگێڕەکان لە سەر زاراوە هەمە پەسەندو زانستیو چەسپاوەکان ڕێك بکەون. دەزگا فەرمییە ڕۆشنبیرییەکان وەرگێڕە بە تواناکان بەسەر بکەنەوە، دەستیان بگرن، هانیان بدەن کە شاکاری هونەریو ڕۆشنبیریو زانستی بە زمانی پاراوو ڕەوان وەربگێڕن، چونکە بەم کارە هەم تواناو بەهرەی خوێنەرو نووسەر دەخەمڵێو هەم بەهرەو سەلیقەی بەراوردو جیاکردنەوەی بەرهەمی ڕەسەن لە بەرهەمی ناڕەسەنو بازاڕی دەڕسکێ. ئەمە لە دوا ئەنجامدا خزمەتێکی فرە بە نووسینی

خۆماڵیش دەکات. چونکە ئەو کاتە نووسەر ناچارە حورمەتی خۆی بگرێو ناوێرێ بەرهەمی کاڵو کرچ ڕەنگماڵ بکاتو بە نرخی شاکاری هونەری ڕەسەن بەخوێنەری بفرۆشێت..

هەروەها پێویستە گۆڤارو خانەی تایبەتی بە وەرگێڕان دابمەزرێو بدرێتە دەست خەڵکانی شایستەو کارامەو ئەهلی مەیدانەکە.. نەك بدرێ بەخزمو کەسوکاری ئەم مەنسوولو ئەو مەسئولی ئاخر زەمان.. هەروەها لە زانکۆکانی کوردستاندا، کۆلێژی تایبەتی بە وەرگێڕان بکرێتەوەو بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە بخوێنرێ، چونکە بە ڕاستی ژمارەی کادیرانی بواری وەرگێڕان زۆر کەمنو زۆرجار گومان لە تواناو دەسەڵاتی وەرگێڕییان دەکرێو زۆربەی کات لە هەڵبژاردنی بابەتدا ناسەرکەوتوون، بەرهەمی کاڵو کرچ بە زمانی سەقەتو نامەفهووم دەخەنە بازاڕەوە.. ئەمە جگە لەوەی کە وارە زانستیو فیکریو فەلسەفییەکان بە تەواوەتی فەرامۆش کراونو کەم کەس خۆی لێدەدا.. خۆ مۆسیقاو سینەما هەر باس مەکە.. ژارۆ کتێبخانەی کوردی.

بەڵێ واری وەرگێڕان پاشا گەردانییەکی زۆری پێوە دیارەو دوور لە هەموو نەخشەو بەرنامەو پلانێكو بەپێ خاوسی بە ناو کەوتووین، ڕەنگە هەژاری کتێبخانەی کوردیو خەمساردی پسپۆڕان فاکتەرێکی بنەڕەتی ئەم پاشاگەردانییە بێ... هەڵبەتە لە ئەنجامی ئەم پاشاگەردانییەداو بە هۆی بێ توانایی گەلێك لە وەرگێڕەکانمانو بەحوکمی نەزانینی تەواوی هەردوو زمانی ئەسڵیو وەرگێڕاوەوە دووچاری بەد وەرگێڕان بووینو ئەم دیاردەیەش روو لە زیادییەو خەریکە هەڕەشە لە شێواندنو سەقەت کردنی زمانەکەمان دەکات. بە لێشاو ڕستەو دەستەواژەو ڕستەبەندی هەڵەو بێ بنچو بناوانی زانستیو دوور لە تەبیعەتی زمانی کوردیو سەرباری ئەمەش نامەفهووم واخەریکە زمانی کوردی بەرەو هەڵدێری وێرانکردن دەبات.

ئەم دیاردەی بەد وەرگێڕانو شێوانی زمانە زۆر بە زەقی لە کتێبی قوتابخانەکاندا بەدی دەکرێت، چونکە بەدڵنیاییەوە دەیڵێم ئەو کتێبانە بە قۆنتەرات دراونەتە وەرگێڕانو ئەو بەد وەرگێڕانەش ڕێژەی دەرچوونی قوتابیانی تەواو کەم کردۆتەوەو.. ئەمە جگە لەوەی ئەو زمانە سەقەتەی ناو کتێبی قوتابخانەکان تەشەنەی کردووە بۆ ناو کەناڵە هەمە جۆرەکانی ڕاگەیاندن (نووسراو، بینراو،و بیستراو). هەڵبەتە گەر کار وابڕوات ئەوا چەند ساڵێکی دی کوردینووسو کوردیزان دەچنە قاتیو مەگەر بەچراوە بۆیان بگەڕێی.

هەڵبەتە خەتەری گەورەی شێوانی زمان لە وەرگرتنی وشەی بێگانەدا نییە، بەڵکو لە وەرگرتنی ئەو داڕشتنو رستەبەندییە ناکوردیانەدایە کە هەندێ وەرگێڕ لەبەر نابەڵەدیو تەمەڵی خۆی خێرا وەری دەگرێو.. ئیدی بەرەبەرە ئەم زمانە سەقەتە دەبێ بە زمانی باوو وەرگێڕانی پچڕ پچڕو نیوەچڵ کار دەکاتە سەر زمانی نەوە تازەکانو پاشان کار دەکاتە سەر زمانی نووسینو ئەدەبیاتی تازەو نەوەکانی دی کە چاویان بە بەرهەمی تەرجەمەکراوی پڕ لە هەڵەو بێسەرو بەردەکەوێ واهەست دەکەن کە ئاڵۆزیو پچڕپچڕی بابەتەکە بۆ خۆی جۆرە شێوازێکی نوێیە.. جا لەبەر ئەوەی نەوەی تازە هیچ پشتیوانییەکی ڕۆشنبیریو سەرچاوەیەکی دیکەی فیکریو فەلسەفی تری نییە، بۆیە خێرا دەکەونە لاسایی کردنەوەی ئەو زمانە سەقەتەو گوایە ڕۆشنبیری سەردەمی خۆیانی پێ بەرهەم دێنن.. بۆیە سەیر دەکەی گەلێك لەو خوێنەوارانەی کە پەیوەندی هەرە سەرەکیان لە گەڵ ڕۆشنبیری جیهانیدا، لە ڕێگەی ئەو وەرگێڕانە سەقەتو شێواوانەوەیە، بێ ئەوەی تاقە یەك زمانی زیندووی جیهانی یان ناوچەیی بزانن، وەکو دەم سپیو نوێنەری ڕۆشنبیری خۆ لە قەرەی مالیجەو چارەسەری گەورەترینو گەرمترین کێشەی ڕۆژی ئەم دنیایە

دەدەن بێ ئەوەی پشت بە تاقە سەرچاوەیەکی دەرەجە یەك ببەستن، دێن سەرچاوە دەرەجە چوارو پێنجە لە بنەڕەتدا شێواوەکان کاوێژ دەکەنەوەو دەیتفێننەوەو خەڵکەکە بێ چ قێز کردنەوەیەك هەڵیدەگرنەوەو تاڕادەیەکی زۆریش پێی قایلنو بانگەشەی هزرڤانیو پیتوڵیش بۆ ئەو جۆرە کەسانە دەکەنو ئیدی لەچەندین لاوە دەهۆڵو زوڕنایان بۆ لێدەدەن.

گەر هەندێ ورد سەرنجی دنیای ئەدەبیاتی ئەمڕۆمان بدەین، گەلەك نموونەو دەقی ئەدەبی، بە تایبەتی شیعری، زادەو لەدایك بووی ئەم حاڵەتە بەدی دەکەین.. ڕاستە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو بەپێی قۆناغو پێداویستی کۆمەڵ دەگۆڕێو تازە دەبێتەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کەبنەما سەرەکییەکانی نەمێننو هەڵوەشێنەوە. لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە بگوترێ کە ئێمە کەوتوینەتە سەردەمێکی فرە خێراو خۆشبەزەوەو تەکنولۆژیا میللەتانی تەواو لێکدی نزیك کردۆتەوە.. مرۆڤایەتی پێویستە بەشداری بەرهەمهێنانی ژیارو شارستانیەتی کەونی بکات، ئەگەر هەر بەم خەم ساردییە بمێنینەوەو بەتەما بین لە گەڵ ڕێزماندا بۆ ئەدیبانی ڕەسەن وکاریگەر– بەپشتیوانی نامیلکەی شیعری کاڵو کرچو کۆمەڵە چیرۆکی پەرپووتو بێ ڕەونەقو کەم نموودەوە ببین بە خودانی کتێبخانەی دەوڵەمەند، ئەوا کاتێ بە خۆ دەزانین لە هەموو جەژنان بووینو دەستمان لەبنی هەمبانەوە دەرچووە، بۆیە دووپاتی دەکەمەوە بەبێ وەرگێڕانی بەرنامەدارو بەردەوام نابین بەخاوەنی کتێبخانەی دەوڵەمەندو نەوەیەکیش پشت بە وەرگێڕانی نادروستو بێ سەروبەر ببەستێ هەرگیز ناتوانێ ببێ بە ئاڵا هەڵگری بزاڤی ڕۆشنبیری ئایندە.

ب.م. تەها: لەو بەرهەمانەی تاوەکو ئێستا کوردناندووتن لە ڕووی فیکرییەوە بەکام نووسەریان کاریگەر بووی؟

ح.ك. عارف: بەرهەمم زۆرە پتر لە هەفتا کتێبە، وەرگێڕان بەشێکی زۆری ئەو بەرهەمانەی پێکهێناوە، زۆربەی زۆری ئەو بەرهەمانە بەخۆمو بەدەم خوێندنەوەوە بۆ وەرگێڕانم هەڵبژاردوونو هەستم کردووە بۆشاییەك لە کتێبخانەی کوردیدا پڕ دەکەنەوە .. یەکێك لەو نووسەرانەی کە لەڕووی فیکرییەوە خۆشم ویستووە، د. فوئاد زەکەریای هزرڤانی عەرەبەو لە خزمێکی خۆمم خۆشتر دەوێ.. بەداخەوە تەنیا یەك کتێبی ئەو نووسەرە هێژایەم کردووە بەکوردی (گوزارشتی مۆسیقا) ئەم کتێبەم لە هەشتاکاندا، لەچیاو بەدەم ژیانی پێشمەرگایەتییەوە کرد بەکوردیو ئەوسا لە ژمارە (یەکی) گۆڤاری کەلتووردا بڵاومان کردەوە. ئێستاش، لەساڵی ٢٠٠٦دا لە لایەن یانەی قەڵەمەوە وەکو کتێب چاپو بڵاوکراوەتەوە.

گۆڤاری کەلتوور، یەکێك بوو لە گۆڤارە زۆر چاکەکان، تەنیا چوار ژمارەمان لێدەرکرد. کاك محەمەد موکری سەرنووسەرو بەندە سکرتێری نووسینی بووم. هەر ژمارەیەکی پتر لە دە کتێبی نایابو هەڵبژاردەی لە خۆ گرتووە.

هەقە ئەو ژمارانە وەکو خۆیان چاپ بکرێنەوەو بە نوسخەی زۆر بڵاو بکرێنەوە.. کێ ئەمە بکات؟! خەمخۆرانی ڕۆشنبیری..

ب.م. تەها: ئەمساڵ فەرهەنگێکی گەورەو نازدارت بەناوی (گۆڤەندو زنار) پێشکەش بەکتێبخانەی کوردی کرد، بەرگی یەکەمی چاپکراوەو دووەمیش لە ژێر چاپدایە، لە ڕووی فەرهەنگنوسییەوە تایبەتمەندییەکانی ئەم بەرهەمە لە کوێدایە ؟

ح.ك. عارف: (گۆڤەندو زنار) لە بواری کاری فەرهەنگنووسی کوردیدا، هەولێکە لە نێو هەوڵەکانی تری ئەو بوارەدا، ئەگەر لە هەوڵەکانی پێش خۆی سەرکەوتووتر نەبێ، ئەوا هەرگیز کەمتر نییە.

بیرۆکەی ئەم فەرهەنگە لە ئەنجامی کاری وەرگێڕانەوە لەلام دروست بوو.. چونکە کاری وەرگێڕان بەبێ پشتیوانی فەرهەنگ نابێ‌و زۆر زەحمەتە.

بەهەرحاڵ فەرهەنگی (گۆڤەندو زنار) ئەو کارەیە کە توانیومە بیکەم، ئەوە نییە کە ویستوومە. من ئەوەندەم پێکراوە، باخەڵکی دیکە زیاتر بکەن. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم فەرهەنگە ئەوەیە کە لەبەرامبەر هەر واژەیەکی فارسیدا چەندین واژەی هاو واتای کوردی دانراوەو هەولێکە بۆ تۆمار کردنی زۆرترین وشەی کوردی لەو بوارەدا، فۆنەتیکی وشەکان بە هەردوو ڕێنووسی کوردی باوی باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و بە ڕێنووسی لاتینی کە لە نێو کوردی باکووردا بڵاوە، تۆمار کراوە، کە ئەمە سنوورە ڕێنووسییە نا یەکگرتووەکەی ناو کوردەواری دەبەزێنێ‌و کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان سوودی لێوەر دەگرن‌و لەو رووەوە کورد یەکدەخاتەوە..

# ١٣- هەڤپەیڤینێکی ڕەوتەنی

# لەگەڵ حەمەکەریم عارفدا

سازدانی کارزان خدر

پ/١: دەکرێ حەمەکەریم عارف وەك چ بانگ بکەین؟شاعیر،نووسەر،وەرگێر، یان چی؟

و/١: بەندە ئەو کارانەی کە کردوومن، بە شێوەیەکی گشتی لە چوارچێوەی کاری ئەدەبی دەرناچن و کاری پاچڤەش زیاتر حەز و شەوقە کە بە مومارەسە گەشە و نەشە دەکات و پوختە دەبێت، باچڤە لە خودی خۆیدا، چالاکییەکی زمانەوانی-ئەدەبییە، بە بێ توانا و بەهرەی زمانەوانی- ئەدەبی کەس نابێت بە وەرگێڕی باش و بە توانا، واتە وەرگێڕ پێویستە لە بنەڕەتدا حەز و خولیای نووسین و قەڵەمرانی هەبێت، دەنا نابێت بە وەرگێڕی باش، بە کورتییەکەی شەوق و زەوقی ئەدەبی بۆ وەرگێڕ یەجگار پێویستە و بە کورتییەکەی وەرگێڕ دەبێ خاوەن قەڵەم و ئینشای باش بێت.

پ/٢: مامۆستا لە کەیەوە هەستتکرد کە دەبێ بنووسیت یان وەرگێڕان بکەیت؟

و/٢:زۆر جار ئەو کارە ڕۆشنبیریانە، خۆبەخۆ و لە ناکاودا بەرۆکت دەگرن و کاتێ بە خۆ دەزانی بەرەو قووڵاییت دەبەن و خووی پێوە دەگریت.. بەندە لە نیوەی دووەمی ساڵانی هەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە بەرەبەرە خولیای نووسین و ئەدەبیاتم کەوتووەتە سەر و زیاتر خوێندنەوە، بە تایبەتی خوێندنەوە بە زمانی عەرەبی شەوق و زەوقی نووسینی لەلام تەقاندەوە و هەستم بە هەژاری کتێبخانەی کوردی کرد و بە جۆرە ترس و شەرمێکی عاشقانەی نۆلاوێکەوە چاوبڕکێیەکم لە گەڵ نووسیندا دەکرد و بەرە بەرە خووم بەو دنیایەوە گرت و ئەو قەناعەتەم لا دروست بوو، کە کتیبخانەی کوردی تەنیا بە نووسینی خۆماڵی، شیعر و چیرۆك، کە مخابن لە ئاستێکی ئەوتۆدا نەبوو، بە زوویی کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند بکات، بۆیە لە نیوەی دووەمی هەشتایەکانەوە، ئەو بیرۆکەیەم لا چێ بوو کە وەرگێڕان، هەم هۆیەکە بۆ دەوڵەمەند کردنی زمان و هەم ڕێگا ئەپستمۆلۆجییەکانمان بۆ قەدبڕ دەکات ودەکەوینە دانوسانێکی ئەرێنی دەگەڵ کەلتوور و شارستانییەتی میللەتانی دیکەدا و لەم ڕێگەیەوە هەم زمانەکەمان زووتر دەوڵەمەند دەبێت و هەم کۆمەڵیك سەرمەشقمان دەکەوێتە بەردەست، کە تەماح بمانگرێت و لە وار و کایە جیاوازەکانی ئەپستمۆلۆجیادا چاوی لێبکەین و بیکەین بە هەوێنی ڕێنسانسی ڕۆشنبیری خۆمان، بۆیە لە نیوەی دووەمی هەشتایەکانی سەدەی ڕابردووەوە، بەدەم ژیانی پێشمەرگایەتییەوە، کەم وزۆر لە واری پاچڤەدا کەوتمە خۆ جەڕباندن.

پ/٣: یەکەم بەرهەمی چاپکراوت چی بوو؟

و/٣: یەکەم بەرهەمی چاپکراوم، کۆچیرۆکێکی متەوازیعە، بە ناونیشانی ( تیرۆژ- ١٩٧٩) کە لە ڕاستیدا، کۆمەڵە سکێچێکی چیرۆکڤانی ئەدەبییە، بەڵام لەو کارەدا لاسایی کەرەوەی کەس نەبووم.

پ/٤: زیاتر لە ١٥٠ بەرهەمت هەیە، لە مەڕ بابەتەکانی، مێژوو، شیعر، ڕۆمان، فەرهەنگ، زمان، شانۆ، چیرۆك و...هتد چی وایکردووە دەست بۆ هەموو ئەو بابەتانە بەریت؟

٤و/: هەمەجۆری بابەتەکان، زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ هەژاری کتێبخانەی کوردی، کە بەندە بە بۆچوونی ناچیزی خۆم، بە گوێرەی پێداویستی کتێبخانەی کوردی بابەتەکان هەڵدەبژێرم و لە لایەکی دیکەوە جەڕباندنی توانای زمانەوانی خۆمە.. ئەمە جگە لەوەی کە تێکڕای ئەو بابەتانە، لە چوارچێوە گشتییەکەی ئەدەب دەرنەچوون.

پ/٥: هیچ بەرهەمێکی خۆت هەیە بە دیاریکراوی جیای بکەیەوە لەوانی دیکە و،زۆرت خۆشبوێ؟

و/٥- ٧: بەرهەم لەلای نووسەر وەکو منداڵە بۆ دایك و باوك، هەر هەموویان لە دڵی نووسەردا شیرینن، بەڵام کۆچی سوورم زۆر لا خۆشەویستە چونکە زۆریان لە سەر ئەزیەت دام.. ئەم کورتە ڕۆمانە لە ساڵی ١٩٨٦ دا نووسراوە، لە ساڵی ١٩٨٧ دا یەکەمجار بە فارسی بڵاو بووەوە، پاشان دوای ئەنفالەکان و پاشەکشە بۆ ئێران، لە گوندی کاولان، لە دەزگای ڕاگەیاندنی حزبی سۆسیالستی کوردستان، چاپخانەی شەهید سەیدا ساڵح یوسفی، لە گوندی کاولان بە چل پەنجا نووسخەیەك لە ساڵی ١٩٨٨ دا بە کوردی چاپ و بڵاوکرایەوەو دواتر کرا بە عەرەبیش.. ئیدی هەندێك لە هەڵۆکانی سەرکردایەتی!! (ی.ن.ك) زۆر پێی قەڵس بوون، وەکو ئەوەی من و کۆچی سوور، هۆکاری ئەو هەرەس و شکستە سیاسیی و عەسکەرییە نەنگینەی ئەوان بین، فرمانیان داو کۆیان کردەوە و لە قاسمە ڕەشی مەرزی سەردەشتدا سووتاندیان و هەر بەوەندەوە نەوەستان، فەرمانی کوشتنی بەندەشیان دا، من یەکەم کەسم کە شۆڕش!! کتێبیان سووتاندم، هەڵبەتە کە بەندە پێشمەرگە بووم، هیچ وابەستەگییەکی حیزبیم نەبوو، تەنیا لەبەر ئەوە پێشمەرگە بووم کە قەناعەتم وایە ڕۆڵەی میللەتی مەزڵووم و بندەست مەحکوومە بە پێشمەرگایەتی و حەقی ئەوەشی نییە منەت بەسەر کەسدا بکات،وەکو بەندە قەت ئەمەم نەکردووە. حەزدەکەم ئەوەش بڵێم کە بە هیچ جۆرێ، کەم وزۆر لە پێشمەرگایەتی سوودمەند نەبووم و بگرە بەربەرەکانی زۆریش کراوم و ناهەقی زۆریشم دەرهەق کراوە، ئێستاش بێ منەت لە هەر کەس و گروپ و لایەن و حزبێك، بە شانازییەوە پێشمەرگانە دەژیم.. بەڵێ کۆچی سوور کۆکرایەوە و سووتێنرا، یەکەم کەسم کە شۆڕش!! کتێبم بسووتێنێت.. دەپرسیت بۆ فرمانی کوشتنی بەندە درا؟ کۆچی سوور هی ئەوە بوو تۆی لەسەر بکوژرێیت؟

هەڵبەتە من ئەندامی یەکێتی نیشتمانی نەبووم، وابەستەگی حیزبیم نەبوو،ڕاستە کەم و زۆر هاوفکری ئەوان نەبووم، بەڵام خۆ هاونیشتمان و هاوسەنگەریان بووم، کوردێك بووم بێ غەل و غەش، وەکو نووسەر بە تۆڕین و دیدی ڕەخنەگرانەوە دەمڕوانییە دیاردە و ڕووداوەکان... هۆی ئەو بڕیارەش زاڵی گیانی دیکتاتۆریەت و قەبووڵ نەکردنی بەرانبەر بوو لای هەڵۆکانی سەرکردایەتی (ی.ن.ك)، کە کەم و زۆر باوەڕیان بە ڕەخنە و ڕای پێچەوانە نەبوو، مەسەلەی کوشتن: بەندە پێموایە لە دنیادا هیچ شتێك ئەوە ناهێنێت خوێنی ئینسانێکی لەسەر بێتە ڕشتن.

پ/٦: بۆچی تا ئیستا هیچ بەرهەمێکی مەحموودی دەوڵەت ئابادیت وەرنەگێڕاوە؟

و/٦: یەك لە باری خۆم شیفتەی قەڵەمی ناوازە و بە بڕشتی ئەوم، لێ مخابن دەرفەتی ئەوەم بۆ نەڕەخساوە یەکێك لە شاکارەکانی ئەو پاچڤە بکەم، زۆرم پێخۆشە ئەگەر یەکێك لە پاچڤەوانە باشەکانمان ئەو کارە بکات.

پ/٧: بۆچی بڕیاری کوشتنی تۆ درا لە سەردەمی شاخ؟ کۆچی سوور هی ئەوە بوو کە تۆ لە سەری بکوژرێی؟ (وەڵامەکە لە سەرەوەیە، لەگەڵ وەڵامی پرسیاری پێنجەمدا).

پ/٨: بۆچی (بوف کور)ت وەرنەگێڕاوە تا ئیستا؟ لە کاتێکا کتێبێکت لە سەر سادقی هیدایەت هەیە.چەند کەسێك (بوف کور) یان وەرگێڕاوە بە ناوەکانی (کوندە پەپووی کوێر و شابووی کوێر) ئەگەر تۆ وەرتگێڕابا بە چ ناوێك وەرتدەگێرا و بۆچی؟

و/٨: سەبارەت بە ( بوف کور) ئەمە یەکەم ڕۆمانی هونەریی ئەدەبی فارسییە. لە ساڵی ١٩٣٦ دا بۆ یەکەمجار بە تیراژی زۆر کەم و بە فۆتۆ کۆپی، لە هندستان ڕاکێشراوە و بڵاوبووەتەوە، (بوە کوێرە) گرنگترین کاری هیدایەت و یەکەمین ڕۆمانی فارسییە و شۆرەت و نێوبانگی سنووری ناوچەیی و نەتەوەیی بڕیوە، لە ڕۆمانی (بوە کوێرە)دا واقیع و خەیاڵ تەواو ئاوێتەی یەکترن و لە دوو بەشدا هاتوونەتە دەربڕین و لە ڕاستیدا هەردوو بەشەکە تەواوکەری یەکترن و لە یەکەیەکی یەکپارچەیی هونەریدا دزێوی دنیای مۆدێرن و جوانی ڕابردووی لە دەستچوو دەگێڕنەوە، زمان لەم ڕۆمانەدا هەندێجار یەکجار شاعیرانە و جوانە، هەندێجار بە ڕادەیەك دێتە خوارێ کە کێماسی ڕێزمانیشی تێدەکەوێ . ئەم ڕۆمانە زۆر جار لە لایەن ئەدەبناسانەوە بە بەرهەمەکانی کافکا و ئیدگار ئالان پۆ و دوستۆیفسکی بەراورد دەکرێت و دەشوبهێنرێت، بە کورتییەکەی لەو چرە ڕۆمانانەیە کە بە ئاسانی خۆی بە دەستەوە نادات و بە ئاسانی پێشوازی لە وەرگێڕ ناکات و بە کورتییەکەی یەکێکە لەو چرە بەرهەمە ڕاز و ڕەمز ئامێز و هەستیارانەی، کە دەکرێ بوترێت پاچڤە کردنی، وەکو نەشتەرگەرییەکی نامسۆگەرە.. کە هەموو دکتۆرێك ناچێتە ژێر باری ئەو

مەسئولییەتە، بەندە کتێبێکم لەبارەی هیدایەتەوە هەیە بە ناونیشانی (مەرگی نووسەر، هیدایەت وەك نموونە) لەوێدا هێندەی توانام بە سەریدا شکاوە، باسم کردووە، ئەگەر من وەرمگێڕابا ناوم دەنا ( بوە کوێرە) چونکە لە کوردەواریدا وای پێدەڵێن ودەقاودەق ئەو جۆرە کوندەیە کە هیدایەت مەبەستییەتی و، چونکە لەوانی دی کوردی ترە وبە گوێی خوێنەریش ئاشنا تر و خۆشترە.

پ/٩: گەمژەی دوستۆیفسکی تۆ بە دوو بەرگ وەرتگێڕاوە و شێرزاد هەینیش بە ناوی گێلە لە دوو توێی بەرگێکدا پاچڤەی کردووە ، فەرقی چییە لە گەڵ ئەوەی تۆ؟

و/٩: کاتێ وەرگێڕ بابەتێك، بەرهەمێك بۆ وەرگێڕان هەڵدەبژێرێت، ئەگەر زمانی ئەسڵی دەقەکە بزانێ، زۆر باشە، دەنا دەبێت بگەڕێت بە دووی باشترین و بە ئیحتوبارترین دەقی وەرگێڕدراودا و کاری لە سەر بکات، بەندە ڕێزم بۆ برای ئازیزم کاکە شێرزاد هەینی هەیە و هەرگیز نامەوێت لە پایەی کارەکەی ئەو کەم بکەمەوە یان خوا نەخواستە بیشکێنم، بەڵام سەبارەت بە گەمژە، بەندە دەقەکەی ( د. سامی دروبی) م کردووە بە بنەمای کارەکەم، ئەویش دوو بەرگە و ( ١١٣٦) لاپەڕەیە و تا ئێستا یەکێکە لە پاچڤە پڕ ئیحتوبارەکانی کتێبخانەی عەرەبی، هەڵبەتە هەر بەوەندەوە نەوەستاوم و دێڕ بە دێڕ و پەڕەگراف بە پەڕە گراف دەگەڵ پاچڤە فارسییەکەی (منوچهر بیگدلی خمسه)دا کە ئەویش ( ١٠٠٢) هەزار و دوو لاپەڕەیە، بەراوردم کردووە، فەرقی ئەم دوو پاچڤە کوردییە چییە؟ داوەری ئەمە لای خوێنەرە.

پ/١٠: لە توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی کە ٢٢شاکاری ئەدەبیی کلاسیکی جیهانی لە خۆ دەگرێت و جەنابت وەرتگێڕاوە، برایانی کارامازۆف بە شاکاری دۆستۆیفسکی دادەنێت. ڕەخنەگرانیش بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە. هەندێك دەڵێن: نەخێر تاوان و سزا شاکاریەتی، هەندێك دەڵێن گەمژە، هەندێکی دیکە دەڵێن: برایانی کارامازۆف، تۆ وەکو خۆت کامیانت پێ شاکاری دۆستۆیفسکییە؟

و/١٠: زۆربەی بەرهەمەکانی دۆستۆیفسکی شاکارن، چونکە ئەو داهێنەرە گەورەیە، توانیویەتی ساتە زندووە مرۆڤانییە تیژ تیپەڕەکان ڕاوبکات و بە ڕادەیەك بیانهونەرێنێت، کە زەمان و سەردەمی خۆ ببەزێنن و دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەیان لە زەمەنانی دیکەش هەبێت، بۆیە بەرهەمەکانی دۆسۆیفسکی بوون بە سەرچاوەی قوتابخانە دەروونیەکان و یەکێکی وەکو نیتشە دەڵێت: دۆستۆیفسکی یەکەم کەسە لە بواری سایکۆلۆژیدا شتێکی فێر کردووم، دەبێ ئەوەش بگوترێت کە دۆستۆیفسکی زیاتر سەروساختی دەگەڵ دەروونی خەڵکانی نەخۆشدا هەبووە و هونەریانە مامەڵەی لە تەکدا کردوون.. ئیدی سەبارەت بە شاکار و کام بەرهەمی شاکارە، عەرزم کردیت زۆربەی بەرهەمەکانی شاکارن و هەر کەسە بە گوێرەی فام و تێگەیشتن و زەوق و سەلیقەی خۆی، یەکێك لە بەرهەمەکانی بە شاکار دەزانێ و ناهەقی نییە، چونکە هەر بەرهەمێکی دەگری و دەخوێنییەوە، بە ڕادەیەك لە ڕووی هونەری و دەروونییەوە تێرت دەکات، کە بە

شاکاری بزانیت، بەڵام سەبارەت بە گەمژە، ئەوەندەی لەم ڕۆمانەدا کاری لە سەر فکر کردووە، یان کاری فکریی کردووە، لە هیچ ڕۆمانێکی دیکەیدا نەیکردووە.

پ/١١: ئەلبێر کامۆ، جگە لە ڕۆمان شانۆشی نووسیوە، بە ڕای تۆ نووسەر دەبێ خۆی دیارییبکات لە بوارێکدا بنووسێت، یان ئاساییە لە چەند بوارێکدا کار بکات؟

و/١١: بەهرە کە سەری کرد، کە قافی هات، بە هەر شێوەیەك بووە، دەربیچەیەك دەدۆزرێتەوە و گوزارشت لە خۆی دەکات، عەینی ئەسپی ڕەسەن دەبێ خۆی بنوێنێت، ئەلبێر کامۆ یەکێك بوو لە هونەرمەندە بەهرەمەند وفرە بەهرەکان و لە بوارە جیاوازەکانی ئەدەبدا قەڵەمڕانی کردووە، بەهرە جڵەوناکرێت و گرینگ ئەوەیە خۆی بنوێنێ، ئیدی تاك مەیدانی یان فرە مەیدانی گرینگ نییە، هەموو ڕێگاکان دەچنەوە سەرمەملەکەتی داهێنان، ئیدی هەر داهێنەرێك دەبێت قەدری توانا و بەهرەی خۆی بگرێت و...

پ/١٢: هەست ناکەیت دۆستۆیفسکیش وەك هەر نووسەرێکی دیکە بەرهەمی کرچوکاڵی هەبێت؟ ئەگەر هەیەتی کامەیانە؟

و/١٢: دۆستۆیفسکی لە سەرەتاوە لە کاریگەریی گۆگۆڵ و پوشکین و بەلزاك، چارلز دیکنز، شەکەسپیر، فیکتۆر هۆگۆ، گۆتە، هوفمان و تەنانەت باسکاڵیش بەدەر نەبووە، هەڵبەتە ئەمە بە عەیب نایەتە ژماردن، بەڵکو بە پێچەوانەوە نیشانەی ئەوەیە کە پەیگیرێکی جدی ئەدەبیات بووە و سەرانسەری ئەدەبیاتی دنیاش لە کاریگەری یەکدی بەدەر نەبووە و تەنانەت هەوەڵین ئەدەبیاتی نووسراو، لە کاریگەری ئەدەبیاتی فۆلکلۆری بەدەر نەبووە.. گرینگ ئەوەیە چۆن شوێنەواری ئەو کاریگەرییە لە بەرهەمەکەی خۆتدا هەرس دەکەیت و نەفەسی خۆتی پێ دەبەخشیت و شێوازی خۆت دەدۆزیتەوە ..دۆستۆیفسکی زوو خودی هونەریی خۆی دۆزیوەتەوە، هەرچەندە بە خۆی دەڵێت : هەموومان لە ژێر پاڵتۆکەی گۆگۆڵەوە دەرهاتووین، بەڵام، بیلینسکی ڕەخنەگری لە زەبری وەخت دەڵێت: هەرچەندە دۆستۆیفسکی زۆر قەرزاری گۆگۆڵە، بەڵام نابێ بە لاسایی کەرەوەی ئەو بزانرێت، بەندە پێموایە دۆستۆیفسکی زۆر لە چیرۆکە کورتەکانی خۆی.. وێڕای پڕ بەرهەمی دۆستۆیفسکی، ژمارەیان کەمە.. ڕازی نەبووە، چونکە هەندێك لە نێوەڕۆك و تێمەی ئەو کورتە چیرۆکانە، بە شێوەیەکی تێروتەسەلتر لە ڕۆمانەکانیدا دووبارە کراونەتەوەو خوێندنەوەیەکی هونەری قووڵتریان بۆ کراوە، بەڵام وێڕای هەموو شتێك دۆستۆیفسکی هەر هەڵۆ بەرزەفڕەکەی ئاسمانی ئەدەبیاتی دنیایە و ئەدیبی هەموو سەردەمەکانە .

پ/١٣: با بێینە سەر فەرهەنگ، هەمووومان دەزانین ئامادەکردنی فەرهەنگ کارێکی قورسە، چ جای ئەوەی بە تەنێ بی، ئەوە هەر قورستریشە. دەمەوێ بزانم ماوەی چەند بە ئامادەکردنی فەرهەنگی گۆڤەند و

زنارەوە بووی و کێشەو گیرو گرفتەکانی چی بوون و چەند وشە لە خۆ دەگرێت؟ وەکو بیستوومە فەرهەنگی(دانشگاه کردستان) هی ماجد مەردۆخ ڕۆحانی سوودی لەو فەرهەنگەی بە ڕێزیشت وەرگرتووە.

و/١٣: کاری ئەدەبی لە بنەڕەتدا مامەڵەکردنە لەگەڵ زماندا، پێموابێت نابێ بە زێدەڕۆیی کە بگوترێ ئەدەب، دەقی ئەدەبی دەکاتە بەرهەمهێنانی هونەریانەی زمان، بەندە زیاتر لە ڕێگای کاری پاچڤە و وەرگێڕانەوە پەیم بە پێویستی و زەروورەتی فەرهەنگ برد، دیارە کاری فەرهەنگنووسی، کارێکی ئێجگار قورسە و هەوڵی فەرهادانەی دەوێت، بە لام لە پێداویستییە هەرە پێویستەکانی ژیانی ڕۆشنبیری و ئەپستمولۆژی هەر میللەتێکە...نزیکەی چوار دانە ساڵ بەدەم سەرقاڵی ژیانەوە، بە پچڕ پچڕی کارم تێدا کردووە و کێشەی هەرە گەورەش لە تایپ کردنەکەیدا بوو، چونکە سێ جۆرە ڕێنووسی فارسی، کوردی، لاتینی تێدایە و هەموو تایپێستێك خۆی لە قەرەی نەدەدا.. پارەی تایپەکەیم لە دەمی ماڵ و منداڵ گرتووەتەوە، ناوەکەیشیم بە ناوی هەردوو کچە ئازیزەکەمەوە ناو ناوە و پێشکەشی خاتوو سەرگوڵی دایکیانم کردووە، پتر لە پەنجا هەزار وشەی کوردی لە خۆ گرتووە و بەڵێ مامۆستا ماجید مەردۆخ، لە فەرهەنگەکەی خۆیاندا سوودیان لێوەرگرتووە و لە سەرچاوەکاندا ئاماژەیان پێکردووە و ئەمانەتداری خۆیان نواندووە، گۆڤەند و زنار تا ئێستا دوو چەلان چاپ بووە و لە سایتیکی فارسیدا دانراوە و بە (پی دی ئێف)، لە سایتی بەرهەمەکانی بەندەشدا دانراوە.. لە ئەنجامدا حەز دەکەم ئەوە بڵێم فەرهەنگی گۆڤەند و زنار ئەو کارەیە کە توانیومە بیکەم، نەك ئەوەی کە خۆزیام پاراو بکات، ئەڵبەتە بە پێویستی دەزانم لێرەدا پڕ بە دڵ سوپاسی هاوڕێم ئەدیبی پایەبەرز مامۆستا (جەلال زەنگابادی) بکەم، کە هاندەرێکی دڵسۆز و هاوکارێکی باشم بووە.. وێنە و نموونەیان هەر زۆر بێت.

پ/١٤:جگە لە فەرهەنگ بەرهەمێکیشت لە سەر زمان و دەستووری فارسی هەیە، ئەی بۆ هیچ شتێکت لە سەر زمانی عەرەبی نییە. لە کاتێکدا بە هەردووك زمان وەرگێڕان دەکەی؟

و/١٤: ئەو کتێبە کورتەیەکە دەربارەی زمان و دەستووری فارسی بۆ ئارەزوومەندانی فێربوونی فارسی، هیچ پێت سەیر نەبێت گەر بڵێم هەرگیز بیرم لەوە نەکردبوەوە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان دەست بدەمە دانان و ئامادە کردنی کتێبێکی لەم بابەتە، چونکە بەشبەحاڵی خۆم چوونە بنج وبناوانی زمان بە کارێکی قورس دەزانم وئەو ماوەیەشم نەبوو کە کارەکەم نەخت و پوخت و بە دڵی خۆم بێت، بۆیە وەختایەك ڕێکخراوی خێرخوازی (کۆمەڵەی هیوای عێراقی) لە ١١/٢/ ١٩٩٥ دا دەورەیەکی فێرکردنی زمانیان لە شاری سلێمانیدا کردەوە و فارسی یەکێك بوو لەو زمانانەی کە لە بەرنامەکەیاندا بوو، ڕوویان لە من نا کە زمانی فارسییەکە بڵێمەوە، زۆر پرس و ڕام لە گەڵ خۆمدا کرد، دوودڵ بووم لەوەی بچمە ژێر ئەو بارە قووڕسە یان نا! کە چووم دەرەقەت دێم یان نا! بڕیاردان قورسە! زمانیش زەحمەتە لە ماوەی چل سەعاتدا

بگوترێتەوە، چونکە بۆ فێربوونی هەر زمانێك بەلای کەمەوە دەبێ سێ قۆناغ لە بەرچاو بگیرێت، فێربوونی دەنگەکان ( فۆنیم) فێربوونی لایەنی مورفولوجی زمان کە بریتییە لە لێکۆڵینەوەی وشە لە دەرێی ڕستەدا و ئەوجا فێربوونی لایەنی سینتاکسی زمان کە بریتییە لە مامەڵەکردن لە تەك وشەدا، لە ناو ڕستەدا و بە جۆرێکی هاوپەیوەند لەگەڵ وشەکانی تری ناو ڕستەدا.

بە هەر حاڵ، بە نە بەدڵییەوە کارەکەم وەئەستۆ گرت و شانم دایە بەری و ئەوجا ما بیر لەوە بکەمەوە چۆن ئەم چل سەعاتە بە فێڕۆ نەدەم و ئەوپەڕی سوود بە فێرخوازان بگەیەنم، هەرچی سەرم هێنا و سەرم برد چل سەعات بەشی ئەو سێ قۆناغە ناکات کە من بەتەمای بووم، بۆیە هەستام هەردوو قۆناغی دەنگەکان و مورفولوجیم بە شێوەیەکی چڕوپڕ لێکدا و هەر بۆ خوێی چێشت ئاوڕم لە لایەنی سینتاکسی دایەوە و دوای چل سەعات کارکردن و خوێندنەوەی چەندین سەرچاوە بۆ ئەم مەبەستە، ئەم کتێبە هاتە بەرهەم، کە تەنیا هەوڵی ئەوەم داوە فێرخوازان بخەمە سەر ڕاستە ڕێگەی فێربوون و هەنگاوی پاشترم وەئەستۆی خۆیان خستووە.. سەبارەت بە زمانی عەرەبی هەرچەندە چەندین وتارم بە عەرەبی بڵاوبوونەتەوە و کتێبێکم بە عەرەبی بە ناونیشانی (وقفات فی رحاب الپقافە الکوردیە) چاپ و بڵاوبووەتەوە و ئەدیبی هێژا و عەرەبی زانی زۆر بە توانا مامۆستا ( جەلال زەنگابادی) پێشەکی بۆ نووسیوە، بەڵام نە ئەو هەلەم بۆ ڕەخساوە و نە بیرم لە شتی وا کردووەتەوە بە عەرەبی کارێکی لەو بابەتە ئەنجام بدەم و هەڵبەتە خەڵکانی زۆر لە من لە پێشتر هەن بۆ ئەو کارە .

پ/١٥: ئەگەر بێینە سەر شیعر،لەمەڕ شیعر و شاعیراندا چەند بەرهەمێکت هەیە، زۆر بە کام شاعیری کورد سەرسامی؟ ئەی بۆ خۆت شیعرت نەنووسیوە تا ئیستا؟ ئەگەر نووسیوتە بۆ بڵاوت نەکردۆتەوە؟

و/١٥: بەندە کتێبێکم هەیە بە ناوی ( دەربارەی هۆزان و هۆزانڤانی) کە بریتییە لە باسێك وچەند گفتوگۆیەکی شیعری، باسەکە هی ڕەزای بەراهەنییە و گفتووگۆکان دەگەڵ شاعیران ( روبرت فرۆست، ت. ئیلیوت، ئەزرا پاوەند و سەید محەمەد تاهیری هاشمی)دان، دەگەڵ کتێبێکی دیکەدا بە ناونیشانی ( شیعر کوژی) کە لە نووسینی بەندەیە، کە بە مەزەندەی خۆم برێك بابەتی هەستیاری لە خۆ گرتووە، لە شاعیرە کۆنەکان بە ئەحمەدی خانی، بە مەلای جزیری، بە مەولەوی، بە مەحوی، بە پیرەمێرد، بە گۆران، لەوانی دی سەرسام ترم، بەندە تەنیا یەك شیعرم نووسیوە بە ناوی ( هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارەی ( ١٧٠ ) ڕۆژنامەی هاوکاری، لە بەرواری ٦/٨/ ١٩٧٣ بڵاوبووەتەوە و ئیدی ببڕای ببڕ نەچوومەوە بەلای شیعردا.

پ/١٦: شیعر لە لای تۆ چی دەگەیەنێ؟

و/١٦: جۆرە سرووتێکە خۆی موراد و موریدی خۆیەتی، بە تایبەتی شیعری تازە، کە بونیادێکی سەیر و نائاسایی هەیە، هەڵبەتە سەیر و نائاسایی بە مانا ئیستاتیکییەکەی، بۆ نموونە زیاتر خەیاڵ و خەون و خەوبینی بەسەریدا زاڵە، جۆرێك لە گۆنگی و ئاڵۆزی فیلیڤانی وئەفسوونی زمانەوانی پێوە دیارە کە ئەمە جۆرە مۆرك و شەقڵێکی ئەفسووناوی پێبەخشیوە و لە هەر دەربڕینێکی باو و سواوی دوورخستووەتەوە.خۆی لە هەر گوتارێکی شیعری ڕاستەوخۆ پاراستووە..یانی خەیاڵی داهێنەرانە زاڵە و پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی وزەی سازڤانی زمان و ئەوەندەی لە خەمی شیعرییەت و هونەریەتی شیعردایە، لە خەمی گوتاری شیعریدا نییە، زیاتر بەلای دابڕاندا دایدەکێشێت و لە هەوڵی ئەوەدایە دەقی شیعر بکات بە جۆرە موماره‌سەیەکی هونەریانەی جوانپەرستی و پاکبوونەوەی ڕۆحی، یانی خوێنەری جدی و تیژسەرنج وەختایەك دەقێکی ڕەسەنی شیعری ئازاد دەخوێنێتەوە، خۆی لە ناو ئەزموونێکی هونەری جەنجاڵی پڕ لە ڕەمز و ڕازی ئەوتۆدا دەبینێتەوە کە هەست بە غوربەتێکی میتافیزیکی دەکات و قاییلە ئەگەر بە لەزەتێك یان سووکە لەزەتێکی ئیستاتیکییەوە بێتە دەرێ. دیارە ئەم گۆنگی و ئاڵۆزییە فیلیڤانیە دەکاتە کارێك کە شاعیر و دەقی شیعری نەکەونە داوی گوتارەوانی و ڕاپۆرتکاری ڕاستەوخۆوە، یان ختووکەدانی سۆزی جەماوەر، یان بانگەواز و ئامۆژگاری سواوی ئەخلاقییەوە. دیارە جیهانبینی ئەم جۆرە شیعرە سنووری شتە دیار و هەستپێکراوەکان دەبەزێنێ و ئوتمۆسفێر و هاماجی غەریب و نامۆ و بێسنووری خۆی بەرهەمدێنێ و ئەمەش وا دەخوازێ کە شاعیر پەنا وەبەر زمانێکی تازە ببات، تا دەگەڵ ئەو جیهانبینییەدا تێکبکاتەوە کە بە زمانی تقلیدی سواو نایەتە دەرك کردن، وشە و پەیڤ، جێگەی دەنگ و نۆتەی مۆسیقا دەگرنەوە، یانی شیعر لەم حالەتەدا دەبێت بە جۆرە سۆزە و زەمزەمەیەکی سازڤانی. زیاتر گوزارشت لە ئەزموونێکی ئیستاتیکی ڕەهای میتافیکری مەند و مەنگی هاوتەرازی بێدەنگییەکی ئەفسووناوی دەکات....

پ/١٧: شێرزاد حەسەن دەڵێ: شیعری ئیستا وەك مەتبەخی لێهاتووە، هەمووی هەر باسی سووتان و برژان و کولانە، تۆ دەڵێی چی لەوبارەیەوە؟پێتوایە شاعیرانی ئیستا بە کەلکی ئەوە دێن پێیان بگوترێ شاعیر؟ ئەگەر هەبن کێن ئەو شاعیرانە؟

و/١٧: من لەگەڵ ئەوەدا نیم ڕێگەی وتن لە مامۆستا (شێرزاد حەسەن) و هەر کەسێکی دی بێتە گرتن.. شیعریش لە کاریگەریی ویاندۆری کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیری و سیاسی سەردەمی خۆی بەدەر نابێت، گرینگ ئەوەیە شاخ و باڵێکی هونەری ئەوتۆی لێ بنرێ، کە بە ناسنامەی خۆماڵییەوە لە دەرگای جیهانییەت بدات و بێ منەت هونەریەتی خۆی ڕابگەیەنێت، لە شیعری تازەدا زەمەنی باتین دەبێت بە پەناگای شیعر،دەقی شیعر بە دنیایەك ڕەمز و لەگەزان بارگاوی دەبێت و وزەیەکی ڕیتمەوانی ئەوتۆ پەیدا دەکات کە لە باری کاریگەرییەوە لە فیکر کاریگەرتر و کاراترە، زۆر جار شیعری تازە لەمەوە سەردەکێشێت بۆ شیعری

خالیسەی ئەبستراکت و ئیدی تێگەیشتنی شیعر لە باشترین حاڵەتیدا لە ڕووی دەروونییەوە مەیسەر دەبێت. جا چونکە زمان توانای ئەوەی نییە چەمك ومانایان بە وردی بنوێنێ و عەکس بکاتەوە، ئیدی پەیوەندی نێوان شیعر و خوێنەر لەوە دەردەچێ کە پەیوەندی تێگەیشتن بێت، بەڵکو دەبێ بە جۆرە ئیحا و سەرۆیەکی ئەفسووناوی . لەم حاڵەتەدا شیعر دەبێت بە شتێکی شەخسی و نایەتە وەسفکردن و دیاریکردن. کەسێك بەخۆی ڕاستەوخۆ پەی پێ نەبات و زەوقی لێ وەرنەگرێت، کەس ناتوانێ بۆی باس بکات،یان بۆی بگێڕێتەوە. ئیدی شیعر شیعرە و تەواو، خۆی هونەریەتی خۆی بەرهەم دەهێنێت و قەوارەیەکی خەونئاسای خەیاڵاوی، سیحر ئامێز پەیدا دەکات. جا لێرەدا شاعیر دەبێت بە خەڵوەتنشینی، خەڵوەتخانەی شیعر و پەنا وەبەر زمانێکی گۆنگ و ئاڵۆزی فیلیڤانی (ابداعی) سەختفامی ئەوتۆ دەبات کە ئەوەی ئەهلی شیعر نەبێ، خاوەنی هۆشمەندییەکی هونەریی ڕەخشان نەبێت، بە ئاسانی تێی ناگات، چونکە شاعیر زیاتر گاریگەریی ئەفسووناوی و نەباوکردنی باوەکان و ڕیشاژۆکردنی ئەزموونە باتینییەکان وتەقاندنەوەی وزە پەنهانەکانی وشەی مەبەستە تا بابەت.بۆیە خۆێنەر کە شیعرێکی تازە دەخوێنێتەوە، وا هەست دەکات حایرو سەرسام، سەراسیمەو سەرگەردان، بە نێو چڕە دارستانێکی پڕ ڕەمزو ڕازی بە سام و هەیبەتدا دەڕوات و لە ناکاوا سیمورغێکی ئەفسانەیی لە وەسف نەهاتگ دێت، باڵی بۆ ڕادەخات. دەیبات بۆ حەوێقی ئاسمان و لەوێ بەدەم زەمزەمەی ئەزموونێکی ئیستاتیکی سیحراویەوە بێدار دەبێتەوەو ئۆخژنێکی نادیار بە ڕوحیا دەگەڕێت و بەو دەقەوە ئەفسوون دەبێت. واتا ئەرکی شیعر، شیعری تازە لەوە دەردەچێت، گوێزانەوەو گەیاندنی مانایەك یان زنجیرە مانایەك بێت، بەڵکو دەبێت بە داهێنان و ئەفراندنی قەوارەیەکی سازڤانی زندووی سەربەخۆ ومامەڵە دەگەڵ ئەو ڕەگەزە ڕیتمەوانی و نەواییانەدا دەکات کە لە زماندا پەنهانە.

ئیدی شاعیر، سیحربازانە لە پرۆسە شیعرییەکەیدا ، مامەڵە لە تەك ڕیتم وئاوازو تۆناندا دەکات، بیر لەوە ناکاتەوە واقیع کۆپی بکاتەوە، بەڵکو هونەرییانە دەیگۆڕێت، دەیەوێت واقیع لە واقیعیەتی خۆی ڕزگار بکات و ڕوناکییەکی سیحری ئەوتۆی پێبدات کە واقیعییەتەکەی لێبسرێتەوە. مەبەستی شیعری تازە زیاتر ئەوەیە بگاتە نادیار، بگاتە ئاستی دیتنی ئەوەی نایەتە دیتن، بیستنی ئەوەی نایەتە بیستن، گوتنی ئەوەی نایەتە گوتن. گرتنی ئەوەی نایەتە گرتن، بۆنکردنی ئەوەی نایەتە بۆنکردن، فەتحی نادیارەکان، دابڕانی خودی شیعری لە خودی شەخسی و دەروونی...یانی بگاتە شیعرییەتێکی فیلیڤانی ئیحابەخش، نەك ئاسانفام.یانی بێمنەت لە جەماوەرو وەرگر. داخراوی و گۆنگی شیعرەکە، وەرگر ناچاربکات گوێی لێبگرێت و هەرجارەی ڕاڤەو شرۆڤەیەکی تازەی بۆ بکات، بە نەباوی و غەریبی خۆی وەرگرانی دژەباو و بێزار لە باوییەت بەلای خۆیدا ڕابکێشێت...هەڵبەتە پێتڤییە ئەوەش بگوترێت کە هەر وشە ڕیزکردنێکی بێسەرو بەر، هەر چەنەبازییەکی ناشیعری، هەر کۆمەڵە ڕستەیەکی تێك شکێنراوی ناباو، هەر بانگەوازێکی

ئیباحییەتخوازی سێکسی، ناکاتە شیعری تازە، هەر هەوڵێکی دەسکردی ناڕەسەن بە ناوی داهێنانەوە، بە مەبەستی گوایە پێشەنگایەتی ناکاتە شیعری تازە، شیعری تازە پێویستە زادەی زەروورەتی قۆناغ و سەردەمی خۆی بێت نەك لاساییکردنەوەی کوێرانە و چاولێکەری و مۆدبازی، هەر هەوڵێکی لەو بابەتە بە مردوویی لە دایك دەبێت..بە هەرحاڵ هەوڵی شیعری لە هەرێمی کوردستاندا زۆرە، هەموو هەوڵێکیش حەلاڵە، کام لەم هەولانە دەگاتە لوتکەی هونەرییەت، فەتحی مەحاڵ دەکات، ڕۆژگار حوکم دەدات..هەندێك لەو هەوڵە شیعرییانەی پێم خۆشن، ئەوەی هەنووکە لە بیرم بن، هەوڵەکانی ئازیزان کاکە ئیدریس عەلی، ڕۆژ هەڵەبجەیی، کەژاڵ ئیبراهیم خدر، نالە عەبدوڕەحمان، تریفە دهۆکییە..داوای بوردن لەوانی دی دەکەم کە ئیستا ناویانم لە خەیاڵدا نییە. بە هەرحاڵ شیعر دەست و پەنجە نەرمکردنە دەگەڵ مەحاڵدا، شیعر لە خەمی ڕیشاژۆکردنی شیعرییەتی ژیاندایە، شیعرییەت لە ژیان جیا ببێتەوە، سیحری ژیان بەتاڵ دەبێتەوە.!!

پ/١٨: لە پێشەکی بێناسنامەکاندا چیرۆکێکی عەزیز نەسینت هێناوەتەوە کە لەوە دەکات نووسەر یان وەرگێڕ هەندێ کات نازانێ چی نووسیوە لە ڕابردوودا، هیچ بۆ خۆت وات بەسەر هاتووە نەتزانیبێ دێڕێك یان چیرۆکێك یان بابەتێ کە خۆت نووسیوتە، پیشانیان دابییەوە و نەتزانیبێ کە ئەوە هی تۆیە ؟

و/١٨: نەخێر تووشی حاڵەتی وا نەبووم.

پ/١٩: بەشێکی بێناسنامەکان لەگەڵ بەشێك لە کتێبی گێلە پیاو، یەك دەگرێتەوەو هەمان ڕووداویان هەیە. ئەو کاتەی گێلە پیاو لە کارگەیەك کاری دەست دەکەوێ و ئیمزای وەسڵ ناکا، بۆیە دەردەکرێ.ئەو ڕووداوە لە بێناسنامەکانیشدا دووبارە بووەتەوە. پێت وایە نووسەر بە ئانقەست وایکردووە یان چی؟

و/١٩: هەندێ جار نووسەر کە بەرهەمێك چاپ و بڵاودەکاتەوە، ئەوسا هەندیك کەلێن و کەموکوری بەرهەمەکەی خۆی بەدی دەکات، هەست دەکات ئەو خوێندنەوە هونەرییەی بۆ نەکردووە کە حەزی ئەوی پاراوکردبێت و تینوێتی هونەریی ئەوی شکاندبێت، بۆیە هەمان تێمە و ناوەڕۆك، بە خوێندنەوەیەکی هونەری پوختەترەوە، لە بەرهەمێکی دیکەی خۆیدا دووپات دەکاتەوە، بۆیە دووبارەبوونەوەی یەك تێمە و ناوەڕۆك لە دوو بەرهەمی هەمان نووسەردا ئاساییە، دووبارەبوونەوەی گرتەیەك یان دیمەنێك لەو دوو چیرۆکەی عەزیز نەسیندا، لە بێناسنامەکان و گێلە پیاودا ئاساییە.

پ/٢٠: کتێبەکەی ئالبێر کامۆ ( نامۆ) چەند کەسێك وەریانگێڕاوە، زیاتر لە شەش کەس. چی بکرێت بۆ ئەوەی کتێبێك چەند کەسێك وەری نەگێڕن و ئەو کاتە بگەڕێتەوە تا شاکاری دیکە وەرگێڕدرێ؟

و/٢٠: سەبارەت بە ( نامۆ) ی ئالبێر کامۆ، بەندە یەکەم کەس بووم کە وەرمگێڕا، لە ساڵانی هەشتایەکانی سەدەی بیستەمدا، بەدەم پێشمەرگایەتییەوە وەرمگێڕاوە و تا ئێستا چوار جاران چاپ و بڵاوبووەتەوە و تەتەڵە و بژار و پێداچوونەوەم بۆ کردووە... بە قەناعەتی بەندە پاچڤەی دووبارە و سیٚ بارە، بە تایبەتی پاچڤەی دووبارەی ئەو بەرهەمانەی کە هەموو مەرجێکی پاچڤەی باشیان تێدایە، کارێکی باش نییە، پاچڤەی دووبارە و سیٚ بارە هەم وەختی وەرگێڕ و هەم وەختی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەکە بە فێڕۆ دەدات، هەم پارەی تێچوونی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبەکەش بە فێڕۆ دەڕوات، ئەمە جگە لەوەی بازاڕی فرۆختی کتێبەکەش کز دەبێت، لە جیاتی ڕێژەی فرۆختی کتێبەکە بە سەر دوو یان سیٚ پاچڤەدا دابەش بێت، بۆ یەك پاچڤەی باش بێت زۆر باشترە، خوێنەریش تووشی سەرەگێژکیٚ نابێت، خۆ ئەگەر داواکاری لە سەر بوو لە بازاڕدا نە مانوو دەشێت هەمان پاچڤە، چاپی تازە بکرێتەوە، ئەگەر دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە، هاوئاهەنگییەك لە ناو خۆیاندا بکەن وخۆ لە چاپ و بڵاوکردنەوەی پاچڤەی دووبارە و سیٚ بارە ببوێرن،ئەوا هەم پارەی تێچوونی چاپەکەیان بۆ دەگەڕێتەوە و هەم کاتێکی زۆریش هەم بۆ ئەوان و هەم بۆ وەرگێڕەکە دەمێنێتەوە و ئەوکات و پارەی تێچوونە لە کتێب و بەرهەمێکی تردا خەرج دەکرێت و هەنگیٚ لە ڕووی چەندییەتییەوە خزمەتێکی زیاتر بە کتێبخانەی کوردی دەکرێت و..

پ/٢١: بۆچی دەبیٚ ئەو نووسەرە ڕەشبینانە خوێنەرێکی زۆریان هەبیٚ، لە کاتێکا لە کۆتایی تەمەن خۆیان کوشتووە ؟ وەك (سادق هیدایەت، کافکاو...هتد).

و/٢١: ئیدی هەرکەسە و دید و بۆچوون و خوێندنەوەی تایبەتی خۆی بۆ ژیان هەیە، ڕەنگە ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین ڕەشبینی، ئەوپەڕی واقیع بینی بێت، ئەگەر هەندیٚ ورد بڕوانی بۆت دردەکەوێت کە چ ژیانی فیزیکی و چ ژیانی هونەری هیدایەت کە زیاتر لە ( بوە کوێرە)دا بەرجەستەیە، قەڵایەکی ئێجگار سەختە و بە ئاسانی ڕێی پیٚ نابرێت.. ئەم چیرۆکە لە کاریگەری دەق و بۆچوونانی فەلسەفی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی بەدەر نییە، زۆر لە دنیای خەیامییەوە نزیکە، لە دنیای سارتەر و کافکاوە نزیکە، بۆیە هەر هەوڵێك بۆ لیکدانەوە و ڕاڤەی دەقی بوە کوێرە بە دەر لە پرەنسیپی هەڤدەقی (ئینتەر تێکستواڵیتی) کارێکی بێهودەیە، لە دنیای خەیامیدا ئینسان سەرگەردانە، پەی بە ڕازی گەردوون نابات،گەمەی دەستی قەدەرە، لە مردن دەترسێت و باوەری بە گەرانەوە نییە، تەمەنی مرۆڤ کورتە و سەفەری مرۆڤ لە دنیادا، لەم سەرزەمینەدا زۆر کورتە و فریای هیچ ناکەویت. خەیام دەڵێت:

ئەوانەی کە نەهاتوونەتە دنیا

گەر بزانن ئێمە چ دەردێك

دەكێشین بە دەست دنیاوە

هەرگیز نایەنە دنیا.

ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی ئەم بۆچوون و فەلسەفەیە بە زەقی لە بەرهەمی هیدایەتدا، بە تایبەتی لە بوە كویرەدا، كە دەشێت بە ئوتۆبیوگرافییەكی چڕی هونەریی خۆی بزانرێت، زەق و دیارە، واتە مەرگ بەلای هیدایەتەوە، دوا شەپۆلی ژیانە، هیدایەت چاوی لە تەماحی دنیایی نەبووە، پێی وابوو تەماحی دنیایی بەشەر ناشرین دەكات و ژیان خەون و خەیاڵێكی ڕەوتەنییە و مەرگ كە هات خەتێكی ڕاست و چەپ بە سەر هەموو بە هاكاندا دێنێ و كەڕەتی سفری دەكات، كەواتە دنیا داوێكە و تەواو، ئەوەتا دەڵێت" تەنیا مەرگ درۆ ناكات" یان " كە مەرگ هات هەموو وەهم و خەیاڵەكان دەسڕێتەوە . ئێمە ڕۆڵەی مردنین و هەر مەرگە ئێمە لە فریوەكانی ژیان دەخەلسێنێ " واتە لە هەنبەر هەقیقەتی ترسناكی مەرگدا، هەموو شتێك فریوە و بێتام، مەرگیش بۆ خۆی ترس و نیگەرانییەكی گەورەیە ئەوەتا لە بوە كوێرە و زۆر بەرهەمی دیكەیدا " ترسی مەرگ" بەرۆكی گوتیاری چیرۆكەكە بەرنادات، لە بەرهەمەكانی هیدایەتدا هەستی تەنیایی زۆر زاڵە، هەست دەكات بۆشاییەكی ترسناك لە نێوان ئەو و خەڵكیدا هەیە، دنیا بەلای ئەوەوە " ماڵێكی چۆڵ و خەمناكە" پێی سەیرە خەڵكی بێ خەم و خەیاڵ، بێ هیچ ترسێك لە سێبەری ترسناكی دێوی مەرگ دەخۆن و دەخەون و وەكو گەنە بە لاشەی دنیاوە چەسپیوون .

هیدایەت كە هەست دەكات بارە بەسەر ژیانەوە، نانخۆر و جێگرێكی زیادە بەسەر دنیاوە، هەست دەكات ئەم دنیایە بۆ " كۆمەڵێك خەڵكی بێحەیا، ڕوودار، سواڵكەر تەبیعەت وخوازەڵۆك، خۆفرۆش، قاچاخچی و چاو ودڵ برسی، بۆ خەڵكانێك كە پڕ بە پێستی دنیا خولقاون" دروستكراوە.. ئیدی بەو جۆرە هیدات، سادە ژیا و گۆنك و ئاڵۆز مرد.. بەندە نە هیدایەت و .. نە كافكا و.. بە ڕەشبین نازانم، بگرە زۆر واقیع بینن.. هەر بۆیەش خوێنەری ئەوان خوێنەری جدین...

پ/٢٢: تەكنیكی نووسینی سادقی هیدایەت لە كافكا نزیكە و مەحموودی دەوڵەت ئابادی لە دۆستۆیفسكی نزیكە. ئەی تەكنیكی ئەحمەد مەحموود لە چ نووسەرێك نزیكە بە ڕای تۆ؟

و/٢٢: ئەحمەد مەحموود نزیكەی چل دانە ساڵ لە ناو زمان و بە زمانی فارسی قەڵەمڕانی كردووە و لە سەرەتاوە تا كۆتایی هەر نووسەرێكی ڕیالیست بووە، ناوی ( احمد اعگا، )ــە لە ساڵی ١٩٣١ لە ئەهواز هاتووەتە دنیا، سەردەمانی منداڵی و لاوی لەوێندەر بەسەر بردووە، لە سەرەتای گەنجییەوە خووی داوەتە سیاسەت و چەندین جار گیرۆدەی زیندان و شاربەدەری بووە، ئیدی ژیان و گوزەرانی باشوور وسیاسەت پاشان بوون بە هەوێن و ئامیان و باگراوندی بەرهەمەكانی، ئەحمەد مەحموود پەیڤدار و گووتیار و

گێڕەرەوەی ژیانی خەڵکی باشوورە، هەوەڵجار چیرۆکەکانی ئەحمەد مەحموود، لە بڵاڤۆکەکانی دەیەی سییەکانی سەدەی ڕابردوودا بڵاوبوونەوە، لە ساڵی ١٩٥٧ دا کۆمەڵە چیرۆکی مول ،دەریا هنوز ئارام است و لە ساڵی ١٩٦٢ دا سێهەمین کۆچیرۆکی بە ناونیشانی "بیهودگی" بڵاوکردووەتەوە، ئەحمەد مەحموود لەم سێ کۆ چیرۆکەدا هێشتا سێبەر و کاریگەری نووسەرانی ئەو ڕۆژگارەی بەسەرەوە دیارە، هێشتا نەبووە بە خودان دەنگ و ڕەنگی هونەریی خۆی، بەڵام لە کۆچیرۆکی چوارەمیدا ( زائری زیر باران) جۆرە گۆڕانێك لە ژیانی هونەری ئەودا بەدی دەکرێت و شێوازی تایبەتی خۆی دەدۆزێتەوە و باندۆر و کاریگەری نووسەرانی دیکەی بەسەرەوە کەم دەبێتەوە.

هاوماڵەکان، کە لە نیوەی یەکەمی ساڵانی هەشتایەکانی سەدەی بیستەمدا، بەندە بەدەم ژیانی پێشمەرگایەتییەوە پاچڤەم کردووە و تا ئێستاش دووجار چاپ و بڵاوکراوەتەوە، یەکەمین ڕۆمانی ئەحمەد مەحمودە، ئەم ڕۆمانە دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو و شۆرەتێکی ئەدەبی شایستەی بە ئەحمەد مەحموود بەخشی. سەلماندی کە ئەو پیاوە ڕۆماننووسە نە گاڵتە... ئەم ڕۆمانە زیاتر هەڵقوڵاوی ئەزموونی زیندانی خۆیەتی، چونکە ئەحمەد مەحموود لە تەمەنی بیست ودووساڵیدا، بەهۆی چالاکی سیاسییەوە، بە تایبەتی لە ڕیزی حیزبی تودەدا زیندانی کراوە و پێشتریش سەروساختی دەگەڵ سیاسەتدا هەبووە و ئەم ئەزموونە واقیعییە، دەوڵەمەندییەکی هونەری زیاتری بە هاوماڵەکان بەخشیوە.. ڕۆمانی دووەمی ئەحمەد مەحموود (داستان یك شهر)ـە، کە خالیدی شاقارەمانی ( هاوماڵەکان) لێرەدا دووبارە دەبێتەوە، بەلام بەشێوەیەکی هونەری جیاوازتر... زۆر بەرهەمی دیکەشی هەن، لەوانە ( زمین سوختە، مدار صفر درجە ٣ بەرگە) هەروەها ڕۆمانی دووبەرگی ( درخت انجیر معابد) ... لە ساڵی ٢٠٠٠ دا لە تاران کۆچی دوایی کردووە، مەبەستم ئەمەیە کە مەحموود، بە درێژایی تەمەنی هونەری خۆی، ئەدیبێکی ڕیالیستی بووە و دەشێت بە ڕیالیستانی وەك گۆرکی و میخایل شۆلۆخۆف و... هتد بشوبهێنرێت، بەڵام بە ناسنامەی ئێرانی و واقیعییەتی ئێرانییەوە.

پ/٢٣: ڕەخنەگران مەحموود دەولەت ئابادی بە دۆستۆیفسکی ئێران دادەنێن، تۆ لەو بارەیەوە دەڵێی چی؟

و/٢٣: لە دنیادا هیچ کەسێك، کەسێکی دیکە نییە، هەرکەسە و خۆیەتی، لە واری ئەدەبی و ڕۆشنبیریدا، باندۆر و کاریگەریی، دیاردەیەکی یەجگار ئاساییە، چونکە هەر ئەدیبێك بگریت، بە پلەی یەکەم خوێنەرێکی جدییە وکاری ئەو خوێندنەوەیە، تەنانەت ئەو دەقەشی کە دەینووسێت، لە بنەڕەتدا خوێندنەوەیەکی هونەرییە بۆ دیاردەیەك، ڕووداوێك، حاڵەتێکی دەروونی یان بێرۆنی، بە کورتی کاری ئەو دەکاتە هونەراندنی ساتە زیندووە مرۆڤانییە تیژتێپەڕ و کێوییەکان، ئەو ساتە زیندوانەی بە ئاسانی کەوی نابن و ناکرێن، بە

نەمری دەسپێرێت، بۆیە هیچ ئەدیبێك، وەکو خوێنەری جدی لە باندۆر و کاریگەریی نووسەرانی دی، بە تایبەتی لە سەرەتاوە، بەدەر نابێت، ئیدی گرنگ ئەوەیە نەفەسی خۆی بە بەرهەمی خۆی ببەخشێت و لە ئەنجامدا خۆی بدۆزێتەوە، ڕەنگ و دەنگی خۆی، ناسنامەی خۆی پەیدا بکات، ڕەخنەگران بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەم نووسەرانە، بە ناچاری پەنا وەبەر پرەنسیپی هەڤدەق (التناص) دەبەن.. جا مەحموودی دەوڵەت ئابادی ناسنامەیەکی هونەری کیشوەربڕی ئەوتۆی – هەڵبەتە بە تایبەتمەندی ئێرانییەوە– پێیە ڕوو بکاتە هەر مەملەکەتێکی هونەر، بە شانازییەوە پێشوازی دەکرێت، دنیایەکی هێندە ئاوا و ئاوەدانی داهێناوە، کە ڕێت تێی دەکەوێت سەراپای ڕۆحت لە لەزەتێکی ئیستاتیکی ئەفسووناویدا هەڵدەکێشرێت و پڕ بە ڕۆح هاوار دەکەیت، ئۆخەی... بەندە پێموایە دەوڵەت ئابادی زیاتر لە دنیای یەشار کەمال وستاندال وبالزاکەوە نزیکە، بەڵام بە تایبەتمەندی و ناسنامەی خۆیەوە.

پ/٢٤: با خەیام باش بناسین، بە پێی ئەم ڕستەیە بێ،تا ئیستاش کورد وەك پێویست خەیامی نەناسیووە.کورد گوتەنی، تەنها شاعیر بووەو بەس، بەڵام لەو بەرهەمەی کە جەنابت وەرتگێڕاوە، هی جەلال زەنگابادی بە ناوی با خەیام باش بناسین، لەوێدا وەك: زانا، فەیلەسووف، گەردوونناس، پزیشك، نووسەر و شاعیر هاتووەتە ئەژمار. ؟

پ/٢٥: هەندێك دەڵێن: خەیام عەرەب بووە، هەرەها شاعیر و وەرگێڕ مەلا خەلیل مشەختی لە پێشەکی وەرگێڕانی چوارینەکانی خەیام بۆ سەر کرمانجی سەروو دەڵێت: خەیام کوردێکی نەیشاپووریە لە کوردەکانی خۆراسان.جگە لەوەی لە سەر ڕەچەڵەکی نەتەوەیی ڕای جیاوازو لاواز هەیە، بگرە لە شوێنی لە دایکبوونیشی گومان هەیە، کە لە بەڵخ لە دایك بووبێ، یان لە نەیشاپوور.دەکرێ لە زاری تۆوە خەیام بناسین؟

و/٢٤- ٢٥: لە کوردەواریدا لێکۆڵینەوە دەربارەی خەیام و ژیانی خەیام و سەردەمی خەیام و بیرۆبۆچوون و بەهرە و توانا هەمە جۆرەکانی و کارە فەلسەفی و زانستی و هونەرییەکانی یەکجار کەمە و لە سنووری وتار و هەندێ پێشەکی کورت بۆ وەرگێڕانی هەندێ لە چوارینەکانی تێنەپەڕیوە، لێم نەبێ بە درۆ ( کورد و خەیام نە ناسین) ەکەی برای ئەدیب و هونەرمەند مامۆستا خوسرەو جاف لە ڕیزی پێشەوەی هەوڵە لێکۆڵینەوانیەکانی ئەم بوارەیە و دوای ئەو ئەم هەوڵەی ئەدیبی پایەبەرز مامۆستا جەلال زەنگابادی ( با خەیام باش بناسین) کە تێروتەسەلترین لێکۆڵینەوەیە لەم مەیدانەدا، کە بەندەش شانازی وەرگێڕانی ئەم بەرهەمە ناوازەیەم پێ براوە و لەو ڕێگایەوە خۆم کردووە بە شەریکی ئەم بەرهەمە پوختەیە، بێگومان کورد وەکو پێویست خەیامی نەناسیوە، هەر هەموو سەرچاوە سەنگین و زەنگین و پڕ ئیحتوبارەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە خەیام زانا، فەیلەسووف، گەردوونناس، پزیشك و نووسەر و شاعیر بووە و لە هەموو

ئەو بوارانەدا بەرهەمی لەپاش بەجێ ماوە و کورد تەنیا لە ڕووە شیعرییەکەوە سەرەتەقێیەکی لە گەڵدا کردووە.. ئەویش پاش ئەوەی شیعری بۆ سەر زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان پاچڤە کراوە، ئێمە لەو مەیدانەشدا، هەر قرەی کاروان بووین، خەیام لە مەیدانی چوارینەدا، بە ( سوولتانی شاعیرانی چوارینە) هاتووەتە ژماردن، مەگەر خەڵکانێکی زۆر کەمی وەکو دانتی و شکسپیر و سیرڤانتس... هاوتای بکەنەوە،، سەبارەت بە عەرەب بوون، یان کورد بوونی خەیام، هیچ سەرچاوەیەکی سەنگینی پڕ ئیحتوباری باوەڕپێکراو ئەوەی ساغ نەکردووەتەوە، بەڵام گومان لە ئێرانی بوونی نییە، خۆ نە باسکاری مەزن عەبدولحەمید سەجادی لە ئینسایکلۆپیدیاکەی خۆیدا( شاعیرانی کوردی، فارسی زمان/ بە فارسی) نە دکتۆر سدیق بۆرەکەیی لە ( فەرهەنگی ناودارانی کورد/ سێ بەرگە بە فارسی)و نەبابا مەردۆخی رۆحانی لە (مێژووی ناودارانی کورد/سێ بەرگە بە فارسی) ناوی عومەر خەیامیان بە کورد نەبردووە.. سەبارەت بە لە دایکبوون و مردنەکەی، ڕای زۆربەی باسکاران و توێژەران بەلای ئەوەدا مایلە کە لەدایکبوون و مردنەکەی لە نیشاپوور بووە، کە لە سەردەمە بەراییەکانی ئیسلامدا مەڵبەندێکی کەلتووری فرە گەورە بووە.. بە هەرحاڵ کەسێك کە ئینتیمای بۆ قەلەم پەیدا کرد، لەوە دەردەچێت بە تەنیا بۆ خۆی بژی، تەنیا موڵکی یەك ناوچە و یەم میللەت بێت، بەڵکو دەبێت بە موڵکی هەموو تیرەی بەشەر، تێکەڵ بە ئێستا و ئایندە دەبێت و دەبێت بە پەیڤدار و ویژدانی بێداری تیرەی بەشەر، ئەوەی گرینگە دەقی بەرهەمەکانییەتی، زۆربەی بەرهەمەکانی ئەم فەیلەسووفە، بە تایبەتی چوارینەکانی، کە ڕەگی هەرهەموویان دەچێتەوە سەر فەلسەفە، بە زمانی فارسی گەیونەتە ئەم ڕۆژگارە و زمانیش ڕەگەنامەی هەر دەقێکە...

پ/٢٦: باشترین وەرگێڕان کە بۆ چوارینەکانی خەیام کرابێ، بە ڕای تۆ کامەیانە؟ هەژار، سەلام، گۆران...هتد؟

و/٢٦: کوردیش هەوڵی داوە چوارینەکانی خەیام پاچڤە بکات، جگە لەو کەسانەی تۆ ناوت بردوون، خەڵکانی دیکەش هەوڵیان داوە، دیارە بەندە ڕێزم بۆ هەوڵی هەر یەکێکیان هەیە، هەموو هەوڵێك، بە تایبەتی ئەگەر دڵسۆزانە بێت حەڵاڵە و جێگای قەدرزانییە، هەڵبەتە هەر هەوڵێك جیاوازە لە هەوڵێکی دیکە، بەندە یەك لە باری خۆم هەوڵەکەی شادڕەوان هەژاری موکریانیم، نەخازمە لە ڕووی فۆڕمەوە لە هەوڵەکانی شێخ سەلام و گۆران پێ سەرکەوتووترە، بەڵام لە ڕووی نێوەرۆکەوە هەست دەکرێت لە هەندێ چوارینادا بە ڕادەیەك لە نێوەرۆکە خەیامییەکە دوورکەوتووەتەوە، کە پێدەچێت چوارینەی خودی هەژاربن و لەبەر هەر هۆیەك بێ بە ناوی خەیامەوە بڵاوی کردووەتەوە، یان دەکرێت بە پاچڤەیەکی ئازاد دابنرێت... بە هەرحاڵ ئەم کارەی مام هەژار هەرچۆنێك بێ و هەر چییەك بێت کە بە زمانی کوردی تۆمار بووە و بڵاوبووەتەوە، بووە بە بەشێك لە کەلەپوور و کەلتووری ئەدەبی کوردی و جێگەی قەدر زانییە.

پ/٢٧: له هەنبەر چیرۆكی منداڵانیش جێ پەنجەت دیارە، جگە لەو بەرهەمانەی وەرتگێڕاون، نووسینی خۆت هەیە، چیرۆك، كە بۆ منداڵانت نووسیبێ؟

و/٢٧: هەڵبەتە جیهانی منداڵ، وێڕای سادەیی و پاكی و بێگەردی، ئاڵۆزی و تایبەتمەندی خۆشی هەیە، دیاریشە منداڵ دەكاتە بەردی بناغەی ئایندە و هەر وەچە و نەوەیەك بە پێی سوونەتی ژیان و جەبرییەتی مێژوو دەبێ ئاڵاكەی دەستی ڕادەستی نەوەی پاش خۆی بكات، جا كە ئەمە سوننەتی ژیان و یاسای مێژوو بێ، پێویستە كار بۆ ئەوە بكرێت منداڵان وەك نەوە و ئاڵاهەڵگری ئایندە بە ڕێكوپێكترین شێوە و شێواز پەروەردە بكرێن و بە جۆرێك ئامادە و تەیار بكرێن كە شایستەی ئەوە بن بە بێ ترس ئاڵای ژیانیان پێ بسپێردرێت.

یەكێك لە ڕێگاكانی پەروەردەكردنی منداڵ، ڕاهێنانیەتی لەسەر خوێندنەوە. خوێندنەوە ، مەودای زانیاری منداڵ فراوان دەكات و گەلێك ڕاستی و زانیاری لەمەڕ خۆی و ئەو ژینگە و دونیایەی كە تیایدا دەژی پێ دەبەخشێت كە ڕەنگە بە ئەزموونی شەخسی بە ئاسانی پێی نەگات، واتە خوێندنەوەی جدی لەو ڕووەوە ڕێگاكانی بۆ قەدبڕ دەكات، ئەمە جگە لەوەی خوێندنەوە چاوی منداڵ دەكاتەوەو گیانی ڕەخنەگری وپرسیاری لا دروست دەكات و پێموایە ئەو منداڵانەی دەخوێننەوە و بە پێی بەرنامە موتالا دەكەن، لە قوتابخانەشدا لەو منداڵانەی كە ناخويننەوە وریاتر و زیتەڵەتر و چاوكراوەترن، هەڵبەتە منداڵی كورد، لە ڕووی ڕۆژنامە و گۆڤار و بلاڤۆكی منداڵانەوە، لە چاو منداڵانی ولاٚتانی پێشكەوتوودا هیچی وای بۆ نەكراوە.. دیارە ئەمە دیاردەیەكی زۆر خراپە و جگە لەوەی زادەی ئەو بارە سیاسییە دژوارەیە كە كوردی تێخراوە، نیشانەی ئەوەشە كە ئاستی هۆشیاری گەورە سەبارەت بە بایەخ و گرینگی منداڵ زۆر نزم و لاوازە.. جا بەندە لە بواری كاری ناچیزی كەلتووریی خۆمدا، منداڵم فەرامۆش نەكردووە و زۆر كارم لەو بوارەدا كردووە، یەكێك لەو كارانەم، كۆمەڵە چیرۆكی نووسینی خۆمە لە ژێر ناڤی (كانییە قارەمان) كە یەكێك لەو چیرۆكانە ( ئاخ وەتەن!) كراوە بە عەرەبی و لە كتێبی عەرەبی پۆلی هەشتدا دەخوێنرێت.

پ/٢٨: پەیوەندی كۆمەلاٚیەتیت زۆر لاوازە لە گەڵ نووسەر و وەرگێڕاندا، بۆ؟

و/٢٨: بێگوومان هەر پەیوەندییەكی كۆمەڵایەتی باجی خۆی هەیە، یەكێك لەو باجانە نیفاق و ڕووبینی و ڕیابازی كۆمەڵایەتییە، كە ئەمە باجیكی قورسە و بە هەموو كەسێك نادرێت، بۆیە بە درێژایی مێژوو خەڵكانی ڕاستگۆ و دڵسۆز و هەقپەروەر ، پەیوەندی كۆمەلاٚیەتیان لاواز بووە، باشترین نموونە سۆفییەكانن، ئەمە جگە لەوەی نووسین و خوێندنەوەش، شێوازیكە لە شێوازەكانی بەردەوامامندنی پەیوەندی... پەیوەندی بەندە لە گەڵ نووسەر و وەرگێڕاندا لاواز نییە، بەڵكو لەگەڵ ( نۆسەران)دا لاوازە..

به ڕاستی ئێمه له سەردەمێکی حیزباوی هێنده بۆگەن و پڕ خیانەتدا دەژین، که دەنگ بخەینه پاڵ دەنگی سارتەری فەیلەسووفی فەڕەنسی و بڵێین: "الاخرون هم الجحيم "

پ/٢٩: ئەگەر جارێکی دیکه زندوو ببیەوه حەزدەکەی هەر وەك ئەدیبێك بناسرێیەوه یان حەز دەکەی ببی به چی؟

و/٢٩: جوانی وبەهای ئەدەب لەوەدایه که کارێکی تا سەرمۆخ مرۆڤانییه.

پ/٣٠: له کۆتاییدا دەڵێم هەست ناکەیت وەك گۆگۆڵ ئاواتەکەت هاتۆته دی وئەگەر بشمری ناوت به زندوویی دەمێنێتەوه له نێو ئەدەبیاتی کوردیدا؟

و/٣٠: کەڵکەڵەی نەمری و جاویدانی یەکێکه له خەون و خولیا مرۆڤانییه ئەزەلی و ئەبەدی و هەمیشەیی و ڕەسەنەکانی تیرەی بەشەر و هەوێن و ئامیانی تێکڕای دەستکەوته ژیاری و شارستانیەتەکانی تیرەی بەشەر بووه و ڕێگەی جۆراوجۆریش بۆ گەیشتن به جاویدانی و نیمچه نەمری گیراوەته بەر، یەکێك لەو ڕێگایانه هونەر بووه، بەشەر به مەبەستی گێڕانەوەی خۆی جۆرەها ژانری هونەری داهێناوه.. دیاره هەر هەوڵێکی ڕەوا بۆ گەیشتن به نەمری و هەرمان حەڵاڵه، بەڵام هەر ئامانجێك له ڕێگایەکی ناڕەواوه بیگەیتێ، ئامانجێکی بەتاڵ، ناڕەوا و حەرامه.

بەنده بێئەوەی منەت بەسەر کەسدا بکەم، بڕێك کاری ناچیزم پێشکەش به کتێبخانەی کوردی کردووه، مەمنوونی بەختی خۆم دەبم ئەگەر به ئاسانی لێمی وەربگرێت، دەنا وەکو دەڵێن: ماڵی قەڵب سەر به ساحێبییەتی...

# ١٤- فەرهەنگۆك

ئا

ئەداو ئەتوار: رەوشت و ئاكار

ئارایشتكار : ئارایشتگەر ، مكیاجكار

ئەوك : قورگ، گەروو، بەرمل

ئاسیو : ئازار، بەلا ، زیان، زەرەر

ئاشخانە : مووبەق، چێشتخانە

ئەنگۆ: ئێوە، هەوە، هون

ئەگەرنا: دەنا، ئەگینا، ئەگین، گەرنا

ئێژی : دەڵێی

ئەفسووناوی : سیحراوی، جادوویی

ئیكلام : كڕنۆش، سەرچەماندن بۆ رێزگرتن

ئامێز : باوەش، هەمێز

ئەزبەنی : گەورەم، قوبان

ئاران: گەرمەسێر، گەرمیان، زستانەوار

ئۆین: پیلان، دەسیسە، فێڵ و مەكر

ئۆینباز : بەمەكرو فێڵباز، پیلانگێڕ

ئێشك: پاس، كێشك

ئاكنجی: نیشتەجێ

ئالوودە:گیرۆدە، خووپێگرتوو

ئاوەز: هۆش، فام، ئەقڵ

ئاشپەز: شیوكەر، چێشت لێنەر، چێشتچی

ئەنگێزە: هۆ، هاندەر، سۆنگە

ئەستەم: زەحمەت، ئاسێ ، دژوار

ئەسەح: ئەكید، خویا، مەعلووم

ئیرەیی: حەسوودی

ئەستێڵ: حەوز

ئیستەرەم: دەمەوێ

ئەستەڕ: بەر، بەری كەواو...

ئاپۆڕا: حەشامات، قەرەباڵغی، حەشیمەت

ئاشووب: پەشێوی و ئاژاوە

ئەوزار: ئامراز، ئامێر، وەسیلە

ئاغەڵ: جێی داکردنی مەڕو بزن لە دەمی سەرمادا

ئەسکەمیل: کورسی

ئاوەز: ئەقڵ

ئاخێز: نیوە هەستان

ئەوقات: پارێزەر

ئۆل: ئاین

ئاریشە: کێشە، گرفت

ئاودڕکە: ئاودڕ، ئەو شوێنەی ئاو دایدڕیبێ

ئاڵچاخ و دەنی: سووک و بێ ئابڕوو، خوێڕی

ئاوردوو: سوتەمەنی،شەواتەک،ئێزنگ وقەڵاشکەری

ب:

باوەژن: زڕدایک، هوّی دایک، باجی

باب: باوک

باڵانما: باڵانوێن، ئاوێنەی باڵاڕوان

بەلەز: خێرا، بەپەلە، گورج

بایس : هۆ، باعیس ، سەبەب

بلوور: شووشە

بێنەوا: هەژار، بێچارە، داماو

بە تۆبزی: بە زۆر، بە خورتی

بە روحم : بە بەزەیی ، دلۆڤان

برنجە: جۆرە کانزایەکە، زەردی سەماوەر(قصدیر)

بەلەنگاز: بێچارە،نەدار، بەسەزمان

بەرۆک: یاخە، یەخە

بەکاوەخۆ: بە هێواشی

بەرسڤ: وەڵام

بەرک: گیرفان، باخەڵ

بالیفۆکە: سەرینی بچووک، گۆشە

بوری: تێپەڕی

بیلبتون: بە تەواوەتی

بەو ئاوایە: بەو جۆرە، بەو شێوەیە

باریە: لۆسە

بەستێن: ڕۆخ، کەنار، گوێ چەم، دەم چەم

بێشە: دارستان، لێر

بەرکۆشە: بەرهەڵبێنە

بن پیاڵە: ژێر پیاڵە

بۆرەقنە: ئامال بۆر، مەیلەو بۆر، بۆرباو

بوێر : ئازا، دلێر

بێوەی: بێ زیان، سەلامەت

باڕ : بێچووە مەلی بەهارە

بێزوو: بێزگ، مەگیرانی

بێزگەوان: بێزووکەر

بەلأنس: هاوسەنگی

بارتەقا: باتەقا، هەنبەر، بەرانبەر

باجەوان: باجگر

بەسوێ: بە ژان، بە ئازار

بەردەبار: پیاوی زاناو بە تەگبیر

بێدادی: نەهەقی

بەیتاڵ: پزیشکی ئاژەڵان

بویەر: ڕووداو

باژێرۆك: شارۆچکە

باشار: دەربردن، خۆراگرتن

بەرایی: پێشایی، بەراهی

بەڵەد: شارەزا، ڕێزان، ڕێنوێن

بەفرە ژیلکە: بەفری زۆر دەنك ورد

بەلەك: پووز

بە خورتی :بە تۆپزی

بالیف: سەرین، پشتی

بەگەنکردن: پەسندکردن

باندۆر: کاریگەریی

بایس: هۆ،باعیس، سۆنگە

بەرخودان: مقاوەمەت

بارخانە:کەلوپەلی بازرگانی، باری لەسەر یەك هەڵچنراو

بەرجەوەن: دیمەن

بۆدڕ: بۆنی توندی ماسی و تەگە

بۆدراو: برژاو، خاوەبرژ

بەڵخ: بەڵغ، کەڕوو

باسریشك: بەفرو باران پێکەوە

پ:

پێشخزمەت: نۆکەری بەردەستان

پارك: باخ

پسمام : کوڕە مام، ئامۆزا

پواز: سنگێکە لە درزی داری قەڵشاوی دەنێن تا نەیەتەوە یەك

پۆڕ: باڵندەیەکی خۆش گۆشتە، لە مریشك گەورەترە

پێشکار: خزمەتکار

پەیڤ : وشە، وتە ، قسە

پەز: مەڕ، مێگەلە مەڕ و بزن

پەری : فریشتە

پاژ: بەش

پرتەو: تیشك ، روناکی

پێکڤە: پێکەوە، بە هەڤڕا

پڕ: زۆر، تەژی

پۆستین: فەروە، کەوڵی تیسکن

پەژمردە: چەرمسی، ژاکاو

پایدۆس: دەست لە کار هەلگرتن

پۆڵکە: گاگۆز

پەسیو: پەسیڤ، هەلآمەت

پیتاك: باربوو، کۆکردنەوەی دارایی

پێل: شەپۆل

پەسلان: قیامەت، ئەو دنیا

پاتاوە: پێلاو، کالە.

پاتۆق: شوێنی کۆبووەوە

پۆڕ: قژ

پێشداوەری: حوکمی پێشوەختە

پانکردنەوە: ماستاوساردکردنەوە، ڕووپامایی

پەشم: قسەی قۆڕو بێ مانا

پزیشکیار: یاریدەدەری پزیشك

پەتۆ: بەتانی

ت:

تەمەشاڤان: بینەر، سەیرکەر

تەماشاخانە: شانۆ، نمایشسەرا

تەژی: پڕ، لیپاو لیپ، سەر ڕێژ

تا: لا، لایەن

تێشت: نانی بەیانی، قاوەڵتی، بەرقلیان، تاشتی

تالووکە: مەترسی، خەتەر

تەبارە: دەغڵی گەیشتووی نەدوراو، قایمە دەغڵ

تەژەو ناقۆلاْ: گەورەو ناشیرین

تاین: یارۆ، فلاْن، ناڤبری

تاژی: سەگی ڕاو، تانجی

تەشقەڵە: گەڕ، بیانووپێگرتن

تەیرو تو: باڵندەو مەلان

تەوازۆ: تەوازی، عوزرخوایی، داوای بوردن

تخوب: سنوور، کەوشەن، تخووم

تەوێڵ: ناوچەوان، هەنیە، ئەنی، توێڵ،جەمین

تۆرینۆک:توورەو دڵناسك

تەختەبەن: تەختە خەو

تەقوو: بەڵکوو ،هاتوو

تاقەتکردن: شاردنەوە، داکردن

تۆلاز: مێباز، چاو لەوەڕێن

تیلمە: تیلماسك

تیلاگ: لاسەر

تاوەگاز: تاوانگاز، بە هەتاو سووتاو

تەڵفیزی: تەڵفیسی، تەوس، گاڵتەو گەپ

تەریدە : ڕێگر ، چەتە

توولەك: وەرینی مووی لەش

تۆسن: سەرکێش، نا ڕام

تەڤگەر: نەسرەوت، بزووتنەوە

تەمراندن: کوژاندنەوە

تاری : تاریك

تۆماکۆ : تووتن

تەشبریق : هەورە تریشقە، بروسکە

تووك: نزای خراپ ، دوعای شەڕ

تاخ: گەڕەك

تاس: سەر رووتاوە، دەغسەر

تەرز: جۆر، نەوع

ج:

جەگەن: گیایەکە لاسکی سێ سووچە لە زەلکاودا دەڕوێ

جنگن: شەڕانی، دڕ، نەگونجاو

جەلۆ: هەرزە پیاو، سەرسەری

جندەخانە: سۆزانی خانە، قەحپەخانە

جەڕپاندن:تاقی کردنەوە، تەجرەبە کردن

جوڕنە: حەوزۆکەی گەرماو

جما: جولا، بزوا

جڤاکی: کۆمەلایەتی

جوابی کرد : دەری کرد ، ئیزنی دا

جمکانە : دووانە، جمك، لفانە

جەندەك: تەرم

چ:

چەلەنگ: چوست و چالاك، گورج و گۆڵ، شۆخ و شەنگ

چینی: جۆرێ سواڵەتی هەرەباشە، وەکو کاشی

چتۆ: چۆن، چلۆن، کوو

چڕین: وتن ( بۆ گۆرانی و قام)

چێڵ: مانگا

چەنگ: ئامێرێکی موسیقایە، هارپ

چەکمە: جەزمە، پووت

چەمەنزار: مێرگ، مێرغوزار، سەوزەزار

چما: بۆچی، ئەڕا، لەبەرچی

چقڵ: دڕك، دڕو، دڕی

چەرچی: فرۆشیاری گەڕیدە، دەستفرۆش

چوغورد: چوغور، چغر، چڕ

چمك: سووچ، گۆشە

چوارنکال: هەرچوارلا

چێبوو: دروست بوو

چەمووش: سڵ، رەوەك، لەقەهاوێژو گازگر

چەرموو: سپی

چەرچی: دێوەرە،فرۆشیاری گەرۆك، دەستفرۆش

چاوساغ: دەسكێش، جاسووس، سیخوڕ

چەلیپا: خاچ، سەلیب

چاوگ: دەستە چیە

ح:

حایرمان: سەرسام بوون

حەسار: حەوش

حەنەك: جەفەنگ،قسەی گاڵتەو گەپ

حەشەری: بەر بەتاو، ژنی بە ئالۆش

حەژمەت: مەینەت، خەفەت، کەسەر، داخ، خەم

حەجامات: خوێن بەردان

حەوجە : پێویست

خ:

خەنی لە خۆتان: خۆشی لە خۆتان

خشکۆك: دەلال، جوانکیلە، جوان، قەشەنگ

خەنەقاندن: خنکاندن ، لە سێدارەدان

خوبزە: خولاّم، نۆکەر، خزمەتکار، خزمەتچی

خورجین: هەگبەی لە بەن، جانتای لە بەن، خورج

خا: خات، خاتوون، خانم ، یا

خاپاندن: فریودان، تەفرەدان، خەڵەتاندن

خاپینۆك: فریبۆك، فێڵباز

خانەدان: نەجیمزادە، ئەسڵزادە

خودان: خێو، خاوەن، ساحێب

خوڵك: خولق

خۆرتی: بە تۆبزی، بە زۆری

خشت: رێك، بێ کەم و زیاد

خاکی: بێ هەوا، بێ فیز

خەرگە: پەڕۆی کۆن و پیس

خوابەختەکی: خۆو بەخت، بە هەڵکەوت

خەبتین: خەبات کردن

خشکۆك: جوان، خشیك

خویا: ئاشکرا، دیار ، روون

خۆرانگاز: تاوە سووت، سووتاو لەبەر خۆر

خەفیە :جاسووس، خەوەرچین، هەواڵدز

خۆڵەکەوە: خۆڵەمێش

خەمرە: کوپەی زۆر گەورە

خەنۆل: خەندەران، دەم بە پێکەنین، رووخۆش

خزاگ:عەرەبانەیەك کە بەسەر بەفرا ڕایدەکێشن

د:

داماو: بێنەوا، بەلەنگاز، بێچارە

دەڤەر: ناوچە، ئاقار، شوێن، جێ

دێرکەوتن: دواکەوتن

دلپاقژ: دڵپاك، بێ فرو فێڵ، بێ گزی

دەربار: دیوەخان و بارەگای پاشا

دەهری : زۆر تورە

داگەڕان: هاتنە خوارەوە

دڵنەواز : دلگیر، مایەی دڵخۆشی

دلۆڤان: بە بەزەیی، دڵنەرم، میرەبان

دیدەوانی: ئێشکگرتن ( بە تایبەتی ئێشکی سەر قەلآت و بورجان)

داپیرە: دایە گەورە، نەنك

دەلیڤە: دەرفەت ، هەل

درەخت: دار

دەرباریيان: دەست وپێوەندانی دیوەخان و بارەگای پاشایەتی

درووو: درك، چقڵ، دڕی

دڵڕەش: بێ بەزەیی، ستەمکار، دڵرەق، ڕکوونی

دامە: مۆر

دنگ: دینگ، ئامرازی چەڵتووك کوتان

دەڵەکدان: پاڵنان

دڕدۆنگ: دوودڵ، بە گومان

دوونیەتی: خوێڕیەتی، بچووکی

دەڵەچە: مەرایی کەر، ماستاوچی

دۆنکی: داردەستی حەسحەسی ناو بازاڕ

دیرۆکنووس: مێژوو نووس

دەڕەڤی: هەڵەهات، رایدەکرد

دەرۆزە: گەدایی، سواڵ

داشۆ: کاکە، براگەورە

دەهری : زۆر تورە

دەخەبتن : خەبات دەکەن

دۆغری : راست ، دروست

داغان : رووخان، وێرانکردن

دەغوول: دەسبڕ،خاپینۆک، فێڵباز، گزیکار

دوئێل: مبارەزە

دۆتمام: کیژەمام، ئامۆزا (بۆ کچ)

دەسەنە: بەخشین،

دوڕ: ناوەند، ناوەڕاست

دێر، درەنگ، جێگەی رەبەنانی فەلە

دەست قلّپ: ماڵ بەفیڕۆدەر

ڕ:

رەقسین: سەما، هەڵپەڕین

ڕنەك: قەشەو

ڕدێن: ریش

روندك: فرمێسك، رونتك، ئەسر، ئەسرین

رۆحانی: پیاوی ئاینی

راز: نهێنی

ڕەژوو: زوخاڵ ، خەڵوز

ڕك : کووڕ، ڕژد

رابوون: هەستان

رۆخانە: روبار، چۆم، چێم، ڕوو

ڕند: جوان، خوشیك، خوشکۆك

ڕموودە: ئالوودە، هۆگر

رادەست: خۆ بە دەستەوەدان

رەند: مێرخاس، مەرد، پیاوانە

رەقیب: نەیار، خەنیم

ریسك: مغامەرە

ریوەڵە: بچکۆلەی لاواز، بیّ نموود

رۆنیشت: دانیشت

رووپامایی: مەرایی، دەڵەچەیی، بن ریشەیی

رامووسان: ماچ

ڕەهەنە: ڕەهەندە، عەودالّ ، ئاوارە، چۆلگەڕ

ڕەبەن: سەلّت، زوگورت، ڕاهب

ڕەبەنیتە: ڕاهبە، ژنە فەلّەی تەرکە دنیا، ڕەبەنی ژن

ڕاوگە: جێگەی ڕاو وشکار

ز:

زڕکیژ: کچی مێرد بۆ باوەژن، یان کچی ژن بۆ باوەپیاڕە

زێدە: زیادە

زەلام: گەورە، ناقۆلاّو تەژە

زار: دەم، دەو

زوڕییەت: وەچەو نەوەو نەتیرە

زێد: زاگە

زاگە: زێد، شوێنی لە دایکبوون، مەفتەن

زوخالّ: ڕەژوو، خەلّووز

زگڕەش: ڕکوونی، بوغزن، کینە لە دلّ

زەوجین: زەماوەند

زڤڕینەوە: گەڕانەوە

زەیسان: زەیستان، ژنی تازە زاو

زەیەوان: زێوان، نیگابانی گۆڕ و گۆڕستان

زرانی: ئەژنۆ

زارۆك : بچیکان ، مندالاّن

زەردەکەن: بزە، زەردەخەنە

زەروو: زالو

زیانۆك: بە زیان، زەرەردەر، زیاندەر

ژ:

ژێوان: پەشیمان

ژارخەن: پێکەنینی ژەهراوی

ژارۆ: داماو، فەقیر، بەسەزمان

ژنەوتن: بیستن، ژنەفتن

س:

سەرزەنشت: سەرکۆنە، لۆمە

سەلّت: ڕەبەن، بێ ژن و مندالّ، عازەب

سەندەلّ: قاپقاپ، تەقتەقیلە

سپڵە: پێنەزان، بێ ئەمەك، بێ وەفا، نمەك حەرام

سۆز: پەیمان، بەڵێن

ستران: گۆرانی، قام، لاوك

ستێران: ئەستێرە، ئەستێران

سپێدە: بەرەبەیان

سەوزەزار: مێرگ، مێرگوزار، چەمەنزار

سەمت: لا، ئالی، رەخ

سەربوردە: بەسەرهات، سەرگوزەشتە، سەربهورد

سەرگوروشتە: سەربوردە،

سخێف: جنێو

سەختگیر:توند و بەزەبت و رەبت

سیوات: خوێنەواری

سائەقڵ: شێتۆکە

سەربۆز: سەر ماش و برنج

سیاناو: قوڕاو

سێوی: هەتیوو، منداڵی بێ داك و باب

سیکتر: دەرکردن، ترۆکردن

سونگی: قەمە

سەهەندە: بزۆز، نەسرەوت، زرینگ، ئاژاوەچی

سێبەندی: بێ شەرم و حەیا،

سابرێن: نێری، تەگە

سەرۆ: ئیلهام، سرووش

سازڤان: مۆزیکوان

سەرناڤ: ناونیشان

ستان: شار، پارێزگا

ستاندار: پارێزگار،متەسەڕیف

ساردخانە: مەیتخانە

سۆل:پێڵاوی سووکەڵەی بێ پانییە ،نەعل

سەردولکە: گۆرانی هەڵگوتن بە مردوودا

ساڤالۆك: منداڵی تازەزاوی جوانکیلە

سەلبەند: رێگەی بە بەرد فەرشکراو

سیسەم: تەختە خەو، تەختە بەن

سوێ: ئازار، ژان

سیخار: زوقم

ساقەتە: لاسکی گیا

ش:

شرِندە: ژنی دەمدرێژی شەڕانی بێحەیا

شرپۆش: شڕۆڵە، بێ بەرگ و بار

شەیپور: بۆقی، کەڕەنا

شام: شیو، شیڤ، خواردنی ئێواران

شکەفت: ئەشکەوت

شکەستەنی: ناسك، شتێ زوو بشکێ

شتاقیان، هیچیان، کەسیان

شنگ: هێز، تاقەت، توانا

شەقاو: هەنگاو

شلینگ: پارەیەکە

شاپ: شەق

شەکەت: ماندوو، هیلاك

شوورە: دیوار

شەڕبار: پڕشەڕ، شەڕانی

شەنگوڵ: بە دەماخ، کەیف خۆش

شەبەیخوون: پەلامارو هێرشی شەوانە

شەلاق: شەلاخ، قامچی

شەم: مۆم، شەمالك

شەمدان: مۆمدان، شەمان، جێگەی مۆم

شۆڤار:زمان شڕ، نێوان تێکدەر، جاسووس

شوو: مێرد ، هاوسەری ژن

شەکەت: ماندوو. هیلاك

شاشك: مێزەر، پێچی مێزەر، شاشیك

شیرەت: راوێژ، ئامۆژگاری

شیرەتکار: راوێژکار

شادەتنامە: کارنامەی خوێندن

شۆخی : سوعبەت ، گاڵتە

شیڤ: شێو، شام، نانی شێوان، نانی ئێوارە

شێلەو بێلە: فێڵ و تەڵەکە

شەواك: گەمژە، گێلۆکە

ع:

عاسا: دار عاسا، داردەست

عەیار: زیتەڵ، زۆرزان

عەبەنووس: دارێکی رەش و رەق و بەنرخە

عەیان: دیار، ئاشکرا، لەبەرچاو

عەگید: ئازا، پاڵەوان، جامێر

غ:

غاڕ: ئەشکەوت

غوڕابی خەو: شیرنە خەو، خەوی قورس

غەوارە: غەریبە، بێگانە

ف:

فەرمایشت: فەرموودە، قسە

فەرخە: بێچوە مەل و جانەوەران

فشقیات: حەنەك، گاڵتەوگەپ، ئاخافتنی بێ تام

فراڤین: نیوەرۆژە، خواردنی نێوەرۆ

فەرسەخ: فەرسەق

فڕناخ: لووت بەرز، بە دەعیە، روحزل

فاما: فامیدە، تێگەییشتوو، زیرەك

ڤالا: بەتاڵ، خاڵی، پووك، ئاواڵە، کراوە

فەڕەنگی: ئەوروپایی

ق:

قالیچە: مافووری بچووك

قرمز: سوور

قەڕاڵ: پاشا

قەڕاڵنشین: پاشانشین، ئیمپراتۆریەت

قورباقە: بۆق

قاوەڵتی: تاشتی، بەرقلیان، نانی بەیانی، تێشت، قاوەتوون

قووچانی: هەڵهات

قشتیلە: بچووکی جوانکیلە

قالۆر: قاوغ

قاپ: قاچ

قاوغ: قەپێلك، قاپۆرە

قوشقی: تووڕە، وەرەز، سڵ ، رەوەك

قەرقەشە: تەشقەڵە، شەرو ناخۆشی

قۆپی: زەڵکاوی قامیشەڵان

قەڵەمرەو: سنوور و کەوشەنی ژێر دەسەلأتی کەسێك یان دەوڵەتێك

قوو: باڵندەیەکە لە قاز سپی ترو زلترە

قەلأیی:کانزایەکی سپی نەرمە مسی پیَ سپی دەکەنەوە

قژاوڵە: تاق تاقکەرە

قاوش: هۆڵ، شوێنی نووستنی بە کۆمەڵ

قەساس: سزا، تۆڵە

قەرەبەخت: بەخت رەش، بەدبەخت، نەگبەت

قامك: پەنجە، ئەنگوست، پل، کلك

قامبێژ: گۆرانی بێژ

قەساو: قەساب

قەلەزراو: ترسنۆك

قەتاندن: بەسەربردن

قاقڕ:زەوی رووتەن کە گیای لیَ نەڕویَ

قومات:باىۆڵەی ساوا تێوە پێچان

قاشوانیَ: گۆبازی، قاشوان

قەپاتمە: سۆیتەلی، ژنی بیَ مارەیی بۆ رابواردن

قەموور: کووڕ، پشت کۆم

قەستە سەر: دوژمنی زۆر سەرسەخت، خەتەر

قەبە : گەورە

قۆشەن: لەشکر

قرێر: بڕیار، قەرار

قەوماو: بویەر، رووداو

قاوەتوون: تاشت، تێشت، قاوەڵتی، نانی بەیانی

قیڕات: گەرماپێو

قرپێژە بەرد: خەنە تیلکە،وردە شینایی پێکەوە نووساوی سەر بەردان

ك:

کوت ومت: ەقاودەق

کوانگە: کوانوو، ئاگردان

کارمامز: بەچکە ئاسك

کودەڵە: بێچووە بەراز

کوختە: کۆخ، خانووی چکۆلەو خراپ

کوڵکە: موو، توك

کولۆ: کوللە

کەچڕەوی: لە ڕێ لادان، تەحریفیەت

کەوەیی: شینکی، شینباو، خۆڵەمێشی

کێوە: بۆ کوێ

کەپەک: سۆس

کۆمەک: یارمەتی، هاریکاری

کلۆر: ناوبەتاڵ

کوریژگە: کوڕی بچووک

کەپوو: لووت، دفن

کەونارا: زۆرکۆن، شوێنەوار

کەسک: سەوز

کۆمیدی: پێکەنیناوی

کامکردن: نەوس تکان

کەزی: پرچ، زلف

کلاوخود: کلاوی ئاسنینی شەڕڤان

کەرب: رق و کینە

کان: مەعدەن

کێوستان: کۆسار، کۆجاڕ

کۆلۆنی: موهاجیرنشین، نشیمەن، موستەعمەرە

کەمدوو: کەم قسە

کۆسار: کۆجاڕ، کێوستان

کەوی: ماڵی، دەستەمۆ

کەڤر: بەرد

کەڤرۆک: بەردەلان

کەندەکار: کەسێک کە لە دار نەخش دەکەنێ

کێشکچی: پاسەوان، نیگابان

کۆ : سڵ، سڵکردنەوە

کەپوو : لووت، دفن

کارگە : وەرشە

کەرپووچ : خشتی سوورەوەکراو

کوند: بوەکوێرە، کوندە پەپوو، بایەقوش

کەودەن: گەوج

کاژستان: بێشەی دارکاژان

کرێت: ناشیرین، کاری خراپ

کەتواری: ریالیستی، واقیعی

کەوشەن : مەرز، سنوور ، ئاقار، تخووب

کنوکۆ : چوونە بنج و بناوان ، تۆژینەوە

کسۆك: سەگ

کەستەك:سندە گڵ، کلۆ قوڕی وشکەوە بوو

کۆشیار: چالاك، پڕکۆشش

کینەکێش: ڕك هەڵگر، ڕکونی

کەت: تەختەخەو

کەرەمکە: بفەرموو

کەوە ڕۆژ: ڕۆژی بێ هەتاو، سپییە ڕۆژ

کۆما: کۆمەڵێك

گ:

گۆساخ: چاوقایم، رووقایم

گەدا: پارسەك، سواڵکەر، دەرۆزەکەر

گورزە: باقەی گەورە

گەرەکمە: دەمەوێ ، دەخوازم

گەمە: یاری، وازی، کایە

گەنج: زێرو زیو، ماڵی دنیا

گەردنبەند: ملوانکە

گازکردن: بانگکردن

گۆرین: یارۆ، ناڤبری

گوند: دێ، ئاوایی

گومناو: ناوبزر، نەناسراو

گۆزینگ : قولەپێ

گەڵۆز: ناولینگ

گول: گەڕ و گول

گاگۆز: پۆلکە

گارد: پاسەوانی تایبەت

گۆنگ : ئاڵۆز

گەنگەشە: موناقەشە

گووراو : مەخلووق

گووفەك: زبڵدان، سەرانگوێلك

گازی: بانگکردن

گرۆز: وڕکن

گڵکۆ: گۆڕ، ئارامگە

گمێز: پێشاو

ل:

لە کەیفان: لە خۆشیان

لە بیلادەوە: لە ئیجادەوە، لە بنەرەتەوە

لیرەوار: دارستان، جەنگەڵ، بێشەڵآن

لاپرەسەن: فزوڵ، فزوڵی

لۆسە: باری

لەزگ بوو: خەریك بوو، وەخت بوو

لێ: بەڵآم

لێبڕا: بڕیاری دا

لۆسە: باریە

لاق: قاچ، لنگ

لەزکرن: خێراکردن، پەلەکردن

لایدە: بێگانە

لەهەنبەر: بەرانبەر

لێ : بەڵآم

لەیستۆك : بووکەشووشە، بووکەڵە

لەگەز : مەتەڵ

لەش بەبار: نەخۆش

لەگێن:رەنگە، لەوەیە

لەوتاوە : پیس بووە

لەز : خێرا ،پەلە

لەبڕ : یەکسەری، بەقۆنتەرات

لاشەڕ : بێوەی، سەلامەت ، دوورە شەڕ

لاکەوە : لاچۆ ، برۆ کەنار

لە نك: لە کن، لە جەم، لە دەف، لەلا

لەگام: چەورە، زگ لەوەڕێن

لێژگە: لێژایی، نشێو

م:

موغازە: فرۆشگە، دوکان

مێریڤان: دلۆڤان، میهرەبان

مشوور: تەگبیر، بەخەم کردن

مژوول: سەرقاڵ، سەرگەرم

ملۆ وموش: ملۆمۆ، گەران و بۆنکردنی زەمین بۆ پەیداکردنی خواردن

مۆڵ: زۆر، فرە، زەحف

مژمژە: مەساسە

میرغەزەب: جەلاد

مەزرا: کێڵگە

مقاش: ماشە

مەگیرانی: بێزوو

مەرزو بۆ: وڵات، نیشتمان

مقەوا: کارتۆن

مەنهۆڵ: زێراب

مەزڵ: قۆناغ، جێی مەبەست

میرەبان : دلۆڤان ، میهرەبان

ماڵبات: خانەوادە ، بنەماڵە

مدارا :سەبرو حەوسەڵە ، دڵڕاگرتنی دۆست و ئەحباب

مووبەق : ئاشخانە

موغەیری: موغاری، بوغاری، کوانووی نێو دیوار

منجڕ :نەژنەو ،سوور لەسەر شتێك

مسکێن : رەعییەت، بەرحوکمی ئاغا

مەعلان : پسپۆڕ ، لێزان

مخابن: بە داخەوە

مراك : کەوچك ، کەچك

مینا، میناك: وەك، وەکو

مەخفەر: پۆلیسخانە، قەرەوڵخانە

مادونی: مۆڵەت، ئیجازە

مەرگی مفاجا: سەکتەی دڵ

مەحزەر: نووسینگەی مارەو تەڵاقان

مەژی : مێشك

مامۆژن: ئامۆژن، ژن مام

مراك: کەوچك، کەچك

مافور: قالی

مەتەرێز: مەتەرێس، سەنگەر

مامێر: ڕەبەنیتەی بەتەمەن

ماسێر: رەبەنیتەی گەنج

متوو: هۆگر

مرداو: قۆپی

ن:

نەزاکەت: ئەدەب، سەلاری

نیگابان: پاسەوان

نەیجەزار: قامیشەڵان

نسیبەت: بەڵا، موسیبەت

نەترە: ورە

ناچیز: هیچ، زۆر کەم

نەژاد: رەگەز، رەچەڵەك، ئەسڵ

ناحەز: ناشیرین

نێچیرڤان : ڕاوچی

نشیمەن: بارەگا ، شوێنی دانیشتن

نەزاکەت : لوتف و ئەدەب

نك : کن ،لا، جەم ، دەف

ناڤبری : ناوبراو

نەژنەو :نەبیست، منجڕ

نمەد : لباد، نیوداشت: نە کۆن و نەتازە

نها : ئێستا، هەنووکە، نهوو

ناڤسالٚ : میانە سالٚ

نووکە : هەنووکە ، نهو، نها، ئیستا

نەخاسما: بە تایبەتی

نەسرانی: فەڵە، مەسیحی

ناباب: ناباو، دژەباو، ناپەسند لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە

و:

وەمێنیٚ:بمێنێتەوە

وەکرد: کردەوە

وەشێرت: شاردەوە

وێنا: تەسەور

وار: هەوار، شوێن، مەڵبەن

واز : کراوه، پێچەوانەی داخراو

وێدەدەم: دەدەمێ

وەقف کردن : تەرخان کردن

وەردەوەدان : لە جارێ پتر کێڵان

وەردیان : زیندانەوان

وەشانخانە: بلأوەخانە، دارالنشر

وەشانکار: بلأوکەرەوە، ناشر

وڕاوە: وڕێنە

ودم:مومبارەکی، پیرزی

وشکەبار:میوەی وشکەوەکراو

وەکوژاندن : تەمراندن، کوژاندنەوە

وێمدە : بمدەیە

واز: ئیشتیاو ئارەزووی خواردن

وەزەن: ئازار

وشترالوک:حوشتر خۆرە، عاگول

وازوازی: دەمدەمی مجێز

هـ:

هانکە هانك: هەناسە برکێ

هەژگ: لکەداری وشکەوە بوو، چڕوچیلکەی ئاوردوو

هەڕوگیڤ: هەرەشەو گورەشە

هەڵدێر: جێگەی زۆر بەرزو قیت لە شاخ و کێودا

هەزاربەهەزار: شاخی زۆر بەرزو عاسی

هەڵزنان: هەڵگەڕان بۆ سەرەوە

هایم: سەرگەردان، وێڵ

هەنبەر: بەرانبەر

هەترەش: زەندەق، زراو

هەنووکە: ئیستا، نها، نهوو

هۆشن: بەهۆش

هەتەر: مەودای حوکمی چاو

هۆڤی: کێوی، وەحشی

هۆدە: ژوور، ئۆتاغ، دیوو

هزرو هزرین : بیرو بیرکردنەوە

هەیڤ : مانگ

هەیڤەشەو: مانگە شەو

هەدا : سەبر ، حەوسەڵە

هەراوزەنا : هەراو هەنگامە

هەڕەمە : تێکەڵ و پێکەڵ، گەنم ودانەوێڵەی تێکەڵکراو

هاپۆ : مام

هەڵەشە :لەسەر، بیَ ئەقڵ

هەرەت : تاف

هەتوان : مەرهەم ، مەڵحەم

هەڤڕك : ملەکەر، ململانیَ، ڕکبەڕکیَ

هەڕوو : هەڕە ، برِۆ

هەنگیَ : هەینیَ ، ئەوسا

هەشتاو : پەلە ، لەز، خێرا

هاوکوف:دوو کەسی لە یەك ئاستی کۆمەڵایەتی

هاودەستی:هاوبەش لە کەین و بەینان

هەیڤۆك: هەیڤك، مانگیلە، مانگی یەك شەوە

هێورین: حەوانەوە

هاماج: ئۆتمۆسفێر

هەڵاوێردن: جیاکرنەوە

هاتە وەشاندن ، بڵاوکرایەوە

هزرڤان: بیرمەند، زانا

هەنیە: تەوێڵ، ناوچەوان

هەلاکەت: گیانەڵڵاَ، ئاویلکە، ئاوزینگ، حاڵی مردن

هەلاژیان: ڕاکشان

هاژۆتن: لێخوڕین

ی:

یاڵ: تووکی سەر ملی شێرو یەکسم

یەکهاوی: یەکجۆر، یەکدەست، بێگۆڕان

یارۆ : فلاَن

یاتاخ : پێخەف ، نوێن

یەختە: خەسێنراو، گون دەرهێنراو

یونیفۆرم: جلکی فەرمی یەکچەشن

# ١٥- حەمە کەریم عارف

* کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایك بووە.

• لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.

• یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) رۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.

• لە ساڵی ١٩٧٥وەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.

• سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم قەرەمیرزا، حەمۆکە... بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

*لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆرشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

• لە هەشتاکانەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.

• زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٧٩

٢- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧

٣- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٨٨

٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان

٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێڕان چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ

٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥

٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی
٩- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧
١٠-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راه کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.
١١- هاوماڵەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان
١٢ – بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦
١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق
١٤- دووره وڵات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان
١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨
١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر
١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥
١٨- ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦
١٩- جیَ پیَ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوك
٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی
٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوك
٢٢-دیدارو دەق و رەخنە،چ٢٠٠٥،١
٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١
٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوك
٢٥- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

---

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٢٧- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١٩٩٨١،١
٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤
٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦
٣٠- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی شەشەم ٢٠١١
٣١ –کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم ١٩٩٨
٣٢- چینی کۆن، چ١( )دەزگای موکریانی

---

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
٣٤- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر
٣٦- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)

٣٧– جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.

٣٨– دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ

٣٩– بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.

٤٠– چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غوڵام حسەینی ساعیدی)

٤١– ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بڵاوەخانەی سایە، سلێمانی

٤٢– گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵڵائەلبوسێری..

---

٤٣– منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.

٤٤– فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان، یەلماز گونای

٤٥– شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان

٤٦– زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)

٤٧– چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

---

٤٨– لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨

٤٩– ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر

٥٠– ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

---

٥١– گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی – کوردی) حەمە کەریم عارف، چ١(٢٠٠٦–٢٠٠٨)دەزگای موکریانی

٥٢–چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

---

٥٣– چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس

٥٤– چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.

٥٥– ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.

٥٦– جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی

٥٧– گوگول، نووسەری ریالیست

٥٨– یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی

٥٩– سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی

٦٠– خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

---

٦١– راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان

٦٢–راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

---

٦٣– مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٤– مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٥- مێـژووی ئـەدەبیاتی جیهـان (ئـەدەبیاتی ئینگلیـزی زمـان- ئـەمریکاو ئینگلیسـتان لـە سـەرەتاوە تـا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٦- ریالیزموودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ٢٠٠٤،١،دەزگای سپیرێز

٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦،١دەزگای موکریانی

٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی

٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦

٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی

٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فوئاد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦

٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان

٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦

٧٤- شیعر کوژی..حەمە کەریم عارف، چ١/ ٢٠١٠/کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك، ژمارە(٧٠)

٧٥- دەربارەی رۆمانو چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨

٧٦- مەرگی نووسەرو چـەند باسـێکی دیکـەی ئـەدبی-رۆشـنبیری،حەمەکەریم عـارف،چ١، ٢٠٠٥نووسـەرانی کەرکوك

٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩

٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()

٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤

٨٠- خیانەتی حەلاڵ، حەمە کەریم عارف

٨١-بووکی هەزار زاوا،(جانتا) کۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی

٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی

٨٣-ریوایەت، رۆمان، بزورگی عەلەوی

٨٤-وقفات فی رحاب الپقافە الکوردیە، حەمە کەریم عارف

٨٥-هەژاران، رۆمان، دوستوفسکی

٨٦-دەیڤد کۆپەرفیلد، (رۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز

٨٧-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس

٨٨-ڤل الصوت و قصص اخری، تقدیم و ترجمە جلال زنگابادی

٨٩-شازادە و گەدا، رۆمان، مارك توین

٩٠-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی

٩١-سفرەی فەقیران   حەمە کەریم عارف

٩٢-باڵندەکەی من   رۆمان، فریبا وفی

٩٣- نامەکانی تولستۆی

٩٤- جەمیلە، رۆمان   جەنگیز ئایتماتۆف

٩٥- حەفتا چیرۆکی چینی بۆ منالآنی کورد

٩٦– الرحيل الدامی....تقديم وترجمه: جلال زنگابادی

٩٧– كۆڵوانه سوور... كۆچيرۆك بۆ منداڵان

٩٨– ئەو پياوەی كە سێبەری خۆی فرۆشت ..رۆمان..شاميسۆ

٩٩– دكتۆر...شانۆنامە...برانسيلاڤ

١٠٠– با خەييام باش بناسين /جەلال زەنگابادی

١٠١– دۆزەخی پيرۆز، رۆمان ،برهان شاوی

١٠٢– من و نەنكم و ئيلاريون و ئيليكۆ / رۆمان / نودار دومبادزە

١٠٣– يادگارييەكانی خانەی مردووان/ دۆستويفسكی

١٠٤–مێژووی رۆمانی توركی

١٠٥– ديوار...كۆچيرۆك................كۆمەڵێك نووسەر

١٠٦– كۆكۆرۆ..............ڕومان..........ناتسومی سوسكی

١٠٧– كانييە قارەمان....كۆچيرۆك بۆ مێرمنداڵان /حەمەكەريم عارف

١٠٨– ئەوديوی مەرگ............حەمەكەريم عارف/چ١٢٠٠١/ موكريانی

١٠٩– قاوشی ژمارە شەش/ چيخۆف/ پێشەكی و پاچڤەی: حەمەكەريم عارف

١١٠– گەمژە، ڕۆمان، دوو بەرگ، دۆستۆيفسكی

١١١– دەربارەی هۆزان و هۆزانڤانی...

١١٢– ساڵنمای ژيان و بەرهەمی...

١١٣– تاراس بۆڵبا/ ڕۆمان/ گۆگۆل

١١٤– لە زمانی چيرۆكنووسانەوە

١١٥– جيهانی چيرۆك ( كۆمەڵێك دەق ورەخنە)

١١٦– رۆبينسۆن كرۆزۆ/ ڕۆمان/ دانيل ديفۆ

١١٧– هەزار پيشە...............حەمەكەريم عارف

١١٨– چيخۆف...هنری ترۆيا

١١٩– دۆنی ئارام/١

١٢٠– دۆنی ئارام/٢

١٢١– دۆنی ئارام/٣

١٢٢– دۆنی ئارام/٤

١٢٣– دەربارەی ئۆدێسە

١٢٤– دەربارەی نامۆكەی ئەلبير كامۆ

١٢٥–ژيان و بەرهەمەكانی دۆستۆيفسكی

١٢٦–گەنجينەی ئەدەبياتی كلاسيكی جيهان

١٢٧–بەنگكێشێكی عەودالّی بەهەشت"ڕۆمان"

١٢٨– سێو و سیمرخ " کۆ حیکایەت"

١٢٩– بیرەوەرییەکانی ئانا گریگۆریڤنا دۆستۆیفسکی

١٣٠–پوشکین سەرقافڵەی ئەدەبی ڕووسی

١٣١–گۆگۆڵ،ژیان و بەرهەمی

١٣٢–ڕەبەنێکی ڕەشپۆش، چیخۆف

١٣٣– کەنیزۆ ،کۆمەڵێك چیرۆکی هەڵبژاردەی فارسی

١٣٤– پەناهەندەیەك..لە هەولێرەوە بۆ ئەمستردام (ڕۆمان)...